فريدريك باستيا

# یاسا

## دوو وتار دەربارەی ئابوری سیاسی

٢٠٠٧



ناونیشانی هەردوو وتارەکە بە ئینگلیزی:

1. The Law.
2. What is seen and what is not seen.

لە کتێبی:

Frederic Bastiat, Political Economy, Foundation for Economic Education, 1995, pp 1-47, 51-97


- کتێب : یاسا - دوو وتار دەربارەی ئابوری سیاسی
- نوسەر : فريدريك باستيا
- وەرگێڕان : چرای ئازادی
- ساڵی چاپ : ٢٠٠٧
- نۆرەی چاپ : یەکەم
- ژمارەی سپاردن (١١٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٧ ی دراوەتێ .
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- چاپخانەی:


- هەموو مافەکان پارێزراون بۆ چرای ئازادی.

## دەستپێك و سەرنج

چرای ئازادی پرۆژەیەکی رۆشنبیریی سەربەخۆیەو هەوڵدەدات لە رێگەی چاپکردنی زنجیرە کتێبو ماڵپەڕی چرای ئازادییەوە. ئەدەبیاتی فیکری لیبراڵ فەراهەم بکات.

ئەم پرۆژەیە هەوڵێکە بە ئاراستەی چەسپاندنی ئازادی تاکەکەسیو حوکمی یاساو ئازادی ئابوریدا. یەکسانبوونی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لەبەردەم یاسادا، زامنی پاراستنی ئازادی تاکەکەسیو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنییە.

هاتنە بوونی کۆمەڵگای مەدەنی بێ چەسپاندنو ناساندنی مافی تاکەکەسو یەکسانی لەبەردەم یاساو ئازادی ئابوری، دەبێتە مەحاڵو هەر فۆرمێکی سیاسی بانگێشەی پێچەوانەی ئەو چەمکە سەرەکییانە بکات، ئەوە بە ئاراستەی دژی کۆمەڵگای مەدەنیدا کاردەکات.

هەوڵی ئێمە لە چرای ئازادی بریتییە لە وەرگێڕانی دەقە گرنگەکانو لێکۆڵینەوە نوێیەکان بۆئەوەی خوێنەرانی سەرجەم توێژەکان، لە خوێندکارانی زانکۆوە بۆ سیاسەتمەدارانو پیشەوەران، سودیان لێوەربگرن.

لە داهاتووشدا هەوڵدەدەین پێگەیەك دروستبکەین بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی راستەوخۆ لەسەر ئینتەرنێتو سازدانی کۆڕو وۆرکشۆپی راهێنان لە کوردستان.

پرۆژەی چرای ئازادی بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتر کە پەیمانگای کەیتۆ لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمەریکاوە بەڕێوەی دەبات. پرۆژەکە بە چەندین زمان ماڵپەڕی هەیەو ئەرکێکی رۆشنبیری - هزریی هەیە بۆ دروستکردنی پردی لێکدی تێگەیشتو



هاریکاری نێوان کەلتورە جیاجیاکان. هەوڵێکە بۆ بنەبڕکردنی فیکری تۆتالیتاریو بەرەنگاربونەوەی دیکتاتۆریی.

دەکرێت لە رێگەی چەسپاندنی بنەما سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ئابوریو چەسپاندنی حوکمی یاساوە، کۆمەڵگاکان بەرەو کرانەوەی سیاسی هەنگاو بنێنو لەرووی ئابوریشەوە گەشە بکەن.

پرۆژەکە هەوڵی ئەوەدەدات ئەزمونە جیاجیاکانی وڵاتانی دنیا بخاتە بەردەستی خوێنەرانی کورد بۆ ئەوەی ئاگاداربن لە چۆنێتی پرۆسەی ئازادبوونو دەرئەنجامیش بنیاتنانی کۆمەڵگای مەدەنی کە تیایدا دەستەڵاتەکان جیاکراونەتەوە.

چرای ئازادی دەستەخوشکی ماڵپەری (مصباح الحریە)ی زمانی عەرەبییە کە سەرچاوەیەکی بەرفراوانی ئەدەبیاتی بیری لیبراڵەو لە هەمان کاتیشدا شیکردنەوەی ئابوریو راپۆرتی ئابوری جۆراوجۆر بڵاودەکاتەوە کە خوێندکارانی زانکۆو وانەبێژانو بڕیاردەرە سیاسییەکان دەتوانن بۆ لێکۆڵینەوەکانیان سودیان لێوەربگرن، دیسانەوە ماڵپەری دەستەخوشکی (چراغی ئازادی) یشە بە زمانی فارسیو بابەتی جۆراوجۆری تیادابڵاودەکرێتەوە.

چرای ئازادی

٢٠٠٧

ماڵپەڕەکانمان:

www.chiraiazadi.org
www.misbahalhurriyya.org
www.cheragheazadi.org
www.cato.org

## وتەیەك دەربارەی باستیا

### فرێدریک هایک

**خاوەنی خەڵاتی نوبێڵ لە ئابوریدا ساڵی ١٩٧٤**

تەنانەت ئەوانەش کە لە پایەی فریدریك باستیا وەك تیۆریستێکی ئابوری بەگومانن، دان بەوەدا دەنێن وتەبێژێکی بلیمەت بووە. جۆزیف شوومپیتەر بە"زیرەکترین رۆژنامەوانی ئابوریی کە تا ئێستا ژیابێت" ناوی دەبات.

چاپکردنی ئەم کتێبە کە دووان لە سەرکەوتووترین نوسینەکانی ئەوی گرتۆتەخۆ، لەوانەی بۆ جەماوەری نوسیون، بە باشی ئەوەمان وەبەرچاو دەخات.

لەوانەشە تا رادەیەك لەگەڵ گوزارشتە درشتو ناجۆرەکەی تری شوومپیتەریشدا بین کە دەڵێت"باستیا تیۆریست نەبوو" بێ ئەوەی ئەمە شتێکی ئەوتۆ لە پلەو پایەی نوسەرەکەمان دابەزێنێت. راستە باستیا لە کۆتاییەکانی تەمەنە زۆر کورتەکەیدا وەك نوسەر، هەوڵیداوە پاساوێکی تیۆرییانە بۆ چەمكو بۆچوونە گشتییەکانی خۆی بهێنێتەوە، بەڵام دڵی پسپۆڕان بەو نوسینانە ئاو ناخواتەوە.

بەدڵنیایی ئەوە پەرجوویەك دەبوو کە پیاوێك دوای تەنها پێنج ساڵ وەك نوسەرێکی گشتی، لە چەند مانگێکی کەمداو بەدەم نەخۆشییەکی کوشندەوە کە بەرەو لەناوچوونی دەبرد، بتوانێت بە سەرکەوتوویی بەرگری لە بیروبۆچوونەکانی بکات کە دژی بیروباوەرە باوەکان بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە پرسیار بکرێت کە ئایا بە تەنها مردنە زۆر زووەکەیەتی لە تەمەنی چلو نۆ ساڵیدا کە بواری پێنەدا ئەو کارە بکات؟ نوسینە پڕ مشتومڕەکانی باستیا، کە گرنگترین شتیشن لێیجێماون، بە دڵنیاییەوە بۆمان دەسەلمێنن کە خاوەنی تێرامانێکی قوڵ بووە دەربارەی شتە گرنگەکان، بەهرەمەندانەش رۆچۆتە ناخی



مەسەلەکانەوەو بەشێوەیەك شتەکانی بینیوە کە دەکرا ببنە مادەی پێویستی بەشدارییکردنێکی راستەقینە لە زانستدا.

هیچ شتێك بەقەدەر ناونیشانی وتاری"ئەوەی دەبینرێتو ئەوەی نابینرێت" ئەو بۆچوونەی سەرەوە روون ناکاتەوە. تا ئێستا هیچ کەسێك بە یەك دەستەواژەو ئەوەندە بە روونی باسی گرفتی سەرەکی سیاسەتێکی ئابوریی ئەقڵانییانەی نەکردووە، هەروەها پێمخۆشە ئەوەشی بۆ زیادبکەم: ئارگیومێنتێکی ئەوەندە قایلکەرانەشی دەربارەی ئازادی ئابوری پێشکەش نەکردووە.

ئەو ئایدیایەی لەو چەند وشەیەدا کۆکراوەتەوە وای لەمن کرد لە سەرەتای ئەم نوسینەدا وشەی"بلیمەت"ی بۆ بەکاربهێنم. ئەمە تێکستێکە کە مرۆڤ دەتوانێت سیستمێکی تەواوی سیاسەتی ئابوری لیبراڵی تێدا بدۆزێتەوە.

هەرچەندە ئەمە ناونیشانی تەنها یەکێکە لە وتارەکانی، بەڵام باستیا بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بیرۆکەو ئارگیومێنتانەی لە سەردەمی ئەودا باو بوون، چەندبارە ماناکەی ڕووندەکاتەوە.

دەمەوێت لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو بیروڕایانەی ئەو دژایەتیدەکردن ئەمڕۆ ئەوانە پێشکەوتوونو لە بەرگێکی زۆر ئاڵۆزدا خۆیان نمایشدەکەن، بەڵام لەدوای سەردەمی باستیاوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهاتووەو کرۆکیان وەك خۆیان ماوەتەوە. بەڵام پێش ئەوە، دەمەوێت چەند وشەیەکی کەم بڵێم دەربارەی گرنگی زیاتر گشتیی ئایدیا سەرەکییەکەی.

ئەمە بەسادەیی ئەگەر ئێمە پێوەرەکانی سیاسەتی ئابوری بە تەنها لە رێگەی کاریگەرییە راستەوخۆو بینراوەکانییەوە هەڵبسەنگێنین، ئەو کات نەك تەنها نەزمێکی زیندوو بەدەست ناهێنین، بەڵکو بەدڵنیاییەوە بەشێوەیەکی هەڵکشاو ئازادی دەسڕینەوەو بەوپێیەش زیاتر رێگە لە چاکە دەگرین لەچاو ئەوەی کە پێوەرەکانمان

بەرهەمیان دەهێنن. سەربەستی گرنگە لە پێناوی ئەوەی تاکە جیاجیاکان بتوانن هەلومەرجانە تایبەتەکان تا ئەو پەڕی بەکار بهێنن کە بە تەنها خۆیان زانینیان لەبارەیەوە هەیە.

لەبەرئەوە ئێمە هەرگیز نازانین ڕێگە لە چ کردەیەکی سودمەندانە دەگرین ئەگەر هاتوو سەربەستی ئەوانمان بۆ خزمەتکردنی هاوەڵەکانیان بە هەر شێوەیەك کە خۆیان پێیانخۆشە، سنوردارکرد. هەموو کردەکانی دەستێوەردان، ئەو جۆرە سنوردارکردنانەیان لێدەکەوێتەوە. ئەوانە بێشك، هانایان بۆ براوە بۆ ئەوەی چەند مەبەستێکی دیاریکراو بەدیبهێنن.

لەدژی دەرئەنجامە راستەخۆ بینراوەکانی ئەو کردەوانەی حکومەت، پێویستە ئێمە لە باری هەر تاکێکی دیارکراودا بتوانین تەنها ئەو گریمانە پەتییە ببینین کە کردەیەکی نەزانراو بەلاّم بەسود، لەلایەن تاکێکەوە ڕێگەی لێدەگیرێت. پێویستە هەڵوەستەی بۆ بکەین.

سەرئەنجام، ئەگەر ئەو جۆرە بڕیارانە حاڵەت بە حاڵەت درابن‌و جڵەونەکرابن لەلایەن پاشکۆکردنێکی سەربەستییەوە وەك پرەنسپێکی گشتی، ئازادی مەحکومە بەوەی بە نزیکەیی لە هەموو حاڵەتێکدا، ببەزێت.

باستیا زۆر لەسەر هەقبوو کە وەکو پرەنسیپێکی ئاکاری مامەڵەی لەگەڵ ئازادی ئیختیارکردندا کردووە کە پێویستە هەرگیز نەکرێتە قوربانی موراعاتکردنی گونجاویی‌و ئاسانی، لەبەر ئەوەی هیچ سیمایەکی سەربەستی نیە کە بەرگەی سڕینەوە بگرێت ئەگەر بێتوو تەنها ئەوکاتە ڕێزیلێبگیرێت کە ئەو زیانە راستەقینەیەی کە بەهۆی ئەو سڕینەوەیە لێیکەوتوە بەرچاو و دیاربێت.

باستیا ئارگیومێنتەکانی خۆی دژی چەند بیروڕایەکی هەڵەی هەمیشە دووبارەبووەوە ئاڕاستەکردبوو بەو شێوەیەی لە سەردەمی ئەودا هەبوون. لە ڕۆژگاری



ئەمڕۆدا کەم کەس هەن ئەوەندە بە ساویلکەیی ئەو بیروڕا هەڵانە بەکاربهێنن وەك ئەوەی لەو سەردەمەدا ڕێگەی تێدەچوو بیکەن. بەڵام با خوێنەر خۆی فریو نەدات کە گوایە هەمان ئەو بیروڕا هەڵانە چیتر ڕۆڵێکی گرنگ ناگێڕن لە گفتوگۆ ئابورییە هاوچەرخەکاندا. ئەو بیروڕا هەڵانە لە سەردەمی ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر گوزارشتیان لێدەکرێت بۆیە ناسینەوەیان زەحمەتتربووە.

ئەو خوێنەرەی وافێربووە ئەو هەڵە بەسەرچووانە لە دەرکەوتە سادەکانیاندا بناسێتەوە، لانیکەم کاتێك بۆی دەردەکەوێت هەمان دەرەنجام لەوە هاتووە کە وەها دەردەکەوێت کە ئارگیومێنتێکی زۆر زانستییانەتربێت، وریا دەبێت. بەشی زۆری ئابوری ئێستا ئەو خاسییەتەی تێدایە کە هەرەنوێترین ئارگیومێنتێکەکان هەوڵیداوە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئەو حوکمە پێشوەختانەی زۆر سەرنجڕاکێشن چونکە دەرئەنجامەکانی زۆر خۆش‌و ئیسراحەتبەخشن: سەرفکردن شتێکی باشە، پاشەکەوتکردنیش خراپە. بەفیڕۆدان قازانجبەخشەو ئابوری زیان لە کۆمەڵانی خەڵك دەدات. ئەوە ئەرکی حکومەتە سەرەوکاریی ئەوە بکات کە هەرکەسێك ئەوەی دەستکەوێت کە شایستەیەتی، هتد..هتد.

هیچکام لەم ئایدیایانە لە زەمانی ئێمەدا گوڕوتینییان لەدەستنەداوە. تاکە جیاوازی ئەوەیە کە باستیا لە جەنگی دژ بەواندا، لە بەرەی ئابوریزانە پسپۆڕەکاندابوو دژی ئەو باوەڕە باوانەی ئەو لایەنانەی لێیان سودمەندبوون، بەکاریانهێنان. لەکاتێکدا ئەمڕۆ چەندین پێشنیاری هاوشێوە لە لایەنی قوتابخانە کاریگەرەکانی ئابوریزانییەوە خراونەتە روو کە بەشێوەیەکی زۆر کارامە داڕێژراون بەڵام پیاوی ئاسایی هەر درکیشیان پێناکات.

گومانیش هەیە لەوەی کە لەناو ئەو هەڵەو پەڵانەدا کە بەهیوابووین باستیا لەناوی بردبن، هەندێکیان بەشێوەیەك لە شێوەکان نەژیابنەوە. تەنها یەك نمونە

دەهێنمەوە: بە پێی داستانە زۆر نێودارەکەی باستیا، داواکاری مۆمدروستکەران دژی کێبڕکێی خۆر، کە تێیدا داوای قەدەغەکردنی پەنجەرەیان دەکرد لەبەر خاتری ئەو سوودەی کە خۆشگوزەرانی مۆمدروستکەرەکان هەموو کەسێك دەگرێتەوە. کتێبێکی زۆر نێوداری فەرەنسی دەربارەی مێژووی ئابوری لە دوایین چاپی خۆیدا، ئەم پەراوێزەی خوارەوەی زیاد کردووە:

"پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە بە پێی کینیز – بە گریمانەی بێکاریی دەستەجەمیو بە گوێرەی تیۆرەی هاوکۆلکە⋆– ئەم ئارگیومێنتەی مۆمدروستکەرەکان بە بە تەواویی دروستە."

خوێنەری وریا تێبینیدەکات کە باستیا ململانێیی لەگەڵ گەلێك لە دەردەکانی ئابوریدا دەکرد، کە ئەمڕۆش هەموویان بە ئێمە ئاشنان، بەڵام یەکێك لە مەترسییە سەرەکییەکانی سەردەمی ئێمە لە لاپەڕەکانی ئەودا دەرناکەوێت. ئەگەرچی ئەو دەبوو مامەڵە لەگەڵ ئەو پێشنیارە سەمەرانەدا بکات کە تایبەت بوون بە بەکارهێنانی ڕەسید کە لە سەردەمی خۆیدا باو بوون، هەڵاوسانی هەڵکشاو لە ڕێگەی کورتهێنانی حکومەتەوە، لەسەردەمی ئەودا بە مەترسییەکی سەرەکی دانەدەنرا.

لای ئەو، زۆربوونی مەسرەف بە زەرورەتو دەستبەجێ مانای زیادبوونی باج دەگەیەنێت. هۆیەکەش ئەوەیە کە، لە سەردەمی ئەوداو وەك هەموو ئەو کەسانەی لە ژیانیانی خۆیاندا بە ئەزمونی هەڵاوسانێکی گەورەدا تێپەڕیون، دابەزینی بەردەوامی بەها شتێك نەبوو کە خەڵکی بتوانن بەرگەی بگرن.

ئەگەر خوێنەر هەست بکات بالآترە لەو هەڵەو پەڵە تا ڕادیەك سادانەی باستیا بەلایەوە گرنگە ڕەتبکرێنەوە، ئەوە پێویستە بیری نەچێت کە لە دیوێکی دیکەوە نەوەکەی ئەو زیاتر لە سەد ساڵ بەر لە ئێستا، زۆر لە نەوەی ئێمە داناتربوون.



⋆ لە تیۆرەی کینزی ئابوریدا، بریتیە لە دراوێك کە چەندێتی گۆڕان لە سەرجەمی داهاتدا زیاددەکات بە بەراورد لەگەڵ خستەبازاڕی سەرمایەگوزاریو وەبەرهێنانی کە هەر لە سەرەتاوە بزوێنەری گەشەکە بوون. ئەمەش زۆرجار وەك پێوەرێك دادەنرێت بۆ کاریگەرییەکانی خەرجکردنەکانی حکومەت لەبواری داهاتدا، هەروەها دەکرێت وەهاش حساببکرێت کە کاریگەرییەکە دابەشکراوە بەسەر پەراوێزی خۆشگوزەرانیدا بۆ پاشەکەوتکردن.

# ياسا

## پێشەکی

یاسا لەڕی لایداوە! لەگەڵ ئەویشدا هێزە پۆلیسییەکانی دەوڵەتیش بەلاڕێدا ڕۆیشتوون! من دەڵێم، یاسا نەك تەنها لە ئامانجە بنەڕەتییەکەی خۆی لایداوە، بەڵکو وایلێهاتووە بەرەو ئامانجێکی تەواو پێچەوانە بڕوات! یاسا لەبری ئەوەی جۆرەکانی چاوچنۆکی کۆنترۆڵ بکات، خۆی بووە بە ئامڕازێك بەدەستیانەوە! ئێستا یاسا لەجیاتی ئەوەی لە تاوان بپرسێتەوە، خۆی تاوانبارە بەو خراپەکارییانەی دەبوو سزایان بدات!

ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوە زۆر مەترسیدارە، منیش ئەرکی ئاکارییم داوام لێدەکات برا هاوڵاتییەکانم لەوە وریا بکەمەوە.

## ژیان دیاری یەزدانە

ئێمە دیارییەکی یەزدانمان لە خۆماندا هەڵگرتووە. ئەو دیارییەش ژیانمانە، ژیانی جەستەیی‌و هزری‌و ئاکاریمان.

بەڵام خۆ ژیان خۆی ناتوانێت پارێزگاریی لە خۆی بکات. لەبەرئەوە ئەفرێنەری ژیان، بەرپرسیارێتی پاراستن‌و پێشخستن‌و کاملکردنی خستۆتە ئەستۆی ئێمە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، خودا چەند توانست‌و بەهرەو ئامادەییەکی سروشتییانەی زۆر دلگیری پێبەخشیوین. یەزدان ئێمەی خستۆتە ناو جۆرەها سەرچاوەی سروشتی جیاجیاوە. ئێمەش لە ڕێگای وەگەڕخستنی توانستەکانمان لەو سەرچاوە سروشتییانەدا، دەیانگۆڕین بۆ بەرهەم‌و بەکاریاندەهێنین. ئەم پرۆسێسە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ژیان ڕەوتی دیاریکراوی خۆی بگرێتە بەر.

ئادەمیزاد ژیان‌و توانست‌و بەرهەمە، بە واتایەکی دیکە، تاکایەتی‌و ئازادی‌و موڵك. ئەم سێ دیارییە ، وێڕای هەموو فرت‌وفێڵەکانی سەرکردە سیاسییە ئۆینبازەکان، لە



یەزدانەوە هاتوون‌و پێش هەموو یاساکانی مرۆڤ کەوتوون‌و دەشکەونە سەرووی هەموویانەوە.

هۆی هەبوونی ژیان‌و ئازادی‌و موڵك ئەوە نیە کە مرۆڤ یاسای داناوە، بە پێچەوانەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ژیان‌و ئازادی‌و موڵك، پێشوەخت هەبوون‌و ئەوان بوونەتە هۆی ئەوەی ئادەمیزاد بیر لە دانانی یاساکان بکاتەوە.

## یاسا چیە؟

کەواتە یاسا چیە؟ یاسا ڕێکخستنی دەستەجەمییانەی مافەکانی تاکە، تا بتوانێت داکۆکییەکی یاساییانە لە خۆی بکات.

هەریەك لە ئێمە مافێکی سروشتی (لە یەزدانەوە) پێبەخشراوە بۆ داکۆکیکردن لە خودی خۆی، ئازادی خۆی، موڵکی خۆی. ئەمانە سێ پێداویستی بنچینەیی ژیانن، پارێزگارییکردن لە هەر یەکێکیان بە تەواویی پشت بە پاراستنی دوانەکەی دی دەبەستێت. توانستەکانی ئێمە چین جگە لە بەرینکردنەوەی تاکایەتی خۆمان؟ موڵك چیە جگە لە بەرینکردنەوەی توانستەکانمان؟

هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە تەنانەت هێزیش بەکاربهێنێت بۆ داکۆکیکردن لە خودی خۆی، ئازادی خۆی، موڵکی خۆی، لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی گروپە مرۆییەکان مافی ئەوەیان هەیە هێزێکی هاوبەش لە نێوانی خۆیاندا ڕێکبخەن بۆ پاراستنی بەردەوامی ئەو مافانەیان. هەر بۆیەشە پرەنسیپی مافی دەستەجەمی (هۆی هەبوون‌و یاساییبوونیشی) لەسەر بناغەی مافی تاك دامەزراوە. شتێکی لۆجیکیشە کە ئەو هێزە هاوبەشەی پارێزگاریی لەم مافە دەستەجەمییە دەکات، هیچ مەبەستێك یان ئەرکێکی نەبێت جگە لەوەی وەك پاسەوانی ئەو مافە دەستەجەمییە کاربکات. تاك ناتوانێت بەشێوەیەکی یاسایی هێز بەکاربهێنێت دژی خود، ئازادی، یان موڵکی تاکێکی

دی، کەواتە هێزی هاوبەشیش (لەبەر هەمان هۆ) ناتوانێت بەشێوەیەکی یاساییانە هێز بەکاربهێنرێت بۆ خاپوورکردنی خود، ئازادی موڵکی تاکەکان یان گروپەکان.

لە هەردوو حاڵەتەکەدا، ئەمجۆرە قەدەغەکردنەی هێز، لە خزمەتی پەیمانەکەماندا دەبێت. ئێمە هێزمان پێدراوە بۆ داکۆکیکردن لە مافە تاکانییەکانی خۆمان. کێ دەوێرێت بڵێت ئێمە هێزمان پێدراوە بۆ وێرانکردنی مافە یەکسانەکانی براکانمان؟ هیچ کردەوەیەکی تاکانە ناتوانێت بەشێوەیەکی یاسایی هێز بەکاربهێنێت بۆ وێرانکردنی مافەکانی ئەوانیدی، ئایا ئەمە بەپێی لۆجیك، نابێتە هۆی ئەوەی هەمان پرەنسیپ بەسەر هێزی هاوبەشیشدا پیادە ببێت کە جگە لەوەی تێکەڵەیەك بێت لە هێزی تاکەکان، شتێکی دیکە نیە؟

ئەگەر ئەمە راست بێت، ئەوا هیچ شتێك لەمە روونو ئاشکراتر نیە: یاسا رێکخستنی مافی سروشتییانەی داکۆکیکردنی یاساییانەیە. یاسا جێگەی هێزی هاوبەشی پێکهاتوو لە هێزی تاکەکان دەگرێتەوە. دەشبێت ئەم هێزە هاوبەشە هەر ئەوە بکات کە هێزە تاکانەکان مافی سروشتیو یاسایی خۆیانە بیکەن: تاکەکان، ئازادییەکان، موڵکەکان بپارێزێت، پارێزگاری لە مافی هەریەکێکیان بکات، ببێتە هۆی ئەوەی دادپەروەری باڵ بەسەر هەمووماندا بکێشێت.



## حکومەتێکی داد پەروەرو بەردەوام

بەلای منەوە، ئەگەر وڵاتێك لەسەر ئەم بنەمایانە دابمەزرێت، ئەوە پێڕەویکردن لە یاسا، لە هزریشو لە کرداریشدا باڵ بەسەر گەلەکەیدا دەکێشێت. پێموایە ئەو دەوڵەتە دەتوانێت سادەترینو ساناترین سنوری ئابوری، موڵکایەتی، دادپەروەریو بەردەوامی ئەندێشەکراو بۆ هاوڵاتییان زامن بکات، ئیتر ئەو دەوڵەتە خاوەنی هەر فۆرمێکی سیاسی بێت.

لە سایەی ئیدارەیەکی وەهادا، هەموو کەس لەوە تێدەگات کە خۆی خاوەنی هەموو ئیمتیازو بەرپرسیارێتییەکانی بوونی خۆیەتی. هیچکەس گێرەوکێشەی لەگەڵ حکومەتدا نابێت، چونکە رێزی لێگیراوە، کاری ئازادە، بەرهەمی کارەکەشی لە هەموو هێرشێکی نادادپەروەرانە پارێزراوە. لەکاتی سەرکەوتنماندا، ناچار نابین سوپاسی دەوڵەت بکەین بۆ سەرکەوتنمان، بە پێچەوانەشەوە، ئەو کاتانەی لەکارێکدا نوشوستی دەهێنین، نەهامەتییەکانمان ناخەینە ئەستۆی دەوڵەت، وەك چۆن وەرزێرەکان بۆیان نیە لە کاتی لافاو یان وشکەساڵیدا گلەیی لە دەوڵەت بکەن. تەنها ئەو کاتە هەست بە دەوڵەت دەکەین کە حکومەتەکەی سەرقاڵی دابینکردنی ئاسایش دەبێت.

دەتوانین لەوەش زیاتر بڕۆینو بڵێین مادام حکومەت دەست ناخاتە کاروباری تاکەکانەوە، ئیتر خواستەکانمانو تێرکردنیشیان بەشێوەیەکی لۆجیکییانە خۆیان پێشدەخەن. خێزانی هەژار نابینین نانیان نەبێتو قسەی خۆشیان بۆ بکرێت. شاران نابینین لەسەر حیسابی ناوچە گوندییەکان ئاوەدان بووبنەوە، ناوچەی گوندیش نابینین لەسەر حیسابی شارەکان ئاوەدان بووبنەوە. جێگۆڕکێی زۆری سەرمایە، کار، دانیشتوان دانبینین کە هۆیەکەی بڕیارە یاساییەکان بێت.

بەڵام دەوڵەت لە جێگای خۆیدا نەماوە، بەوەش سەرچاوەکانی بوونمان مۆڵەقبوون‌و دووچاری مەترسی بوون. وێڕای ئەوەش ئەو کردەوانەی روودەدەن، بەرپرسیارێتی زیاترو زیاتریان لە ئەستۆی حکومەت بارکردووە.

## بەلاڕێدابردنی تەواوی یاسا

بۆ بەدبەختی، یاساش بە هیچ شێوەیەك خۆی بۆ وەزیفەكانی خۆی تەرخان نەكردووە، بەڵكو لە وەزیفەكانی خۆی لایداوە، ئەم كارەشی تەنها بە چەند رێگایەكی ناشایستەو گوماناوی نەكردووەو بەس، بگرە لەوەشی تێپەڕاندووە. یاسا راستەوخۆ دژی ئامانجەكەی خۆی كار دەكات. یاسا بەكاردەهێنرێت بۆ وێرانكردنی ئامانجەكەی خۆی: پیادەدەكرێت بۆ نابوتكردنی ئەو دادپەروەرییەی دەبێت پارێزگاریی لێبكات، بۆ سنوردارکردن‌و وێرانكردنی ئەو مافانەی ئەركی راستەقینەی ئەو پاراستنیانە. یاسا هێزە دەستەجەمیەكەی والێكردووە بێپەرواو بێ ئەوەی خۆی بخاتە مەترسییەوە، سەرقاڵی ئەوە بێت كە خود، ئازادی، موڵكی ئەوانیدی هەپرون بە هەپرون بكات. بۆ ئەوەی تاڵانچییان بپارێزێت، هاتووە تاڵانكردنی گۆڕیوە بۆ ماف. داكۆكی یاساییانەشی گۆڕیوە بۆ تاوان، تا سزای داكۆكیكردنی یاساییانە بدات.

ئەم بەلاڕێدابردنەی یاسا چۆن ئەنجامدرا؟ ئەی سەرەنجامەكانی چی بوون؟

دوو هۆی تەواو لێكجیاواز یاسایان بەلاڕێدا بردووە: چاوچنۆكی گەمژانەو خۆپەرستی بێفەڕ.

با باسی یەكەمیان بكەین:



## مەیلێكی كوشندە لە مرۆڤدا

خود بەلاڕێدابردن‌و خود پێشخستن، دوو ئارەزوون لە هەناوی هەمووخەڵكیدا هەن. ئەگەر هەموو كەسێك بۆی هەبێت بێسنور توانستەكانی‌و خواستی ئازادانەی خۆی بۆ كاری بەرهەمدار بەكاربهێنێت، ئەوا پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی بەردەوام دەبێت‌و نوشوستی ناهێنێت.

بەڵام مەیلێكی دیكەش لەناو خەڵكدا باوە. هەر كاتێك بۆیان بلوێت، حەزدەكەن لەسەر حیسابی ئەوانیدی بژین‌و راببوێرن. ئەمە تۆمەتباركردنێكی بێمروەتانە نیە. لە رۆحێكی نوتەك‌و بێسەخاوەتیشەوە نەهاتووە. تۆمارەكانی مێژوو شایەتی راستی ئەمەن: جەنگە بێپایانەكان، رەوكردنە بەكۆمەڵەكان، ئەشكەنجەدانی ئاینییانە، كۆیلایەتی جیهانی، دەستپێسی لە بازرگانیدا، هەروەها قۆرخكردنە جۆراوجۆرەكانیش. رەگوڕیشەی ئەم ئارەزووە كوشندەیە بە سروشتی مرۆڤدا رۆچووە – رەگی لەو رەمەكە بەراییە سەركێشەدایە كە پاڵی پێوەدەنێت تا بە كەمترین رەنجكێشان ئارەزووەكانی خۆی تێر بكات.

## موڵك‌و تاڵانی

مرۆڤ دەتوانێت بە كاركردنی بەردەوام، بە تافیكردنەوەی بەردەوامی توانستەكانی خۆی لەسەر سەرچاوە سروشتییەكان، گوزەران بكات‌و ئارەزووەكانیشی تێربكات. ئەم پرۆسەیە سەرچاوەی موڵكایەتییە.

بەڵام دەشتوانێت بە داگیركردن‌و هەڵلوشینی بەرهەمی كاری ئەوانیدی بژی‌و ئارەزووەكانی خۆی تێربكات، ئەم پرۆسەیەیان سەرچاوەی تاڵانییە.

لەبەرئەوەی مرۆڤ بەشێوەیەكی سروشتی وەها رەخساوە كە خۆی لە ئازار لابدات (كاركردنیش خۆی لە خۆیدا ئازارە) بۆیە هەركاتێك تاڵانكردن لە كاركردن

ئاسانتربوو، مرۆڤەکان هانا دەبەنە بەر تالآنو برۆ. مێژوو ئەمەمان زۆر بە روونی پیشاندەدات. لەم هەلومەرجانەشدا نە ئایینو نە ئاکارێتی ناتوانێت بەری پێبگرێت.

کەواتە کەی تالآنی رادەوەستێت؟ ئەو کاتە رادەوەستێت کە ئازاری تالآنیکردن لە ئازاری کارکردن زیاتر دەبێتو مەترسیشی زیاتر دەبێت. ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە ئامانجی شایستەی یاسا ئەوەیە دەسەلآتی هێزی دەستەجەمی بەکاربهێنێت بۆ راوەستاندنی ئەم مەیلە کوشندەیەی تالآنی لەبری کار. پێویستە هەموو پێوەرەکانی یاسا پارێزگاری لە موڵکایەتی بکەنو سزای تالآنکردن بدەن.

بەلآم بەشێوەیەکی گشتی، یەك پیاو یان یەك چین یاسای داناوە. مادامیش یاسا ناتوانێت بێ زەمانەتو پشتیوانی هێزی بالآدەست بکەوێتە گەڕ، ئەوا پێویستە متمانەی ئەو هێزە ببەخشرێت بەوانەی یاساکان دادەنێن.

ئەم راستیە، کە تێکەڵ بووە لەگەڵ ئەو مەیلە کوشندەیەی کە لە قووڵایی ناخی مرۆڤدا هەیە بۆ تێرکردنی خواستەکانی بە کەمترین خۆڕەنجاندن، زۆر بە باشی هۆی بەلارێدا بردنی گەردونییانەی یاساکان رووندەکاتەوە. شتێکی ئاسانە لەوە تێبگەین چۆن یاسا، لەبری لێپرسینەوەی نادادپەروەری، بووە بە چەکی دەرۆستنەهاتووی دەستی نادادپەروەری. زۆر ئاسانە لەوە تێبگەین بۆچی یاسادانەر لە ئاستی جیاجیادا یاسای بەکارهێناوە بۆ ئەنجامدانی وێرانکاریی، بۆچی هەوڵیداوە سەربەخۆیی تایبەتی هاوڵاتییان بە کۆیلایەتی، ئازادییان بە سەرکوتکردن، موڵکایەتیشیان بە تالآنکردن، لەناوببات. ئەمە بۆ بەرژەوەندی ئەو کەسە دەکرێت کە یاسا دادەنێت، بە قەدەر ئەو دەسەلآتەشە کە هەیەتی.



## قوربانییانی تالآنو برۆی یاسایی

مرۆڤەکان بەشێوەیەکی سروشتی دژی ئەو نادادپەروەرییە رادەپەڕن کە خۆیان دەبن بە قوربانییەکانی. بۆیە، کاتێك تالآنی لە لایەنی یاساوەو بۆ قازانجی ئەوانەی یاسا دادەنێن، رێکخراوەو کەوتۆتە گەڕ، ئیتر هەموو چینە تالآنکراوەکان بەشێوەیەك لە شێوەکان هەوڵدەدەن (بە ئاشتی بێت یان بە شۆڕش) بەشداریی لە یاسادانانەدا بکەن. بەمجۆرەو بەپێی ئاستەکانی رۆشنبیربوونیان، ئەو چینە تالآنکراوانەی هەوڵدەدەن دەسەلآتی سیاسی بەدەستبهێنن، پێشنیاری یەکێك لە دوو مەبەستی جیاواز دەکەن: یان تالآنکردنی یاسایی رابوەستێنن، یاخود خۆشیان بەشداریی تێدا بکەن.

وای بۆ وڵات کاتێك ئامانجی دووهەمیان دەیدات لە کەللەی قوربانییانی تالآنو برۆی یاسایی، وای بۆ ئەو کاتەی ئەو چینە تالآنکراوانە دەسەلآت وەردەگرن بۆ ئەوەی خۆیان یاسا دابنێن!

تا ئەو کاتەی ئەوە دەقەومێت، ژمارەی ئەوانەی تالآنی یاسایی دەکەنو زۆرینە رووتدەکەنەوە کەمە، کەمن ئەوانەی لە پرۆسەی تالآنکردنەکەدا بەشداردەبنو مافی بەشداریکردن لە دانانی یاسادا قۆرخکراو دەبێت بۆ چەند کەسێکی کەمو خۆیان یاسا دادەنێن. بەلآم کە ئەوە روویدا، ئیتر هەموو خەڵکی هەوڵدەدەن بە بەرپاکردنی هەڵمەتێکی تالآنیکردنی سەرانسەریی، بەرژەوەندییە زەوتکراوەکانیان هاوسەنگبکەنەوە. ئیتر لەبری ئەوەی نادادپەروەری لە کۆمەڵگادا ریشەکێش بکەن، نادادپەروەری دەکەن بە شتێکی گشتی. هەرئەوەندەی چینە تالآنکراوەکان دەسەلآتی سیاسییان بەدەستهێنا، یەکسەر سیستمێك بۆ تۆڵەستاندنەوە لە چینەکانی دی دادەنێن. ئەو چینانە تالآنکردنی یاسایی پووچەڵناکەنەوە (چونکە ئەم کارە پێویستی بە رۆشنبیرییەکی لەوەی ئەوان زیاتر)، بەڵکو لەبری ئەوە لاسایی پێشینە

خراپەکارەکانی خۆیان دەکەنەوەو ئەوانیش تاڵانکردنی یاسایی پیادە دەکەن، گەرچی دژی بەرژەوەندی خۆشیان بێت.

وەك بڵێیت، دەبێت پێش ئەوەی سەردەمی دادپەروەری بەرپا ببێت، هەموو لایەك ئەشکەنجەو ئازار بچێژن (لە راستیدا بەشێك لەو ئەشکەنجەیە خراپەکارییەکانی خۆیانە)و بەشێکیشی هۆی کورتبینییانە.

## ئاکامەکانی تاڵانکردنی یاسایی

شتێکی مەحاڵە بتوانین گۆڕانکارییەکی گەورەترو خراپەیەکی گەورەتر لە کۆمەڵگادا بدۆزینەوە: گۆڕانی یاسا بۆ ئامرازی تاڵانکردن. دەرەنجامەکانی ئەم گۆڕانە چین؟ پێویستیمان بە چەندین کتێب هەیە بۆ باسکردنی هەموویان. بۆیە پێویستە لێرەدا بەوەندەوە بوەستین کە ئاماژە بۆ گرنگترینیان بکەین.

هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێت بێ رێزگرتن لە بە ئاستێکی دیاریکراوی یاسا، گوزەران بکات. سەلامەتترین رێگاش بۆ رێزگرتن لە یاسا ئەوەیە، یاساگەلێك دابنرێن کە شایستەی رێزلێگرتن بن. ئەگەر یاساو رەوشت لەگەڵ یەکتریدا ناکۆك بن، ئەوا هاوڵاتی بە ناچاری رووبەڕووی دوو بەدیلی ناشایستە دەبێتەوە: یان ئەوەتا هەستی رەوشتییانەی خۆی لەدەستبدات، یاخود رێزی بۆ یاسا نەمێنێت. دەرەنجامی ئەم دوو بەدکارییەش یەکسانن. هەڵبژاردنی هەریەکێکیان کارێکی دژوارە. یاسا ئەوەیە دادپەروەری بپارێزێت. ئەمە شتێکە لە مێشکی هەموو خەڵکیدا هەیە، لای هەمووان یاساو داد یەك شتو هەمان شتن. لە هەموو حاڵەتەکانیشدا، هەمووان لەوباوەڕەدا دەبن کە هەر شتێك یاسایی بێت، ئەوا شەرعییشە. ئەم باوەڕە بەجۆرێك تەشەنەی کردووە کە گەلێك کەس بەهەڵە وادەزانن شتەکان دادپەروەرانەن چونکە یاسا وایلێکردوون. بۆیە بۆ ئەوەی تاڵانکردن وەك کارێکی دادپەروەرانە بێتە پێشچاوو



لەناو ئاگایی زۆربەدا پیرۆز بێت، تەنها هەر ئەوەندە پێویستە کە یاسا پیرۆزی بکاتو رێگای پێبدات. بە تەنها ئەو کەسانە داکۆکی لە کۆیلایەتیو قەدەغەکارییو قۆرخکردن ناکەن کە لێیان سودمەندن، بەڵکو لەناو ئەوانەشدا کە بەدەستیانەوە دەناڵێنن، لایەنگیریی خۆی هەیە.

## چارەنوسی خەڵکە ناڕازییەکان

ئەگەر گومان بخەیتە سەر ئاکارێتی ئەو دەزگایانە، بە دەنگی بەرز پێت دەڵێن"تۆ شتی مەترسیدار دەهێنیتە تاو ناوان، یۆتۆپیت، تیوریستیت، گێرەشێوێنیت، تۆ ئەو بنەمایانە داغان دەکەیت کە کۆمەڵگا لەسەریان راوەستاوە."

خۆ ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە بچیت لە زانکۆ دەربارەی ئاکارێتی یان زانستی سیاسی، وانە بڵێیتەوە، چەندین دەزگا لێت ڕادەپەڕنو راپۆرت دەدەن بە حکومەتو دەڵێن"چیتر ئەو زانستە لە گۆشەنیگای بازرگانیی ئازادەوە نارِوانێت، واتە گۆشەنیگای (ئازادی، موڵکایەتی، دادپەروەری)، ئەوەی هەتا ئێستا کردوویەتی، بەڵام ئیتر وا نیە. پێویستە زانست لە گۆشەنیگای راستییەکانەوە بوترێتەوەو یاساش پیشەسازی فەرەنسی رێکبخات (ئەو راستیو یاسایانەی خۆیان لەگەڵ ئازادیو موڵکایەتیو دادپەروەریدا ناکۆکن). هەڵوێستی حکومەت لە وانەوتنەوە ئاواهییە، چونکە بەپێی ئەو یاسایانەی لە ئێستادا هێزو تینیان هەیە، قەدەغەیە پرۆفیسۆر بیەوێت کەمترین مەترسی بخاتەوە".

بۆیە ئەگەر یاسایەك بوار بدات کۆیلایەتی یان قۆرخکردن، سەرکوتکردن یان دزیکردن، بە هەر شێوەیەك بێت، ئەنجامبدرێت، دەبێت خۆمانی لێ گێل بکەین. چونکە هەرئەوەندەی باسمانکردو ئاماژەمان پێدا، ئیتر ئەو رێزەی هەیەتی دەڕوشێت.

پێویسته ئاکارێتیو ئابوری سیاسی له گۆشەنیگای ئەو یاسایەوە بوترێنەوە کە هەن، چونکە مادام یاسایە، ئەوا یاسایەکی دادپەروەرەو تەواو.

کاریگەرییەکی دیکەی ئەم بەلارێدابردنەی یاسا ئەوەیە کە گرنگییەکی زۆر دەدات بە لایەنگیریو ناکۆکییە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی گشتی، بایەخ دەدات بە سیاسەتبازی. من دەتوانم بە هەزار رێگا ئەمە بسەلمێنم، بەڵام بە مەبەستی کورتکردنەوە، خۆم بە بابەتێکەوە سنورداردەکەم کە بەم دواییانە مێشکی هەموو لایەکی داگرتووە: دەنگدانی گشتی.

## دەبێت کێ فەرمانڕەوایی بکات؟

هاوەڵانی قوتابخانەی بیرکردنەوەی رۆسۆییانە. ئەوانەی خۆیان زۆر بە پێشکەوتوو دەزانن‌و منیش پێموایە بیست سەدە لە دواوەن. لەم بۆچوونەمدا هاوڕام نابن. بەڵام من لێرەدا وشەی دەنگدانی گشتی بە مانا راستەوخۆکەی بەکاردەهێنم.

ئەم وشەیە یەکێك نیە لەو دۆگما پیرۆزانەی کە هەڵسەنگاندنی یان گومانلێکردنی تاوان بێت. لە راستیدا، دەتوانین چەندین ناڕەزایی سەخت بەرامبەری دەنگدانی گشتی بخەینە روو.

سەرەتا، وشەی (گشتی) بەدگۆییەکی زۆر زبری لەخۆیدا حەشارداوە. بۆ نمونە (٣٦) ملیۆن کەس لە فەرەنسادا هەیە. بۆیە، ئەگەر مافی دەنگدان گشتی بێت، ئەوا پێویستە (٣٦) ملیۆن دەنگدەرمان هەبێت. بەڵام لە پیادەکردنی بەرینترین سیستمدا، تەنها (٩) ملیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەیە. واتە سێ چارەکی گەل بێبەرییکراون. چارەکەکەی دی ئەوانی بێبەریی کردووە. ئەم چارەکە پرەنسیپی ناشایستەیی کردووە بە بیانوویەك بۆ بێبەریکردنی ئەوانیدی.



کەواتە، دەنگدانی گشتی تەنها بۆ ئەوانە دەنگدانی گشتییە کە بەتوانان. بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: کێ شایستەیە؟ ئایا کەمینەکان، مێینەکان، دێوانەکان، ئەو کەسانەی تاوانی گەورەیان لەدەست قەوماوە، بە تەنها هەر ئەمانە شایستە نین؟

## بۆچی دەنگدان سنووردارەدەکرێت؟

دوای پشکنینێکی وردتری بابەتەکە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بە شێوەیەکی سەرەکی، ئەو پاڵنەرەی دەبێتە هۆی بەخشینی مافی دەنگدان، پشتدەبەستێت بە گریمانەی ناشایستەیی. پاڵنەرەکە ئەوەیە کە دەنگدەر تەنها لە پێناوی خۆیدا مومارەسەی ئەم مافە ناکات، بەڵکو لە پێناوی هەمووانیدا دەیکات. لەم ڕووەوە بەرفراوانترین سیستمی هەڵبژاردن‌و سنوردارترین سیستمی هەڵبژاردن هاوشێوەن، جیاوازییان تەنها لەمەدایە: ناشایستەیی چۆن دەستنیشان دەکرێت. ئەمەش جیاوازیی بنەما نیە، بەڵکو جیاوازییە لە پلەدا. ئەگەر مافی دەنگدان، وەکو کۆمارییەکانی ئەمڕۆمان، ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی ڕۆمانیو یۆنانین، دەڵێن، لەگەڵ لەدایکبووندا بە مرۆڤ ببەخشرێت، ئەوا بێبەشکردنی گەورەکان‌و ژن‌و منداڵان لە مافی دەنگدان کارێکی نادادپەروەرانەیە. بۆچی ڕێگەیان لێ دەگیرێت؟ چونکە بە ناشایستە لەقەڵەمدەدرێن. بۆچی ناشایستەیی هۆیەکە بۆ وەدەرنان؟ چونکە تەنها دەنگدەر خۆی رووبەڕووی دەرئەنجامەکانی دەنگەکەی نابێتەوە، بەڵکو دەنگی هەر تاکە کەسێك کاریگەریو جێدەستی لە سەر سەرجەم کۆمەڵگا جێدەهێڵێت. چونکە خەڵکی لە کۆمەڵگادا مافی ئەوەیان هەیە داوای چەند مەرجێکی پارێزگاری وەها بکەن کە بوون‌و خۆشگوزەرانییان پشتی پێدەبەستێت.

## چارەسەر سنووردارکردنی یاسایە

دەزانم لە وەڵامی ئەم پێشنیارەدا چی دەگوترێتو بەرهەڵستییەکان چی دەبن، بەڵام ئێرە جێگەی ئەوە نییە مشتومڕێك بەرپابکەم، بۆیە دەمەوێت لێرەدا تەنها سەرنج بدەین کە ئەگەر یاسا بۆ هەمیشە هەر ئەوە بێت کە هەیە ئەوا ئەم بێنەوبەرەیە دەربارەی مافی گشتیی دەنگدان (وەك زۆرێکی دی لە مەسەلە سیاسییەکان) ئەویش گەلان دەجوڵێنیو دەوروژێنیو هەڵیاندەگێڕێتەوە هەموو گرنگییەکی خۆی لە دەستدەدات.

لە ڕاستیدا ئەگەر یاسا وابەستەی پاراستنی خەڵكو ئازادیو سامان بێت، ئەگەر یاسا بێجگە لە کۆکردنەوەیەکی ڕێکخراوی بەرگری لەخۆکەری مافەکانی تاك هیچی تر نەبێت، ئەگەر یاسا ڕێگرو رەقیبو سزادەری هەموو تاڵانیو چەوساندنەوەیەك بێت، ئایا ئەو کات، رووبەڕووی ئەم مشتومڕە نابینەوە دەربارەی مافی دەنگدان؟

لە ژێر کاریگەریی ئەم بارودۆخەدا، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بەرفراوانبوونی مافی دەنگدان، چاکە رەهاکە (ئاشتی گشتی) بخاتە مەترسییەوە؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە چینە دوورخراوەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چاوەڕوانی ئەو کاتە بکەن کە تێیدا مافی دەنگدانیان پێدەدرێت؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە بەوپەڕی ئیرەییەوە بەرگری لەو مافو بەخشش نەکەن؟ ئەگەر یاسا بخرێتە چوارچێوەی وەزیفە ڕاستەقینەکانی خۆیەوە، ئەوا هەموو کەس بە هەمان شێوە گرنگی بە یاسا دەدەن. ئایا ئەوەش تەواو ئاشکرا نییە کە لە ئاوها بارودۆخێکدا ئەوانەی کە دەنگ دەدەن ئازاری ئەوانە نادەن کە دەنگ نادەن؟



## بیرۆکەی کوشندەی تاڵانی یاسایی

بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە، لە بنەمایەکی ئاوەها کوشندە رابمێنە: لە ژێر ناوی ڕێکخستنو یاساو ڕێساو پاراستنو هاندانەدا، یاسا سامان لە کەسێك وەردەگرێتو دەیگوازێتەوە بۆ کەسێکی دیکە، یاسا سامانی هەمووان وەردەگرێتو دەیداتە کەمینە - جا چ ئەمانە جوتیار، پیشەساز، کەشتیدار، هونەرمەند یان کۆمیدیان بن. لە ئاوها بارودۆخێکدا بە دڵنیاییەوە هەموو چینێك هەوڵدەدات یاسا لە بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوەو ئەمەش شتێکی لۆجیکیە.

چینە دوورخراوەکان شێلگیرانە داوای مافی دەنگدان دەکەنو بەلایانەوە ئەوە باشترە کە دەست لە کۆمەڵگا بەربدەن، نەك دەسبەرداری ئەو مافە ببن. تەنانەت سواڵکەرو بێنەواکانیش دەتوانن بیسەلمێنن کە دەنگدان مافێکی حاشاهەڵنەگری خۆیانە. ئەوانیش دێنو پێت دەڵێن:

"ئێمە ئەگەر باج نەدەین، ناتوانین خواردنەوەو جگەرەو تەنانەت خوێش بکڕین. بەشێکیش لەو باجەی ئێمە دەیدەین لە ڕێگەی یاساوە (وەکو ئیمتیازو یارمەتی دارایی) دەدرێتە ئەوانەی لە ئێمە دەوڵەمەندترن. هەندێك لەوانیش یاسا بەکاردەهێنن بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نانو گۆشتو ئاسنو جلوبەرگ. بەمجۆرە، چۆن هەموو کەسێك هەوڵدەدات یاسا لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکاربهێنێت، ئێمەش دەمانەوێت یاسا لە بەرژەوەندی خۆماندا بەکاربهێنین. ئێمە داوا دەکەین یاسا بەهانامانەوە بێت، ئەو بەهاناوە هاتنەش بریتیە لە تاڵانکردنی پیاوی هەژار. بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافەش پێویستە ببین بە دەنگدەرو یاسادانەر، تا لە پێناوی چینەکەماندا، پیشەی سواڵکردن لە پلەیەکی بەرزدا پۆلێن بکەین. هەروەك چۆن ئێوەش لە پێناوی چینەکەی خۆتاندا، پاراستنتان لە پلەیەکی بەرزدا پۆلێن کردووە. پێشمان مەڵێن ئەی سواڵکەرینە ئێوە لە جیاتی ئێمە کاردەکەنو دواتریش وەکو

میستەر میمێرڵ پێشنیار دەکات (٦٠٠) هەزار فرەنکمان بۆ فڕێدەن هەتا دەمکوتمان بکەن، وەك ئەوەی ئێسقانێکمان بۆ فڕێدەن هەتا بیکرێنینەوە. ئێمە چەندین داواکاریی دیکەشمان هەیە. ئێمەش دەمانەوێت وەکو چینەکانی دیکە، لە پێناوی خۆماندا سەوداو مامەڵە بکەین!"

لە وەڵامی ئەم ئارگیومێنتەدا چی بڵێین؟

## یاسای گەندەڵ دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ

کاتێك دان بەوەدا دەنێین کە یاسا لە مەبەستە راستەقینەکەی خۆی لایداوە... واتە لە جیاتی ئەوەی سامان بپارێزێت، دەستدرێژیی دەکاتە سەر سامان. . . ئەوکات هەموو کەسێك هەوڵدەدات بەشداری لە دانانی یاسادا بکات هەتا خۆی لە تالانکران بپارێزێت یان بەکاریبهێنێت بۆ تالانکردنی ئەوانیتر. مەسەلە سیاسیەکان هەمیشە ستەمکارو زیانبەخش‌و خوێنمژانەن. جەنگەکە لەبەردەم دەرگای کۆشکی ئەنجومەنی یاسادانانداا دەبێت‌و توندوتیژی ململانێکەی ناوەوەش هیچی لەو جەنگە کەمتر نییە. بۆ زانینی ئەمەش هێندە پێویست نیە بزانیت لە نێو ئەنجومەنی یاسادانانی فەرەنساو ئینگلتەرادا چی ڕوودەدات، تەنها ئەوەندەی لە مەسەلەکە تێبگەیت دەگەیتە وەڵامەکە. ئایا پێویستە بەڵگە بۆ ئەوە بهێنینەوە کە ئەم گەندەڵبوونە قێزەونەی یاسا سەرچاوەیەکی هەمیشەییە بۆ سەرهەڵدانی ڕق‌و ململانێ‌و دەبێتە هۆی وێرانکردنی کۆمەڵگا؟ ئەگەر ئاوها بەڵگەیەك پێویست بێت ئەوا بڕوانە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٨٥٠ دا. وڵات نییە لە جیهاندا بەو شێوەیە تێیدا یاسا لە بواری گونجاوی خۆیدا بەکارهاتبێت: پاراستنی ئازادی‌و سامانی هەمووان. لە ئەنجامی ئەمەشدا هیچ وڵاتێك نییە لە جیهاندا تێیدا ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە سەر بنەمایەکی هێندە جێگیر



چەسپابێت، بەڵام تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیشدا دوو مەسەلە هەیە (تەنها دوو مەسەلە) کە هەمیشە ئاشتی گشتی دەخاتە مەترسییەوە.

## کۆیلایەتی‌و گومرگ هەردوکیان تالانکردنن

ئەو دوو مەسەلەیە چین؟ کۆیلایەتی‌و گومرگ. تەنها لەم دوو مەسەلەیەدا، یاسا بە پێچەوانەی رۆحی گشتیی یلایەتە یەکگرتووەکانەوە، بەرگی تالان دەپۆشێت. کۆیلایەتی بەکارهێنانی یاسایە بۆ دەستدرێژیکردنە سەرئازادی. گومرگیش بەکارهێنانی یاسایە بۆ دەستدرێژیکردنە سەر سامان. ئەوەی زۆر روون‌و ئاشکرایە ئەوەیە کە دەشێت ئەم دوو تاوانە یاساییە (کە بەشێوەیەکی دڵتەزێن دێرینن) ببنە هۆی وێرانکردنی یەکێتییەکە. لە ڕاستیدا مەحاڵە، لە ناوجەرگەی کۆمەڵگایەکدا، وێنای ڕاستییەکی لەمە سەرسوڕهێنەرتر بکەیت: یاسا هاتووە بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی نادادپەروەری. ئێستاش ئەگەر ئەم راستییە دەرئەنجامی مەترسیدار بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان بهێنێت (کە تەنها دەرئەنجامی کۆیلایەتی‌و گومرگ دەبێت) ئەی دەبێت چ دەرئەنجامێك بۆ ئەوروپایەك بهێنێت کە تێیدا گەندەڵیی یاسا خۆی لە خۆیدا بنەمایە، سیستمە؟

## دوو جۆر تالانچێتی

میستەر دو مۆڵتارمبێرت (سیاسی‌و نوسەر) بیرۆکەیەك دەهێنێتەوە کە ئاگادارکردنەوەیکی بە ناوبانگی میستەر کارلیەر لە خۆ دەگرێت:"ئێمە دەبێت دژی سوسیالیزم بجەنگین."بەپێی پێناسەکەی میستەر چارلس دوپین بۆ سوسیالیزم، مەبەستی ئەوەیە بڵێت:"دەبێت لە دژی تالانکردن بجەنگێین."

بەڵام ئەو باسی لە چ جۆرە تاڵانییەك كردووە؟ چونكە لە راستیدا دوو جۆر تاڵانی هەیە: یاسایی‌و نایاسایی. بڕوا ناكەم بە تاڵانی نایاسایی، وەكو دزی‌و فریودان، (كە یاسای سزادان پێناسەیان دەكات‌و سزایان دەدات) بگوترێت سوسیالیزم. نەخێر ئەمە ئەو جۆرە تاڵانییە نییە كە بە شێوەیەكی ڕێكخراو هەڕەشە لە بنەماكانی كۆمەڵگا دەكات. بە هەر حاڵ جەنگ لە دژی ئەم جۆرە لە تاڵانكردن، هەرگیز چاوەڕێی فەرمانی ئەم بەڕێزانەی نەكردووە. جەنگ دژی تاڵانكردنی نایاسایی هەر لە سەرەتای دروستبوونی جیهانەوە دەستیپێكردووە. ماوەیەكی زۆر پێش شۆڕشی شوباتی ١٨٤٨(تەنانەت زۆر پێش دەركەوتنی سوسیالیزمیش)، وڵاتی فەرەنسا بە مەبەستی جەنگان لە دژی تاڵانكردنی نایاسایی، پۆلیس‌و حاكم‌و جەندرمەو زیندان‌و كۆتوبەندی دەستەبەر كردووە. یاسا خۆی ئەم جەنگە بەڕێوە دەبات‌و خواست‌و باوەڕی من وەهایە كە پێویستە یاسا هەمیشە ئەم بۆچونەی هەبێت دەربارەی تاڵانچێتی.

## یاسا بەرگری لە تاڵانچێتی دەكات

وێڕای ئەوەش، یاسا هەمیشە ئەم جەنگە ناكات بەڵكو هەندێجار یاسا بەرگری لە تاڵانچێتی دەكات‌و بەشداریشی تێدا دەكات. بەم شێوەیەش سودمەندانی تاڵانچێتی لەو دڵەڕاوكێ‌و مەترسی‌و ئابڕووچوونەی كە پێدەچێت كردەوەكانیان بۆیان بهێنێت، ئاسودە دەبن. هەندێجار یاسا سەرجەم دادوەرو پۆلیس‌و زیندان‌و جەندرمەكانی دەخاتە خزمەتی تاڵانچییەكانەوەو وەكو تاوانباریش مامەڵە لەگەڵ قوربانیدا دەكات (كاتێك بەرگری لە خۆی دەكات). رەنگە ئەم تاڵانچێتیە یاساییە تاكە لەكەیەك بێت لەنێو رێو ڕەسمەكانی یاسادانانی مرۆڤدا. ئەگەر وابێت، ئەوا سەرەڕای هەراوهوریای



بەرژەوەندییە تایبەتەكان، ئەمە باشترین رێگەیە بۆ سڕینەوەی بە بەكارهێنانی كەمترین گوتارو ناڕەزاییدەربڕین.

## چۆن تاڵانچێتی یاسایی دەناسرێتەوە

بەڵام چۆن ئەم تاڵانچێتیە یاساییە دەناسرێتەوە؟ بەو پەڕی سادەیی: ئەگەر یاسا شتگەلێك لە خاوەنەكانی بسەنێتەوەو بیداتە كەسانێكی تر كە خاوەنیان نین، ئەگەر یاسا لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییەكدا بێت لە سەر حسابی هاوڵاتییەكی دی، بە شێوەیەك كە هاوڵاتی یەكەم بەبێ ئەو یاسایە نەتوانێت ئەو بەرژەوەندییە بەدەستبهێنێت مەگەر تاوانێك ئەنجام بدات.

لەم حاڵەدا بێ یەك‌و دوو، دەستبەجێ ئەو یاسایە بسڕەرەوە، چونكە نەك تەنها خۆی شەڕەنگێزییە، بەڵكو دەشبێتە سەرچاوەیەكی بە پیت بۆ شەڕەنگێزیی زیاتر، چونكە هەموو تاوانێك تۆڵەسەندنەوە بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

ئەگەر ئەوها یاسایەك – كە دەشێت تاكە حاڵەتێك بێت – دەسبەجێ نەسڕێتەوە ئەوا بڵاو دەبێتەوەو گەشە دەكات‌و زیاد دەكات تا وای لێدێت دەبێت بە سیستم. ئەو كەسەی یاساكە خزمەتی دەكات، بۆ بەرگریكردن لە مافە وەدەستهاتووەكانی، هەمیشە ناڕەزایی دەردەبڕێت. ئەو دەڵێت"حكومەت ناچارە پیشەسازییە تایبەتییەكەی من بپارێزێت‌و هانیبدات، چونكە ئەمە حكومەت دەوڵەمەند دەكات‌و دەشزانێت ئەم پیشەسازییە پارێزگاریلێكراوە دەتوانێت پاشەكەوتی زیاتر بكات‌و كرێی زیاتر بداتە كرێكارانی هەژار."

هەرگیز گوێ لەم سۆفیستە مەگرە، قسەكانی بەرژەوەندیی تایبەتییان لەپشتەوەیە. پەسەندكردنی ئەم جۆرە ئارگیومێنتە تاڵانچێتی یاسایی دەكاتە سیستەمێكی كامڵ. لە ڕاستیدا ئەمە شتێكە كە روویداوە. وەهمی ئەم سەردەمە

بريتييە لە هەوڵدان بۆ دەوڵەمەندكردنی هەمووان لە سەر حسابی هەمووان، بريتييە لە بەجيهانيكردنی تالأنچێتی بە بيانووی دەستبەسەردا گرتنی.

## تالأنچێتيی ياسايی ناوی زۆرە

دەشێت تالأنچێتی ياسايی بە ڕێگاگەلێكی بێشومار ئەنجامبدرێت. هەربۆيەشە بێشومار ڕێگامان هەيە بۆ ڕێكخستنی: گومرگ، پاراستن، قازانج، يارمەتی دارايی، هاندان، باجدانانی گەشەسەندوو، قوتابخانە گشتييەكان، پيشەی گەرەنتيكراو، كرێی نزم، مافی فرياكەوتن، مافی ئامرازەكانی كار، بيمەی بێ بەرامبەر، هتد. . . هەموو ئەم پيلانانە (لەگەڵ مەبەستە سەرەكييەكەيان كە تالأنچێتی گشتييە) سوسياليزم پێكدەهێنن.

لە بەر ئەوەی بەپێی ئەم پێناسەيە، سوسياليزم ڕێبازە، ئايا دەشێت جگە لە جەنگی ڕێباز، بە چ شتێكی دی هێرش بكرێتە سەری؟ ئەگەر ئەم ڕێبازە سوسياليزمييە بە هەڵە، بێمانا يان بە شەڕەنگێز دەزانيت، كەواتە بەرپەرچی بدەرەوە. لە سەروو هەموو شتێكيشەوە گەر دەتەوێت بە هێز بيت هەموو بەشێكی سۆسياليستی كە دەشێت خزابێتە نێو ياسادانانەوە لە رەگەوە هەڵكێشە. ئەمەش كارێكی ئاسان نييە.

## سوسياليزم تالأنچێتييەكی ياساييە

ميستەر مۆنتالمبێرت بەوە تاوانباردەكرێت كە خوازيارە توندوتيژی بەكاربهێنێت لە جەنگدا لە دژی سوسياليزم، بەڵام دەبێت ئەم تاوانەی لەسەر لابرێت چونكە ئەو بە ئاشكرا دەڵێت:"لە جەنگەكەماندا دژی سوسياليزم دەبێت رەچاوی ياساو شەرەفو دادپەروەری بكەين."



بەڵام بۆچی ميستەر مۆنتالمبێرت نابينێت كە خۆی خستۆتە بازنەی شەڕەنگێزييەوە؟ تۆ دەتەوێت ياسا بەكاربهێنيت بۆ دژايەتيكردنی سوسياليزم؟ بەڵام سوسياليزم خۆی پشت بە ياسا دەبەستێت. سوسياليستيەكان دەخوازن تالأنچێتی ياسايی پيادە بكەن نەك تالأنچێتی ناياسايی. سوسياليستيەكان، وەكو قۆرخكەرانی تر، دەخوازن ياسا بكەنە چەكی خۆيان. هەر كە جارێكيش ياسا لايەنی سوسياليزمی گرت چۆن دەكرێت جارێكی تر لە دژی بەكاربهێنرێت؟ چونكە كاتێك تالأنچێتی لەلايەن ياساوە پشتگيريی لێدەكرێت ئەوكات لە دادگاو جەندرمەو زيندانەكانت ناترسێت، بەڵكو لەوانەيە پەناشيان بۆ بەرێت و دوای يارمەتييان لێبكات.

بۆ ڕێگەگرتن لەم كارەش، پێويستە نەهێڵين سوسياليزم دزەبكاتە نێو ياسا دانانەوە؟ نەهێڵين سوسياليستيەكان بچنە نێو كۆشكی ياسادانانەوە؟ پێموابێت هەتا تالأنچێتيی ياسايی كاری سەرەكی ئەنجومەنی ياسادانان بێت، ئەمە سەرناگرێت، هەر گريمانەكردنی پێچەوانەی ئەمەش نالۆجيكييە.

## چارەسەر

دەبێت يەكجارو بۆ هەتاهەتايە، مەسەلەی تالأنچێتی ياسايی يەكلايی بكرێتەوە، ئێمە ئەم سێ ئيختيارەمان لەبەردەستدايە:

١. كەمينە زۆرينە تالأن بكات.

٢. هەمووان هەمووان تالأن بكەن.

٣. كەس هيچ كەس تالأن نەكات.

دەبێت لە نێوان تالأنكردنی سنووردارو تالأنی جيهانیو نەبوونی تالأنيدا يەكێكيان هەڵبژێرين.

تالاَنی یاسایی سنووردار: ئەم سیستمە ئەو کاتە گەشەی کردو بالاَ دەست بوو کە دەنگدان سنووردارکرا. دەشێت بۆ ڕێگەگرتن لە تەشەنەکردنی سوسیالیزم هانا بۆ ئەم سیستمە ببەین.

تالاَنیی یاسایی جیهانی: دوای ئەوەی مافی دەنگدان بوو بە دیاردەیەکی جیهانی، ئیتر کەوتینە بەر هەڕەشەی ئەم سیستمە. ئەو زۆرینەیەی خاوەنی مافی دەنگدانە، بڕیاریدا یاسا لە سەر هەمان بنەماکانی تالاَنچێتی یاسایی دابڕێژنەوە، ئەوانەی پێشینانیان لە ماوەی سنوردارکردنی دەنگداندا، بەکاریانهێنابوون.

نەبوونی تالاَنچێتی یاسایی: ئەمە بنەمای دادپەروەریو ئاشتیو ئارامیو ئاسایشو هارمۆنیبوونو لۆجیکە.

هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم بە هەموو توانای سییەکانمەوە (کە بە داخەوە زۆر ناساغن)• ئەم پرەنسیپە دەڵێمەوە.

## وەزیفەی راستەڤینەی یاسا

ئایا بێجگە لە نەهێشتنی تالاَنچێتی، دوای شتێکی تر لە یاسا دەکرێت؟ ئایا یاسایەك کە (کە پێویست دەکات لە پێناو جێبەجێکردنیدا هێز بەکاربهێنرێت) بێجگە لە ئەرکی پاراستنی مافی هەمووان هیچ ئەرکێکی تری پێدەسپێردرێت؟ دەست دەکەم بەچاوی هەرکەسێکدا کە بڵێت یاسا لەم مەبەستە تێپەڕێت بێ ئەوەی ئەرکە راستەڤینەکەی بشێوێتو دواجار نەشگاتە مەبەستێك کە دژی ماف بێت. ئەمەش کوشندەترینو نالۆجیکیانەترین شێواندنی کۆمەلاَیەتییە کە دەشێت ئەندێشەی

• لە کاتی نوسینی ئەم بابەتەدا، باستیا دەیزانی بە نەخۆشیی سیل دەمرێت. لە ماوەی ساڵێکیشدا بەو نەخۆشیە کۆچی دووایی کرد.



بکەین. دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە چارەسەری راستەڤینە (هێندەی لە بواری پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکاندا شوێنپێی هەڵگیرابێت) خۆی لەم چەند وشە سادەیەدا دەبینێتەوە: یاسا دادپەروەریی ڕێکخراوە.

ئێستا دەبێت ئەمەش بگوترێت: کاتێك دادپەروەری بە یاسا ڕێکدەخرێت واتە بە (هێز)، ئەمە بیرۆکەی بەکارهێنانی یاسا (هێز) دژی هەر چالاکییەکی مرۆیی دووردەخاتەوە (هەرچییەك بێت): کار، خێرخوازی، کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی، پەروەردە، هونەر یان ئاین. بێگومان ڕێکخستنی هەر یەکێك لەمانە بە یاسا دەبێتە هۆی تێکدانی ڕێکخراوە سەرەکییەکە- دادپەروەری، چونکە بێگومان ناتوانین ئەندێشەی ئەوە بکەین کە یاسا لە دژی ئازادیی هاولاَتیان بەکاربهێنرێت بێ ئەوەی لە دژی دادپەروەریش بەکاربهێرێت، ئەمەش کارکردنە دژی مەبەستە راستەڤینەکەی خۆی.

## ئەفسونی سوسیالیزم

لێرەدا رووبەڕووی باوترین هەڵەی سەردەمەکەمان دەبمەوە. هێندە بەس نییە یاسا دادپەروەر بێت، بەڵکو دەبێت لە هەمانکاتدا مرۆڤدۆستیش بێت. هەروەها هێندەش بەس نییە گەرەنتی ئەوە بداتە هاولاَتی تا تواناکانی خۆی بۆ گەشەپێدانی خود لە رووی جەستەییو ئەقڵیو رەوشتییەوە، بێ زیانبەخشین بەکاربهێنێت، بەڵکو دەبێت یاسا راستەوخۆ خۆشگوزەرانیو پەروەردەو رەوشتخوازی لە سەرانسەری نەتەوەدا پەرەپێبدات. ئەمەیە ئەفسونی سوسیالیزم. دووپاتیشی دەکەمەوە: ئەم دوو بەکارهێنانەی یاسا تەواو دژ بە یەکن. دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرین، چونکە هاولاَتی ناتوانێت لە هەمان کاتدا ئازادو نائازادیش بێت.

## برایەتی سە پێنراو ئازادی تێکدەشکێنێت

جارێکیان میستەر دو لامارتین ئەمەی بۆ نوسیبووم"رێبازەکەی تۆ نیوەی بەرنامەکەی منە. تۆ لە ئازادیدا دەوەستیت، من دەگەمە برایەتی". منیش بەمشێوەیە وەلامم دایەوە:"بەشی دووهەمی بەرنامەکەت بەشی یەکەمی تێکدەشکێنێت."

لە راستیدا مەحاڵە بۆ من بتوانم وشەی برایەتی لە وشەی خۆبەخشین جیابکەمەوە. پێدەچێت نەتوانم لەوە تێبگەم کە چۆن دەکرێت بۆ تێکشکاندنی یاسا بەشێوەیەکی یاسایی، برایەتی بە شێوەیەکی یاسایی بسەپێنرێت، کە ئەوەش کرا، دادپەروەری بەشێوەیەکی یاساییانە دەخرێتە ژێر پێوە.

تالانچێتی یاسایی دوو ڕەگی هەیە: یەکێکیان، وەکو پێشتریش وتم، چاوچنۆکی مرۆڤەو ئەوی دیکەشیان بریتیە لە مرۆڤدۆستیی ساختە.

لێرەشدا دەبێت روونی بکەمەوە کە دەقاودق مەبەستم لە وشەی تالانچێتی چییە.

## تالانچێتی سنوری خاوەندارێتی دەبەزێنێت

من ئەو وشەیە بە مانایەکی نادیارو شاراوەو مەجازی بەکارناهێنم، بەڵکو بە مانا زانستییەکەی بەکاریدەهێنم . . وەك دەربڕینی بیرۆکەی دژە سامان (کرێ، زەوی، پارە یان هەر شتێکی تر). کاتێك بەشێك لە سەروەتێك لە خاوەنەکەیەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی دیکە (بێ ئەوەی مۆڵەت لە خاوەنە راستەقینەکەی وەربگیرێت یان قەرەبوو بکرێتەوە، چ لە رێگەی هێزەوە بێت یان لە رێگەی ساختەبازییەوە) ئەو کات من دەڵێم سامان دەستدێژییکراوەتە سەرو تالانچێتی ئەنجامدراوە.



دەڵێم ئەمە دەقاو دەق ئەو کارەیە کە دەبێت یاسا هەمیشەو لە هەموو جێگایەك تێیبسرەوێنێت. کاتێك یاسا خۆی ئەو کارە ئەنجامدەدات کە دەبوو سەرکوتی بکات، دەڵێم تالانچێتی هێشتا بەردەوامەو دووپاتیشی دەکەمەوە کە لە روانگەی کۆمەڵگاو خۆشگوزەرانیەوە ئەم جۆرەی دەستدرێژیکردنە سەر ماف لەوەی پێشوو خراپترە. هەرچەندە لەم بارەی تالانچێتی یاساییدا ئەو کەسەی قازانج دەکات بەرپرس نییە لە کاری تالانکردنەکە، بەڵکو بەرپرسیارێتیی ئەم تالانچێتییە دەکەوێتە ئەستۆی یاساو یاسادانەرو کۆمەڵگا خۆی. لێرەشەوە مەترسییە سیاسیەکە سەرهەڵدەدات چونکە دەبێت لەوە پاشگەزببینەوە کە تالانچێتی تاوانە. بێهوودە هەوڵمدا وشەیەکی بێوەی بدۆزمەوە چونکە هەرگیز نەمویستووە (بە تایبەت ئێستاش) وشەیەکی جاڕسکەر لە ناکۆکیەکەماندا بەکاربهێنم. بەم شێوەیەش، بڕوام پێبکرێت یان نا، رایدەگەیەنم مەبەستم نییە هێرش بکەمەسەر نیازو ئاکارخوازی هیچ کەسێك بەڵکو هێرش دەکەمە سەر بیرۆکەیەك کە پێموایە هەڵەیە، سیستمێك کە نادادپەروەرانە دێتە بەرچاو، نادادپەروەرییەك هێند دوورە لە نیازی تایبەتی تاکەکەسەوە، کە هەر یەکێك لە ئێمە لێی سوودمەند دەبێت بێ ئەوەی خۆی بیەوێتو بەدەستیشیەوە دەناڵێنێت بێ ئەوەی هۆی نالاندنەکە بزانێت.

## سێ سیستمی تالانچێتی

لێرەدا دڵسۆزیی پارێزکاران‌و سوسیالیزم‌و کۆمۆنیزم ناخرێتە ژێر پرسیارەوە. هەرکەسێك ئەوها کارێك بکات دەبێت کەوتبێتە ژێر کاریگەریی رۆحێکی سیاسی یان ترسێکی سیاسیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوە روونبکرێتەوە کە پارێزکاری‌و سوسیالیزم‌و کۆمۆنیزم لە بنەڕەتدا سێ قۆناغی گەشەکردنی یەك رووەکن. ئەوەی شایانی وتنە ئەوەیە تالانچێتی لە کۆمۆنیزمدا بەرچاوترە ئەویش لە بەر ئەوەی لە

پارێزکارییدا تاڵانچێتی تایبەتە بە چەند گروپو پیشەسازییەکی تایبەت•. بەم شێوەیەش لە نێو هەر سێ سیستمەکەدا سوسیالیزم ئاڵۆزترینو یەکلایینەکەرەوەترینیانەو دواجاریش گونجاوترین قۆناغە بۆ گەشەکردنی تاڵانچێتی.

وەڵێ نیازی کەسەکان دڵسۆزانەبێت یان نا، ئەوە ناخرێنە ژێر پرسیارەوە. لە راستیدا پێشتریش ئەوەم دووپاتکردەوە کە تاڵانچێتی یاسایی تا رادەیەك پشت بە مرۆڤدۆستی دەبەستێت (با مرۆڤدۆستییەکی ساختەش بێت). با لە ڕێگەی ئەم روونکردنەوەیەشەوە بەهای (بنەچەو پاڵنەری) ئەم بڵندخوازییە باوە شیبکەینەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە ڕێگەی تاڵانچێتیی گشتییەوە، خۆشگوزەرانی گشتی دابیندەکات.

## یاسا هێزە

لەبەر ئەوەی یاسا دادپەروەری ڕێکدەخات، سویالیستیەکان دەپرسن بۆچی یاسا کارو پەروەردەو ئاینیش ڕێکناخات. بۆچی یاسا بۆ ئەم مەبەستانەش بەکارناهێنرێت؟ چونکە ناتوانێت کارو پەروەردەو ئایین ڕێکبخات. دەبێت ئەوەمان لە یادبێت کە یاسا هێزەو دواجاریش ناکرێت ئەرکە رەواکانی یاسا، بەشێوەیەکی یاساییانە درێژببنەوە بۆ ئەودیو ئەرکە رەواکانی هێز.

---

• ئەگەر ئیمتیازی پاراستنی حکومەت لە دژی پێشبڕکێ – قۆرخکردن – بدرایە بە یەك گروپ لە فەرەنسادا، بۆ نموونە پیشەوەرانی ئاسن، ئەوا ئەم کارە هێند بە ئاشکرا دەبووە تاڵانچێتییەکی یاسایی کە نەدەکرا بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بەردەوام بێت. لەبەر ئەم هۆیەشە کە دەبینین سەرجەم بازرگانییە پارێزراوەکان لە یەك هۆکاری هاوبەشدا کۆبونەتەوە. تەنانەت بە شێوەیەك خۆیان ڕێکدەخەن کە وەکو نوێنەری سەرجەم چینی کرێکاران دەربکەون. لە خۆوە وا هەستدەکەن کە تاڵانچێتی یاسایی بە گشتگیرکردنی لە چاو ونده‌بێت.



کاتێك یاساو هێز کەسێك لە نێو سنورەکانی دادپەروەریدا دەهێڵنەوە بێجگە لە نەفیکردنێك هیچی تر ناسەپێنن بەڵکو تەنها ناچاریدەکەن کە دووربکەوێتەوە لە ئازاردانی کەسانی تر. نە کەسێتی، نە ئازادیو نە موڵکی ئەو کەسە پێشێل ناکەن. پارێزگاریی لە سەرجەم ئەم شتانە دەکەن چونکە لە راستیدا بەرگریکەرن، بە شێوەیەکی یەکسان بەرگری لە مافی هەمووان دەکەن.

## یاسا بۆچونێکی نێگەتیڤە

بێ زیانیی ئەو ئەرکەی لە لایەن یاساو بەرگریی یاساییەوە دەسپێردرێت بەڵگەنەویستە، بێسوودییەکەشی ئاشکرایەو شەرعییەتەکەشی جێگەی مشتومڕ نییە. وەکو یەکێك لە هاوڕێکانم وتی ئەم بۆچوونە نێگەتیڤە لەمەڕ یاسا هێندە راستە کە ئەم راگەیاندنە: (مەبەستی یاسا ئەوەیە کە دادپەروەری بگەیەنێتە ئەو رادەیەی کە حوکم بکات) راگەیاندنێکی زۆر ورد نییە. لە راستیدا دەبوو بیوتایە: (مەبەستی یاسا ڕێگەگرتنە لە حوکمی نادادپەروەری) چونکە لە راستیدا ئەوە نادادپەروەرییە، نەك دادپەروەری، کە خۆی لە خۆیدا بوونی هەیە. دادپەروەری تەنها لەو کاتەدا بەدەست دێت کە نادادپەروەری بوونی هەبێت. وەڵێ کاتێك یاسا، تەنگ بە میتۆدێك یان بابەتێکی پەروەردەیی تایبەت کە بەسەر مرۆڤدا سەپێنراوە (جا چ باوەڕێکی ئاینی یان ڕێبازێك بێت)، هەڵدەچنێت، ئەوکات یاسا چیدی نێگەتیڤ نییە چونکە چالاکانە کار لە سەر مرۆڤ دەکات. لەمبارەدا یاسا ویستی یاسادانەر دەگۆڕێت بە ویستی خەڵکی خۆیانو دەستپێشکەرییەکانی یاسادانەر دەگۆڕێت بە دەستپێشکەریی خەڵکی خۆیان. کاتێك ئەمە روودەدات خەڵکی چیدی پێویستیان بەوە نامێنێت کە لە بابەتەکان بدوێنو بەراورد بکەنو پیلان بۆ داهاتوو دابنێن چونکە یاسا لە جیاتی ئەوان ئەو

کاره دەکات. ئەوکات ژیریی دەبێتە پایەیەکی بێسوود بۆ خەڵکی، چیدی مرۆڤ نابن، کەسێتیو ئازادیو سامانی خۆیان لەدەست دەدەن.

هەوڵبدە وێنای یاساوڕێسایەکی کاربکەیت کە لە ڕێگەی هێزەوە سەپێنرابێت بەبێ ئەوەی پێشێلکەری ئازادی بێت، وێنای گواستنەوەیەکی سامان بکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر سامان. ئەگەر نەتتوانی ئەم دژیەکانە بەیەکەوە بگونجێنیت ئەوا دەبێ بگەیتە ئەو دەرئەنجامەی کە ناکرێت یاسا کارو پیشەسازی ڕێکبخات بەبێ ئەوەی لە لە گەڵیدا نادادپەروەری ڕێکبخات.

## ڕێبازی سیاسی

کاتێک سیاسەتکارێک لە گۆشەی ئۆفیسەکەیەوە لە کۆمەڵگا دەڕوانێت، ئەو نادادپەروەرییەی دەیبینێت توشی شۆکی دەکات. بە بینینی بێبەشیو بێدەرامەتی خەڵك خەفەت دەخوات، ئەوەی دووچاری زۆرێك لە براکانمان بۆتەوە، بێبەشییەك کە کاتێك لەگەڵ سامانو خۆشگوزەرانیدا بەراورد دەکرێت، زۆر خەماویتر دێتە پێشچاو. پێویستە ئەم سیاسەتکارە لەخۆی بپرسێت: بڵێی ئەم بارودۆخە لە ئەنجامی سەرکەوتنو تاڵانکاریی چەندین جەنگی کۆندا ڕوویدابێت، یان دەبێت لە ئەنجامی تاڵانچێتی یاسایی هاوچەرخترەوە هاتبێتە ئاراوە؟ پێدەچێت دواجار پێویست بێت بگاتە ئەم گریمانەیە: هەموو کەسەکان بیانەوێت بگەنە ئەوپەڕی باشیو بێکەموکوڕی بوون، ئایا بارودۆخێك کە دادپەروەری تێیدا سەقامگیر بێت بەس نییە بۆ ئەوەی وامانلێبکات زۆرترین هەوڵی پێشکەوتن بدەینو مەزنترین یەکسانی (یەکسانییەك کە لە گەڵ بەرپرسیارێتییەکانی تاکدا بگونجێت) کە ئەگەری بەدیهێنانی هەبێت، بەدەستبهێنین؟ ئایا ئەمە لەگەڵ بەرپرسیارێتیی تاکدا ناگونجێت، ئەوەی یەزدان بۆ مرۆڤی ویستووە تا بتوانێت لە نیوان چاکەو خراپەدا خاوەنی هەڵبژاردن بێتو دواجار پاداشت یان سزا وەربگرێت؟ بەڵام سیاسەتکارەکە هەرگیز بیر لەمە ناکاتەوە. ئەو زیاتر بیر لە ڕێکخستنو تێکەڵکردنو ئامادەکاری (یاسایی بێت یان تەنها بە رووکەش یاسایی بێت) دەکاتەوە. دەیەوێت لە ڕێگەی زیادکردنو درێژەپێدانی ئەو شتەوە کە هەر لە سەرەتاوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی خراپەکاری، چارەسەری خراپەکاریی بکات: تاڵانچێتی یاسایی. ئێمە بینیمان دادپەروەری بۆچونێکی پۆزەتیڤە، ئایا تەنها یەکێکیش لەنێو ئەم کردە یاساییە پۆزەتیڤانەدا هەیە کە بنەمای تاڵانچێتی لە خۆی نەگرێت؟

## یاساو خێرخوازی

تۆ دەڵێیت"کەسانێك هەن بێپارەن." ئینجا روو لە یاسا وەردەگێڕیت. بەڵام یاسا نە مەمکێکە کە خۆی لێوانلێو بکات لە شیرو نە بۆرییە شیرهێنەرەکانیشی لە سەرچاوەیەکی دەرەوەی کۆمەڵگاوە شیریان پێدەگات. هیچ شتێك ناچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییەك یان چینێك، بێ ئەوەی هاوڵاتییەکی تر یان چینێکی تر ناچاربکرێت بینێرێت. ئەگەر هەرکەسێك چەندی ناردووە بۆ خەزێنە، ئەوەندەش رابکێشێت، ئەوا یاسا کەس تاڵان ناکات. بەڵام ئەم ڕێو شوێنە هیچ سودێکی بۆ ئەوانە نابێت کە پارەیان نییە. لە راستییدا ئەمە بە هیچ شێوەیەك خزمەتی یەکسانی داهات ناکات. یاسا ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی یەکسانی کە شتگەلێك لە کەسانێك دەسەنێت تا بیداتە کەسانێکی تر، وەلێ لە راستیدا هەر لەبەر ئەم هۆیە یاسا دەبێتە ئامرازێك بۆ تاڵانی. بە رەچاوکردنی ئەم راستییە گەر لە تاریفەی گومرگی پارێزراو و یارمەتی دارایيو قازانجی گەرەنتیکراو و پیشەی گەرەنتیکراو و نەخشەی فریاگوزاریو خۆشگوزەرانیو پەروەردەی گشتیو باجدانانی گەشەسەندوو و

قەرزی بێبەرامبەرو کاری گشتی بکۆڵێتەوە، دەبینیت هەمیشە پشتیان بە تاڵانچێتی یاسایی‌و نادادپەروەریی ڕێکخراو بەستووە.

## یاساو خوێندن

تۆ دەڵێیت"کەسانێك هەن لە خوێندن بێبەشن." پاشان روو لە یاسا وەردەگێڕیت. بەڵام خۆ یاسا خۆی لە خۆیدا مەشخەڵێك نییە بۆ خوێندن کە پرشنگی هەموو دەوروبەر بگرێتەوە. یاسا بە ناو کۆمەڵگایەکدا دەکشێت کە هەندێك لە تاکەکانی خاوەنی مەعریفەن‌و هەندێکی تریان خاوەنی نین، کۆمەڵگایەك کە تێیدا هەندێك لە هاوڵاتیان پێویستیان بە خوێندنەو هەندێکی تر دەتوانن تێیدا وانە بڵێنەوە. لەم بارەشدا یاسا تەنها دوو ئەڵتەرناتیڤی هەیە: دەکرێت ڕێگە بدات ئەم ئاڵوگۆڕەی فێرکردن‌و خوێندن بە سەربەستی‌و بەبێ بەکارهێنانی هێز کاربکات، یان دەشێت فشاربخاتە سەر ئیرادەی مرۆڤ بەوەی پارە لە کەسانێك وەربگرێت تا بیداتە ئەو مامۆستایانەی لە لایەن حکومەتەوە دامەزرێنراون تا بێ بەرامبەر وانە بڵێنەوە. بەڵام لەم بارەی دووهەمیاندا یاسا مومارەسەی تاڵانچێتی یاسایی دەکات بەوەی کە دەستدرێژیدەکاتە سەر ئازادی‌و سامانی خەڵکی.

## یاساو ئاکار

تۆ دەڵێیت" فەرموو، ئەوەش کەسانێکی بێ رەوشت‌و بێدین." ئیتر روو لە یاسا وەردەگێریت. بەڵام دەبێت بزانیت یاسا هێز و پێویستیش ناکات ئەوە بخەمە روو کە بەکارهێنانی هێز لە مەسەلەی ئاکارو دیندا چ هەولێکی توندوتیژو بێکەڵکە. پێدەچێت سوسیالیستەکان، هەرچەندە لە خۆشیان دڵنیابن، نەتوانن خۆیان لە بینینی ئەم تاڵانچێتییە یاساییە وەحشیانەیە گێل بکەن کە لە ئەوها سیستمێك دەکەوێتەوە.



بەڵام ئایا سوسیالیستەکان چی دەکەن؟ ئەوان ژیرانە رقیان لەم تاڵانچێتییە یاساییە دەبێتەوە کە کەسانی تر (یان تەنانەت خۆشیان) لەژێر ناوی فریودەری وەکو یەکێتی‌و برایەتی‌و ڕێکخستن‌و هاوکاریدا پیادەی دەکەن. چونکە ئێمە داوای شتێکی کەم لە یاسا دەکەین (تەنها دادپەروەری) لێرەوە سوسیالیستەکان وایدادەنێن ئێمە دژی یەکێتی‌و برایەتی‌و ڕێکخستن‌و هاوکاری دەوەستینەوە. لە راستیدا ئێمە حاشا لەو جۆرە پەیوەندیانە دەکەین کە بە هێز دەسەپێنرێن، دژی پەیوەندیی ئازادانە نین. ئێمە حاشا لە برایەتی سەپێنراو دەکەین نەك برایەتی راستەقینە. ئێمە حاشا لەو یەکبوونە دەستکردە دەکەین کە جگە لە بێبەشکردنی خەڵکی لە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی هیچی تری پێناکرێت. ئێمە حاشا لەو یەکبوونە سروشتییەی مرۆڤەکان ناکەین کە دەکەوێتە ژێر سایەی سۆزی یەزدانەوە.

## تێکەڵبوونی زاراوەکان

سوسیالیزم، وەکو سەرجەم ئەو هزرە دێرینانەی لێیانەوە سەریهەڵداوە، ناتوانێت حکومەت‌و کۆمەڵگا لە یەك جیابکاتەوە، لە ئەنجامدا هەرکاتێك رووبەڕووی شتێك ببینەوە کە لە لایەن حکومەتەوە ئەنجامدرابێت، سۆسیالیستیەکان دەگەنە ئەو ئەنجامەی ئێمە رووبەرووی ئەنجامدانی کارەکە خۆی بوینەتەوە. ئێمە پرۆسەیەکی خوێندن ناسەلمێنین لە لایەنی حکومەتەوە ئەنجامبدرێت، لە ئەنجامدا سۆسیالیستەکان دەڵێن ئێوە بە یەکجاری دژی خوێندنین. ئێمە لە دژی ئاینێك دەوەستین کە حکومەت دەیسەپێنێت، لە ئەنجامدا سۆسیالیستیەکان دەڵێن ئێمە هیچ ئاینێکمان پێ قبوڵ نییە. ئێوە دژی یەکسانییەك دەوەستینەوە کە حکومەت دەیسەپێنێت‌و دواجار دەڵێن ئێوە دژی یەکسانیین. . . . . هتد. . . ئەمە لەوە دەچێت

که سوسیالیستەکان تاوانبارمان بکەن بەوەی کە ئێمە نامانەوێت خەڵکی نان بخۆن، تەنها لەبەرئەوەی نامانەوێت حکومەت گەنم بچێنێت.

## کاریگەریی نوسەرە سوسیالیستەکان

نازانم لە کوێوە سیاسییەکان بڕوایان بەم بیرۆکە سەیرە هێناوە کە دەبێت یاسا شتگەلێکی وەها بەرهەمبهێنێت کە لە ناو یاسا خۆیدا بوونی نیە، وەکو سامانو زانستو ئاینیش، کە لە روانگەیەکی پۆزەتیڤانەوە، خۆشگوزەرانی دەهێنێت؟ ئایا ئەمە کاریگەریی نوسەرە مۆدێرنەکانە لەسەر مەسەلە گشتییەکان. نوسەرانی ئەمڕۆ (بەتایبەتیش ئەو نوسەرانەی سەر بە قوتابخانەی سوسیالیستین) لە تیورییە جۆراوجۆرەکانیاندا پشت بە گریمانەیەکی باوەبەستن: ئەوان مرۆڤ دەکەن بە دوو گروپەوە: گروپی یەکەم بریتییە لە خەڵکی بەشێوەیەکی گشتی (جگە لە نوسەرەکە خۆی). گروپی دووهەمیش بریتییە لە نوسەرەکە خۆی بە تەنها (کە گرنگترین گروپە).

بێگومان ئەمەش سەیرترینو گومڕاترین بۆچوونە کە تا ئێستا بە مێشکی مرۆڤدا هاتبێت!

لە راستیدا کاتێك ئەم نوسەرانە دێنە سەر مەسەلە گشتییەکان، وا مەزەندە دەکەن خەڵك خاوەنی هیچ زیرەکییەك نینو هیچ پاڵنەرێکیان نییە بیانخاتە کار. نوسەران وای بۆ دەچن کە خەڵکی ماددەی بێ رۆحن، بونەوەری نەرێو گەردی بێجوڵەن، لە باشترین حاڵدا جۆرە روەکێکن کە گرنگی بە شێوەی بوونی خۆیان نادەن. ئەوان وای بۆ دەچن کە خەڵکی بونەوەرگەلێکن زۆر بە ئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەرییەوەو ئیرادەو هێزی کەسێکی تر کاریان تێدکرێتو دەکرێن بە ژمارەیەکی بێپایان لە شێوەی جۆراوجۆر کە کەم تا زۆر ئەندازەییو هونەریو تەواو بن. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ



یەکێك لەم نوسەرانە بەهیچ جۆرێك دوودڵ نیە لەوەی خۆی (لەژێر ناوی رێکخەرو دۆزەرەوەو بنیاتنەردا) بەو ئیرادەو هێزە بزانێت، خۆی بەو هێزە جوڵێنەرە جیهانییەو ئەو وزە خولقێنەرە بزانێت کە ئەرکە باڵاکەی بریتییە لە تواندنەوەی ئەم ماددە پەرتو بڵاوانە (خەڵکی) لە کۆمەڵگادا.

نوسەرە سوسیالیستەکان بەو شێوەیە لە خەڵکی دەڕوانن کە باخەوانێك لە درەختەکانی دەڕوانێت. هەروەك چۆن باخەوان بە ئارەزووی خۆی شێوەی درەختەکانی دەگۆڕێت بۆ شێوەی هەرەمو چەتری خۆرەتاوی ژنانەو شەشپاڵوو و گوڵدانو پانکەو شێوازی تر، بە هەمان شێوەش نوسەری سوسیالیست بەشێوەیەکی سەیر مرۆڤەکان لە شێوەی گروپو زنجیرەو چەقو نیمچە چەقو شانەی هەنگوینو دەزگای کارو چەندین شەقڵی تردا دادەڕێژن، هەروەکو چۆن باخەوان پێویستی بە تەورو مشارو مقەست هەیە بۆ رێکخستنی شێوەی درەختەکانی. بە هەمان شێوەش نوسەری سوسیالیست پێویستی بەو هێزە هەیە کە تەنها لە یاسادا دەیبینێتەوە بۆ ئەوەی شێوەی مرۆڤەکان دابڕێژێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە یاسای تاریفەی گومرگیو یاسای باجو یاسای فریاکەوتنو یاسای قوتابخانە دادەڕێژێت.

## سوسیالیستەکان دەخوازن رۆڵی خواوەند بگێڕن

سوسیالیستیەکان لە خەڵکی وەکو کەرەستەی خاو دەبینن، پێیانوایە دەتوانن لە تێکەڵەیەکی کۆمەڵایەتیدا دایانبڕێژن . ئەمەش بە رادەیەك راستە کە ئەگەر (بە رێکەوت) گومانێکیان لە سەرکەوتنی پێکهێنانی ئەم تێکەڵەیە هەبێت، دەگەنە ئەو دەرئەنجامەی دەبێت بەشێکی بچووك لە جۆری مرۆڤ جیابکرێتەوە تا بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە. بیرۆکەی باوی تاقیکردنەوەی سەرجەم سیستمەکان شتێکی ناسراوە. تەنانەت سەرکردەیەکی سوسیالیست بەوە ناسرابوو کە داوای لە ئەنجومەنی یاسادانان

کردبوو ناوچەیەکی بە سەرجەم سەرنشینەکانییەوە تەسلیم بکات بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی. بە هەمانشێوەش بەرلەوەی داهێنەر ئامێرەکەی بە شێوەی کۆتایی دامەزرێنێت، مۆدێلێك لە داهێنانەکەی دروستدەکات، دیارە کیمیاگەر لە کارەکەیدا چەند مادەیەك لەدەستدەدات، جوتیاریش تا بگاتە ئەو ئەنجامەی مەبەستێتی، بەشێك لە زەوی‌و تۆو لەدەستدەدات. بەڵام چ جیاوازییەك لە نێوان داهێنەرو ئامێرەکەی‌و باخەوان‌و درەختەکانی‌و کیمیاگەرو ڕەگەزەکانی‌و جوتیارو تۆوەکەیدا هەیە! سوسیالیست بەو پەڕی دڵسۆزییەوە پێیوایە هەمان جیاوازی لە نێوان ئەو و جۆری مرۆڤدا هەیە! جێگەی سەرسوڕمان نییە کە نوسەرانی سەدەی نۆزدە کۆمەڵگا وەکو خوڵقاوێکی دەستکردی بلیمەتیی یاسادانەر دەبینن. ئەم بیرۆکەیە (کە بەرهەمی هزری کلاسیکە) خاوەنداریێتی لە سەرجەم رۆشنبیرو نوسەرە بەناوبانگەکانی وڵاتەکەمان سەندۆتەوە. لای نوسەرو رۆشنبیران، پەیوەندی نێوان خەڵك‌و یاسادانەر وەك پەیوەندی نێوان قوڕو قوڕەکار وایە.

لەوەش زیاتر، کاتێك ئەوان رازیبوون دان بە بنەمایەکی جووڵەدا لە دڵی مرۆڤدا بنێن (دانیان بە ژێرییەکی خۆرسکدا نا لە مرۆڤدا) وتیان ئەم دیارییانەی یەزدان چەند دیارییەکی کوشندەن. ئەوان پێیانوابوو خەڵکی، لە ژێر کاریگەریی ئەم دوو دیارییەدا، دەیانەوێت بە شێوەیەکی مەترسیدار کۆتایی بە خۆیان بهێنن. ئەوان وا دەخەملێنن کە ئەگەر یاسادانەران واز لە خەڵکی بهێنن سەربەستانە شوێن مەیل‌و ویستی خۆیان بکەون، ئەوا دواجار لە جیاتی ئایین دەگەنە بێبڕوایی، لە جیاتی زانین دەگەنە نەزانی‌و لە جیاتی بەرهەمهێنان‌و ئاڵوگۆر دەگەنە هەژاری.



## سوسیالیستەکان رقیان لە چەشنی مرۆڤ دەبێتەوە

بە بۆچوونی ئەم نوسەرانە ئەوە مایەی خۆشبەختییە کە یەزدان مەیل‌و ویستێکی تەواو پێچەوانەی داوە بە چەند کەسێکی تایبەت (پیاوانی فەرمانڕەواو یاسادانەران) نەك تەنها لە پێناو خۆیاندا، بەڵکو لە پێناو سەرجەم جیهاندا! لە کاتێکدا کە مرۆڤایەتی بەرەوپیری خراپەکاری‌و شەڕەنگێزی دەچێت، یاسادانەران پەرۆشی چاکەن، کاتێك مرۆڤایەتی رووەو تاریکی هەنگاو دەنێت، یاسادانەران پەرۆشی رۆشنگەرین، لە کاتێکدا مرۆڤایەتی رووەو خراپەکاری راپێچدەکرێت یاسادانەران رووەو چاکەکاری دەڕۆن. لەبەر ئەوەی ئەوان پێیانوایە ئەمەیە رەوشی ئاسایی لە هەموو مەسەلەکاندا، بۆیە داوای بەکارهێنانی هێز دەکەن تا مەیل‌و ویستەکانی چەشنی مرۆڤ بگۆرن بە مەیل‌و ویستەکانی خۆیان.

هەر کتێبێکی فەلسەفە، سیاسەت یان مێژوو بکەیتەوە، دەبینیت چۆن ئەم بیرۆکەیە (کە زادەی لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکانەو دایکی سوسیالیزمە) لە ناخی وڵاتەکەماندا رەگی داکوتاوە. پێدەچێت لە هەر یەکێك لەوکتێبانەدا ببینیت کە مرۆڤ جگە لە مادەیەکی بێجووڵە کە ژیان‌و رێکخستن‌و ئاکارو خۆشگوزەرانی خۆی لە هێزی دەوڵەتەوە وەردەگرێت‌و بەسە. لەوەش خراپتر لە هەر یەکێك لەو کتێبانەدا ئەوەش دەبینیت کە مرۆڤ رووەو نزمی‌و داڕووخان دەڕوات‌و ئەوەی لەم گلێربوونەوەیە پاراستوویەتی، دەستی شاراوەی یاسادانەرە. بیری کلاسیکی لە هەموو جێگەیەك پێیوایە لە پشتی کۆمەڵگای نەرێوە هێزێکی شاراوە هەیە کە پێی دەوترێت یاسا یان یاسادانەر (یان بە زاراوەیەکی تر کەسێك یان کەسانێکی نەناسراو کە خاوەن دەسەڵات‌و کاریگەرییەکی بێوێنەن) ئەو هێزە مرۆڤ دەجولێنێت‌و کۆنترۆڵی دەکات‌و سودی پێدەگەیەنێت‌و چاکسازیی تێدا دەکات.

## بەرگرییەك لە كاری زۆرەملیٚ

با پێش هەموو شتێك وتەیەكی بۆسۆی، (مامۆستای تایبەتی داوفین لە دادگای لویسی هەژدەهەم)دا، بهێنینەوە:"یەكێك لەو شتانەی بە سەختی بەسەر میسرییەكاندا سەپێنرابوو نیشتمانپەروەری بوو . . . ڕێگە بە هیچ كەس نەدرابوو لە بەرامبەر دەوڵەتدا بێسوود بێت. یاسا كاری هەموو كەسێكی دەستنیشاندەكرد، كارێك كە لە باوكەوە دەدرا بەكوڕ. ڕێگە بە هیچ كەس نەدرابوو دوو پیشەی هەبێت، كەسیش نەیدەتوانی كارەكەی بگۆڕێت . . . . وەلیٚ یەك ئەرك هەبوو كە دەبوو هەمووان لە سەری كۆك بن: خوێندنی یاساو ژیری. نەزانینی ئاین‌و یاساو ڕێسا سیاسییەكان بە هیچ شێوەیەك‌و لە سایەی هیچ بارودۆخێكدا قبولٚ نەدەكرا. لەگەلٚ ئەوەشدا هەر پیشەیەك تەرخانكرابوو بۆ ناوچەیەكی تایبەت. یەكێك لە باشترین یاساكانیش ئەوەبوو كە هەمووكەسێك وا ڕاهێنرابوو كە گوێڕایەڵی ئەم یاسایانە بێت. لە ئەنجامدا میسر لێوانلێو بوو لە داهێنانی سەرسوڕهێنەرو هیچ شتێك لەو شتانەی ژیان ئاسانترو هێمنتر دەكەن، فەرامۆش نەكرابوون."

بەم شێوەیە، بە بۆچوونی بۆسۆی خەڵك لە خۆیانەوە كار ناكەن. نیشتمانپەروەری‌و خۆشگوزەرانی‌و داهێنان‌و كشتیاری‌و زانست (هەموو ئەمانە لە ڕێگەی یاساو فەرمانڕەواكانەوە دەدرێنە خەڵكی‌و ئەوەی لەسەر خەڵكییە بیكەن، كڕنوش بردنە بۆ سەركردایەتییەكانیان.



## بەرگرییەك لە حكومەتی باوكسالاری

بۆسۆی تەنانەت تا ئێستاش ئەم بیرۆكەیەی دەوڵەت بە سەرچاوەی هەموو پێشكەوتنێك دەزانێت‌و بە بەڵگەیەكی گونجاوی دادەنێت بۆ بەرگریكردن لە میسرییەكان، گوایە زۆرانبازی‌و مۆزیكیان ڕەتكردۆتەوە. دەڵێت:"چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەم هونەرانە لە لایەن (تریسمێگیستەس)ەوە داهێنراون (كە دەڵێن گوایە ڕاوێژكاری ئۆزیریسی خودای میسرییەكان بووە)".

بۆسویت بانگەشەی ئەوەش دەكات كە ئەمە فارسەكانیش دەگرێتەوە:

"یەكێك لە بەرپرسیارێتییە سەرەكییەكانی میر بریتیە لە هاندانی كشتوكالٚ . چەند نوسینگەیەكی بۆ یاساو ڕێساكانی سوپاكان هەبوو، چەند نوسینگەیەكیش بۆ ئاراستەكردنی كاری كێڵگە دانابوو. خەڵكی فارس بە شێوەیەك ئامادەكرابوون كە ڕێزێكی بێپایانیانیان بەرامبەر دەسەڵاتی پاشایی هەبێت."

بە بۆچونی بۆسۆی، یۆنانیەكانیش، هەرچەندە زۆر ژیربوون، بەڵام هەستی بەرپرسیارێتی شەخسیان نەبووەو وەكو سەگ‌و ئەسپ وابوون‌و تەنانەت توانای داهێنانی سادەترین یاساشیان نەبووە:

"یۆنانییەكان، كە بەشێوەیەكی سروشتی ژیرو بوێربوون، هەر زوو كەوتنە ژێركاریگەریی ڕۆشنبیریی ئەو پادشاو كۆچەرییانەوە كە لە میسرەوە هاتبوون. خەڵكی یۆنان لەم حاكمە میسرییانەوە فێری مەشقی جەستەیی‌و پێشبڕكێی ڕاكردن‌و پێشبڕكێی ئەسپ‌و گالیسكە بوون. بەڵام گوێڕایەڵی‌و ملكەچبوون بۆ یاسا لە پێناو بەرژوەندی گشتیدا، گرنگترین شتێك بوو كە یۆنانییەكان لە میسرییەكانەوە فێریبوون"

## بیرۆکەی مرۆڤی نەرێ

جێگەی مشتومڕنییە کە ئەم تیورییە کلاسیکیانە (کە لە لایەن مامۆستاو نوسەرو یاسادانەرو ئابوریناس‌و فەیلەسوفەکانی ئەم دواییانەوە پێشنیارکراون) گریمانە دەکەن کە هەموو ئەو شتانەی روویانکردۆتە خەڵك، لە سەرچاوەی دەرەوەی خۆیانەوە هاتوون. فێنیلۆن نمونەیەکی ترە (سەرەك قەشەو نوسەرو راوێژکاری دیوکی بیرگەندی) کە شایەتی هێزو توانای لویسی هەژدەهەم بوو. بێجگە لەمەش راستییەکی تر هەیە کە فێنیلۆن پەروەردەی خوێندنە کلاسیکییەکانی سەردەمانی کۆن بووە، بۆیە شتێکی سروشتییە ئەو بیرۆکەیە قبوڵ بکات کە مرۆڤ نەرێیەو بەدبەختی‌و خۆشگوزەرانی (چاکەو خراپە)ی خەڵکی لە ئەنجامی چەند کاریگەرییەکی دەرەکییەوە روودەدەن کە لە لایەن یاساو یاسادانەرانەوە بەسەریادا دەسەپێنرێت.

لە یۆتۆپیای سالانتیمدا مرۆڤ (بە هەموو تواناو ویست‌و موڵکیەوە) بە تەواوی دەچێتە ژێر دەسەڵات‌و بڕیاردانی یاسادانەرەوە. مەسەلەکە هەرچی بێت خەڵکی خۆیان بڕیاری لەسەرنادەن بەڵکو میر بڕیاریان بۆ دەدات. میر وەکو رۆحی ئەو مێگەلە بێشێوەیەی خەڵکی وایە کە نەتەوە پێکدەهێنێت. هزرو دیدو پێشکەوتن‌و هەموو بنەماکانی نەتەوە، تەنها لە میردا بەرجەستە دەبن‌و هەموو بەرپرسیارێتییەك دەکەوێتە ئەستۆی ئەو.

هەر دە کتێبەکەی (تێلیماخۆس) ی فینۆلۆل ئەمە دەسەلمێنن. لێرەدا سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم کتێبە بەناوبانگە رادەکێشم‌و بە شێوەیەکی رەمەکی رستەی لێوەوەردەگرم هەرچەندە لە زۆر جێگەی تریشدا بۆی دەگەڕێمەوە.



## سوسیالیستەکان ئەقڵ‌و راستیەکان فەرامۆش دەکەن

فینۆلۆن بەو ساویلکەییە بێوێنەیەوە کە کلاسیکییەکانی پێناسراوە، دەسەڵاتی ئەقڵ‌و راستییەکان فەرامۆش دەکات، ئەویش کاتێك ئاسودەیی میسریەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ ژیریی پاشاکانیان نەك ژیریی خۆیان:

" لە هەر لایەکەوە لە کەنارەکانیان بڕوانین، شارگەلێکی دەوڵەمەندو زەوی‌و خانوبەرەی بەرفراوان‌و کێڵگەو مەزرای زۆر دەبینین، کە ساڵانە بە گەنم‌و جۆی زێڕین دادەپۆشرێن. مێرگگەلێکی پڕ لە رانەمەڕو ژمارەیەکی بێپایان کرێکار لە ژێر قورسایی ئەو میوەجاتەدا دەچەمێنەوە کە زەوی دەیڕێژێت بەسەریاندا، هەر لەوێ ئەو شوانانەش دەبینیت کە سەدای دەوروبەر تێکەڵ بە ئاوازی نەرمی شمشاڵەکانیان دەکەن." مێنتۆر دەڵێت،"چەند ئاسوودەن ئەوانەی پادشایەکی ژیر حوکمیان دەکات."

دواتریش مێنتۆر ویستی من سەرنجی ئەو دەوڵەمەندی‌و پیت‌و فەڕە بدەم کە سەرجەم میسری گرتۆتەوە، لەوێ دەتوانیت بیست‌و دوو هەزار شار ببینیت. ئەو سەرسامی ئەو یاساو رێکخستنە جوانە بوو کە لە لایەن پۆلیسەوە پیادە دەکرا، ئەو دادپەروەرییەی لە بەرژەوەندی هەژاران‌و لە دژی دەوڵەمەندەکان پیادە دەکرا. سەرسامی ئەو پەروەردە تەندروستەی منداڵیان بوو لە گوێڕایەڵی‌و کار و هەتەربون‌و خۆشەویستییادا بۆ هونەرو بۆ پیتەکان. سەرسامی ئەو وردییە ناوازەیە بوو کە لە سەرجەم بۆنە ئاینییەکاندا پیادەدەکرا. سەرسام خۆپەرستی‌و بەرزڕاگرتنی شەرەف‌و دڵسۆزی بۆ پیاوان‌و ئەو تۆوی ترسی خودایە بوو کە هەموو باوکێك لە منداڵەکانیدا دەیچاند. بەردەوام سەرسامیی خۆی بەرامبەر بە خۆشگوزەرانیی وڵاتەکە نیشان دەداو دەیگوت:" چەند ئاسوودەیە ئەو گەلەی لە لایەن پادشایەکی ئەوها ژیرەوە حوکم دەکرێت."

## سوسیالیستەکان دەیانەوێت خەڵکی ڕێکبخەن

چامەکەی فێنیلۆن دەربارەی (کریت) لەمەش سەرنجڕاکێشترە. مێنتۆر دەیوت:

"هەر شتێکی تۆ لەسەر ئەم دورگە ناوازەو بێوێنانە دەیانبینیت، بریتین لە ئەنجامی یاساکانی (مینۆس). ئەو پەروەردەیەکی تایبەتی بۆ منداڵان داناوە کە جەستەیان پتەوترو بەهێزتر دەکات. هەموو کەسێك لە سەرەتاوە منداڵی خۆی لەسەر کارکردنو جەربەزەیی رادەهێنێت، چونکە پێیوایە چێژوەرگرتن لە ئارەزووەکان دەبێتە هۆی لاوازبوونی جەستەو مێشك. بۆیە رێگا نادەن منداڵان چێژ لە هیچ شتێك وەربگرن، دەبێت بەهۆی چاکەوە، ببن بە بونەوەرێکی نەبەزو سەروەری بەدەستبهێنن. لێرەوە ئەوان سزایان بۆ سێ دانە گوناه داناوە، کە لای خەڵکی دیکە سزایان نیە بێئەمەکیو دووڕوییو چاوچنۆکی.

لە کریت، پێویست ناکات خەڵك بە هۆی بەفیڕۆدانی سامانو تەنتەنەو فەنتەنەوە سزا بدرێن، چونکە کەسیان نازانن ئەم شتانە چین. بە هیچ شێوەیەك رێگە نادرێت، هیچ کەسێك کەلو پەلی گرانبەهاو جلو بەرگی کەشخەو خوانی بەلەزەتو کۆشکی زێڕینی هەبێت."

بەمشێوەیە مێنتۆر قوتابییەکەی ئامادە دەکات تا بەوپەڕی نیازپاکییەوە کار بکاتە سەر خەڵکی ئیساکاو چارەسەریان بکات. بۆ قایلکردنی قوتابیەکەی بە ژیرێتی ئەم بیرۆکانە، نمونەیەکی لە (سالێنتم) بۆ دەخوێنێتەوە.

ئێمەش یەکەمینی بیرۆکە سیاسیەکانمان، لەم فەلسەفەیەوە وەرگرتووە! وەك چۆن لە کشتوکاڵیشدا، رێنماییکەر کابرای جوتیار فێردەکات چۆن خاك ئامادەبکاتو چاودێریی بکات، ئێمەش فێرکراوین مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکەین.



## ناوێکی ناسراو، بیرۆکەیەکی شەڕەنگێزانە

ئێستاش، با دەربارەی هەمان بابەت، گوێ لە (مۆنتسکیو)ی مەزن بگرین:

"بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی رۆحی بازرگانی، پێویستە یاساکان لە بەرژەوەندی بازرگانیدا بن. دەبێت یاساکان بە شێوەیەکی گونجاو دەرفەتەکان دابەشبکەن، لە کایەی بازرگانیشدا هەر ئەوە روودەدات، دەبێت بارودۆخی تەواو ئاسان بۆ هەر هاووڵاتییەك دەستەبەر بکەن تا بتوانێت وەکو ئەوانی دیکە کاربکات. دەبێت هەموو هاوڵاتییەکی دەوڵەمەند بخەنە رەوشێکی وەهاوە کە ناچار بن کاربکەن، تا سامانەکانیان بپارێزن یان دەستکەوتیان هەبێت."

بەم شێوەیەش یاساکان بۆ خۆ رزگارکردن لە سەرجەم سامانەکان دەخرێنەگەڕ!

هەرچەندە لە دیموکراسیەتدا یەکسانی راستەقینە رۆحی دەوڵەتە، وەڵێ وەدیهێنانی زۆر ئەستەمەو ناتوانین لەمەدا زۆر بە وردی مامەڵە بکەین. هێندە بەسە سەرژمێریی دانیشتوان بکرێتو جیاوازیی نێوان دەوڵەمەندو هەژارەکان کەمبکرێتەوە، یان لە ئاستێکی دیاریکراودا رابگیرێت. دواتریش ئەوەی دەمێنێتەوە دەکەوێتە ئەستۆی چەند یاسایەکی تایبەتی دیکە، تا ئەوان نایەکسانی بکەنەوە بە یەکسانی، ئەویش بە گرانکردنی باری دەوڵەمەندەکانو حەساندنەوەی هەژاران.

ئەمەش دیسان هاوتاکردنی سامانە لە رێگەی یاساوە، لە رێگەی هێزەوە.

لە یۆنان دوو جۆر کۆمار هەبوو: یەکەمیان سپارتا بوو، کە سەربازی بوو، دووەمیان ئەسینا، کە بازرگانی بوو. لە یەکەمیاندا دەخوازرا هاوڵاتی بێکار بێت وەڵێ لە دووهەمیاندا حەز لە کار کردن شتێك بوو هەمیشە هاندەدرا.

تێبینی بلیمەتیی ئەم یاسادانەرانە بکە: بە کەمکردنەوەی نرخی هەموو دابونەریتە دامەزراوەکان (ئەویش بە تێکەڵکردنی بۆچونە باوەکان سەبارەت بە بیرۆکەی چاکەکاری) پێشوەخت دەیانزانی جیهان لەبەردەم ژیرییەکەیاندا سەرسام

دەبێت. (لیکۆرگۆس) توانی ئارامیی شارەکەی (سپارتا) رابگرێت، ئەویش بە تێکەڵکردنی دزیی بچووك لە گەڵ رۆحی یاسا، بە تێکەڵکردنی کۆیلایەتی تەواو لە گەڵ توندڕەوترین ئازادی، بە تێکەڵکردنی ناشیرینترین بیروڕا بە مەزنترین میانڕەوی. ئەو هات تاوەکو شارەکەی لە هەموو سەرچاوەو هونەرو بازرگانیو پارەو قەڵاکانی دابماڵێت. لە (سپارتا)دا هەموو بەرزیخوازییەك لەگۆڕنرا، ئەویش بە نەهێشتنی هیچ بەخششێکی مادی. سۆزی سروشتی قەتیس دەما چونکە پیاو نە کوڕ بوو، نە مێرد بوو، نە باوك بوو. تەنانەت پاکیزەییش بوونی نەما.

ئا بەم شێوەیە (لیکۆرگۆس) سپارتای بەرەو مەزنیو سەروەری برد!

ئەم بێشەرمیەی کە دەبوو تەنها لە پەیمانگا یۆنانییەکاندا بوونی هەبێت لە ناو داڕووخانو نزمبوونەوەی زەمەنە مۆدێرنەکەی ئێمەشدا دووبارە بۆتەوە. یاسادانەرێکی لێهاتوو و راستگۆ هاتووەو گەلێکی بە ویستی خۆی تواندۆتەوەو سەرلەنوێ دایڕشتۆتەوە، گەلێك کە ئاکاربەرزی تێیدا هێندە سروشتییە، بە قەد سروشتیبوونی ئازایەتی لە سپارتاییەکاندا.

میستەر پێن (لیکۆرگۆس)ێکی راستەقینەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئامانجی (پێن) ئاشتیو ئامانجی (لیکۆرگۆس) جەنگ بووە، وەلێ لەوەدا لەیەك دەچن کە ناوبانگی ئاکارییان رێگەیان پێدەدات بەسەر دەمارگیریدا زاڵبنو هەستو سۆز بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوەو ئەو خەڵکەی کە دوایان کەوتوون بەرەو رێگاگەلێکی نوێ بەرن.



وڵاتی پاراگوای نمونەیەکی ترمان دەداتێ (نمونەی ئەو خەڵکەی لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، یاسادانەر سەرلەنوێ لە قاڵبیان دەداتەوە)•.

ئەوەش تەواو راستە کە ئەگەر کەسێك چێژی فەرمانکردن بە مەزنترین چێژی ژیان بزانێت ئەوا بە ئەنجامدانی تاوان لەدژی کۆمەڵگا رازیدەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا حوکمکردنی مرۆڤ بە شێوەیەك کە ئاسودەیی زیاتری بۆ بهێنێت هەمیشە بە ئامانجێکی مەزن دادەنرێت.

ئەوانەی دەیانەوێت دام ودەزگای هاوشێوە دابمەزرێنن دەبێت ئەم کارانە ئەنجامبدەن: دامەزراندنی خاوەندارێتی گشتی موڵك هاوشێوەی کۆمارەکەی ئەفلاتون. بەرز ڕاگرتنی خوداکان بەو شێوەیەی ئەفلاتون دایناوە . رێگەنەدان بە بیانییەکان بۆ تێکەڵاو بوون لە گەڵ خەڵکی لە پێناو پاراستنی دابونەریتدا. هەروەها با دەوڵەت لە جیاتی هاوڵاتیان بازرگانی دابمەزرێنێت. پێویستە یاسادانەران پشتگیریی هونەربکەن لە جیاتی کەشخەیی، پێویستیەکان تێربکەن نەك ئارەزووەکان.

## بیرۆکەیەکی ترسناك

دوورنییە ئەوانەی بازاڕییانە شێت و شەیدا دەبن هاواربکەن و بڵێن"مۆنتسکیو ئەمەی گوتووە! کەواتە زۆر مەزن وبێوێنەیە! زۆر باڵایە!" وەلێ هێندەی پەیوەندیی بە منەوە هەبێت ئازایەتی ئەوەم تێدایە کە رای تایبەتی خۆمم هەبێتو بڵێم: چی! تۆ ئەمە بەشتێکی باش دەزانیت؟ بەڵام ئەمە ترسناکە! قێزەونە! ئەم هەڵبژاردنە

• ئەوەی ئێستا بە پاراگوای ناسراوە رووبەرێکی زۆر بەرفراوانتر بوو لەوەی ئێستا هەیە. کاتی خۆی ئەو مەسیحییانە داگیریان کرد کە هندییەکانیان ناردە گوندەکان و لەوێ نیشتەجێیانکردن و لە دڕندەیی زیاتری داگیرکەرە برسیەکان رزگاریانکردن.

ڕەمەکییە لە نێو نوسینەکانی مۆنتسیکیۆدا ئەوە دەردەخات کە لای ئەو خەڵكو ئازادییەکانو موڵكو (تەنانەت چەشنی مرۆڤیش) بێجگە لە کەرەستەیەکی خاوی دەست یاسادانەران هیچی تر نینو ئەوانیش بە ویستی خۆیان ژیریی خۆیان لە سەر ئەو کەرەستە خاوە تاقیدەکەنەوە.

## پیشەوای دیموکراتخوازەکان

ئێستا با سەبارەت بەم بابەتە لەرۆسۆ بڕوانین، ئەو هێندەی پەیوەندی بە مەسەلە گشتییەکانەوە هەبێت، دەسەڵاتی باڵای دیموکراتیخوازەکان دەنوێنێت. رۆسۆ لە مەسەلە گشتییەکاندا دەسەڵاتی باڵای دیموکراتییەکانە، هەرچەندە ڕۆسۆ بونیادی کۆمەڵایەتی لە سەر ویستی خەڵك بنیت دەنێت وەڵێ لە هەموو کەس زیاتر تیوری بێجوڵەیی تەواوی مرۆڤی لە ئامادەیی یاسادانەراندا پێ قبوڵە:

"ئەگەر ئەوە راست بێت کە میری مەزن دەگمەنە، ئەی ئایا بوونی یاسادانەری مەزن دەگمەنتر نییە؟ میر تەنها ئەوەندەی لە سەرە شوێنی ئەو ڕێچکەیە بکەوێت کە یاسادانەر بۆی دەستنیشاندەکات بەڵام یاسادانەر ئەو میکانیکییەیە کە ئامێرەکە بەرهەم دەهێنێت، میر تەنها ئەو کرێکارەیە کە دەیخاتە گەڕ. ئەرێ بەڕاست هەردووکیان لەو کەرەستەخاوە ناچن کە ئامێرەکەی لێدروستکراوە؟"

بەم شێوەیەش ئەو پەیوەندییەی لە نێوان یاسادانەرو میردا هەیە هەمان ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان شارەزای کشتوکاڵیو جوتیاردا هەیەو ئەو پەیوەندییەی لە نێوان میرو هاووڵاتیەکانیدا هەیە هەمان پەیوەندیی نێوان جوتیارو زەوییەکەیەتی. بەم پێیەش دەبێت ئەم نوسەرەی مەسەلە گشتییەکان، چەندە لە سەرو جۆری مرۆڤەوە دانرابێت؟ رۆسۆ خۆی حوکمی یاسادانەران دەکاتو بە زاراوەگەلێکی لوتبەرزانەی ئەوهاشەوە فێریان دەکات چۆن بازرگانیەکەیان بە ئەنجام بگەیەنن:



"ئێوە وڵات سەقامگیر دەکەن؟ کەواتە تا چەند دەتوانن توندڕەوەکان لەیەکتر نزیك بکەنەوە. نە لە دەوڵەمەندەکانو نە لە هەژارەکان نەبورن."

ئەگەر خاکەکەتان هەژارو بێپیت بوو، یان وڵاتەکەتان زۆر لە بچوکتربوو کە جێگەی دانیشتووانی تێدابێتەوە، ئەوکات روو لە پیشەسازیو هونەر بکەنو بینکەن بە بازرگانی تا خواردنی پێویست دەستەبەر بکەن . . ئەگەر خاکەکەتان بەپیت بوو بەڵام دانیشتوانتان کەم بوو، ئەوا سەرجەم تواناتان بۆ کشتوکاڵ تەرخان بکەن چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی خەڵکی، بەدووربن لە هونەر، چونکە ئەمە تەنها ژمارەی دانیشتووان کەم دەکاتەوە.

ئەگەر کۆمەڵێك بەندەری ئەوتۆت هەیە کە بە ئاسانی کەشتیی پێدەگات، ئەوا بەندەرەکانت بە کەشتی بازرگانی دابپۆشە، ئەوکات بونێکی ژیرانە بەڵام کوڵت دەبێت، بەڵام ئەگەر بەندەرەکانت پڕ کەندەڵان بوون، ئەوا با خەڵکەکەت ببنە بەربەریو تەنها ماسی بخۆن، ئەوکات زۆر هێمنترو پێدەچێت باشترو بە دڵنیاییشەوە ئاسودەتر دەژین.

بەکورتی، وەکو پەندە باوەکان دەڵێن، هەموو گەلێك بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم ڕاستییەش خۆی لە خۆیدا وا لە یاسادانان دەکات لەگەڵ بارودۆخدا خۆی بگونجێنێت."

هەر لەبەر ئەم هۆیەش بووە کە پێشتر لەلای جولەکەکانو بەم دواییانەش لەلای عەرەبەکان ئایین ئامانجی سەرەکی بووە، ئەدەب ئامانجی ئەسینیەکانو بازرگانی ئامانجی قرتاجەییەکانو ئامانجی رۆدسیەکان کارو باری دەریاییو ئامانجی سپارتاییەکان جەنگو چاکەخوازیش ئامانجی خەڵکی رۆما بوو. نوسەری (رۆحی یاساکان) پیشانمان دەدات کە دەبێت یاسادانەر بە چ هونەرێك دامودەزگاکانی بەرەو ئەم ئامانجانە ئاراستە بکات . . بەڵام گریمان یاسادانەر لە هەڵبژاردنی ئامانجە

راستەقینەکەیدا هەڵە دەکاتو لەسەر بنەمایەکی جیاواز لەو بنەمایەی لە لایەن سروشتی شتەکانەوە دەستنیشانکراوە کاردەکات؟ وادابنێ بنەمای هەڵبژێردراو هەندێك جار کۆیلایەتی بەرهەمدێنێتو هەندێك جاریش ئازادی، هەندێك جار سامانو هەندێك جاریش دانیشتووان، هەندێك جار ئاشتیو هەندێك جاریش داگیرکاری؟ ئەم تێکەڵکارییە لە ئامانجەکاندا هەنگاو بەهەنگاو یاسا لاوازدەکاتو دەستور تێکدەشکێنێتو دەوڵەت توشی هەڵچوونو داچونێکی بێکۆتای ئەوتۆ دەکات کە تەنها بە وێرانکردن یان بە گۆڕینی دەوڵەت کۆتایی دێت. ئەوکات سروشتی نەبەز دەبێتەوە خاوەن ئیمپراتۆرییەتەکەی خۆی.

بەڵام گەر سروشت هێندە نەبەز بێت کە بتوانێت ئیمبراتۆریەتەکەی وەدەستبێنێتەوە، ئەوا بۆ رۆسۆ دان بەوەدا نانێت کە هەر لە سەرەتاوە پێویستی بە یاسادانەر نەبووە بۆ ئەوەی ئەو نەبەزییە بگەڕێنێتەوە؟ بۆچی نازانێت کە مرۆڤ، تەنها بە سەلیقەی خۆی، ئەگەر خاکەکەی بەپیت بێت کشتوکاڵ دەکاتو ئەگەر بەندەرەکانی فراوان بن بازرگانی دەکات بەبێ خۆهەڵقورتاندنی لیکۆرگۆس یان سۆڵۆن یان رۆسۆ، کە دەشێت هەڵە بن.

## سۆسیالیستەکان پابەندبونێکی سە پێنراویان گەرەکە

ئەمە هەرچۆن بێت رۆسۆ بەرپرسیارێتییەکی زۆرخراپ دەداتە پاڵ دروستکەرو رێکخەرو بەڕێوەبەرو یاسادانەرو کۆنترۆڵکەرانی کۆمەڵگا. هەر بۆیەش سوسیالیستەکان هارمۆنییەکی بەزۆر سەپێنراویان گەرەکە، بەمپێیەش، رۆسۆ بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورە دەخاتە ئەستۆی ئەفرێنەران، رێکخەران، یاسادانەرانو کۆنترۆڵکەرانی کۆمەڵگا. هەربۆیەشە زۆر راشکاوانە لەگەڵیان دەدوێت:

"ئەوکەسەی دەوێرێت خولقاندنی سیاسییانەی گەل بگرێتە ئەستۆ، دەبێت باوەڕی وابێت کە دەتوانێت خولقاندنی سیاسییانەی گەل بگرێتە ئەستۆ، پێویستە باوەڕی



بەوە هەبێت کە دەتوانێت، با بڵێین، سروشتی مرۆڤ وەربچەرخێنێت، سروشتی تاك وەربچەرخێنێت، ئەو تاکەکەی خۆی لەخۆیدا گشتێکی تاكو تەواوە، بیکات بە بەشێك لە گشتێکی گەورەتر کە لەوێوە ئیرادەی تاك ژیانو بوونی خۆی بەدەستدەهێنێت. بۆیە ئەو پێویستە کەسەی خولقاندنی سیاسییانەی گەل دەگرێتە ئەستۆ، باوەڕی بە توانای خۆی هەبێت بۆ قلێپکردنەوەی پێکهاتەی مرۆڤ، پتەوکردنی، بیکات بە بەدیل بۆ بوونە سەربەخۆکەی کە لە سروشتەوە وەریگرتووە، بونێك کە بەشەکی بێتو ئاکاریی بێت.

## یاسادانەران حەزدەکەن مرۆڤ لەقاڵب بدەن

ئێستا با دەربارەی ئەم بابەتە لەقاڵبدرانی مرۆڤ لە لایەنی یاسادانەرەوە، راینال تاقیبکەینەوە:

"پێویستە یاسادانەر پێش هەموو شت بایەخبدات بە ژینگە، هەوا، خاك. ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیدا هەنو ئەرکەکانی دیاریدەکەن. پێویستە سەرەتا لە مەسەلەی لۆکاڵبوون رابمێنێت. کۆمەڵە خەڵکێك لەسەر کەناری دەریا بژین، پێویستییان بە چەند یاسایەکی دەریاوانییە. ئەگەر نیشتە جێکەیان دابڕاو بوو، ئەوا پێویستە یاسادانەر بەپێی سروشتو بەپیتی خاکەکەی پلانەکانی خۆی دابنێت. . .

بلیمەتی یاسادانەر بەشێوەیەکی تایبەت لە دابەشکردنی موڵکدا دەردەکەوێت. بە گشتی، کاتێك کۆلۆنییەکی نوێ لە هەر وڵاتێکدا دادەمەزرێت، پێویستە زەوی گونجاو بدرێت بە هەر پیاوێك بۆ بەخێوکردنی خێزانەکەی. . . .

کە تۆ لەگەڵ منداڵەکانتدا لەسەر دورگەیەکی نەکێڵدراو نیشتەجێبیت، پێویستت بە هیچ نیە جگە لە چەکەرەکردنی تۆوەکانی راستی لەپاڵ پێشکەوتنی هزردا. . .

بەڵام کاتێك نەتەوەیەکی خاوەن رابردوو لە وڵاتێکی نوێدا نیشتەجێ دەکەیت،

شارەزایی یاسادانەر لەو سیاسەتەدایە کە ڕێگەدەدات خەڵکەکە بۆچونی دروستو نەریتی وەها بهێنن کە دەشێت بژاربکرێنو راستبکرێنەوە. ئەگەر ئارەزووت کرد ڕێگە لەو بۆچوونو نەریتانە بگریت تا نەبن بە هەمیشەیی، ئەوە دەتوانیت لە ڕێگای سیستمێکی گشتی پەروەردەی میللی بۆ منداڵەکانەوە، نەوەی داهاتوو زامن بکەیت. پێویستە میر یان یاسادانەر هەرگیز بێ ئامادەکاریی بۆ ناردنی پیاوانی دانا بۆ ئەوەی لاوان فێربکەن، کۆلۆنییەك دانەمەزرێنێت ."

لە کۆلۆنییەکی نوێدا، دەرفەتی فراوان هەیە بۆ یاسادانەری وریا، ئەوەی دەیەوێت نەریتو هەڵسوکەوتی گەلەکەی بژار بکات. ئەگەر خاوەنی نیکیو بلیمەتی بێت، ئەو خاكو گەلەی لەبەردەستیدایە دەبنە مایەی بەخشینی پلانێك بۆ کۆمەڵگا بە ڕۆحی یاسادانەر. نوسەرێك هەرئەوەندەی لەدەستدێت کە بەشێوەیەکی درشت پلانەکە دابنێتو بواری گریمانەکردن بەکراوەیی دەمێنێتەوە، گرفتەکە گەلێك شێوەی هەیە، پێچە بەدەورەی زۆر تێدایە، چەندین ڕێوشوێنی وەهاشی هەیە کە پێشبینیکردنو وردبوونەوەی ورد لێیان زەحمەتە.

## یاسادانەران فێرکراون مرۆڤ بەڕێوە ببەن

دەشێت بەراوردێك بکەین لەنێوان ڕێنماییەکانی رایناڵ بۆ یاسادانەران دەربارەی ئەوەی چۆن گەل بەڕێوە ببەن، لەگەڵ وانەکانی پرۆفیسۆری کشتوکاڵدا بۆ قوتابییەکانی:"ژینگە یەکەمین ڕێسای جوتیارە. سەرچاوەکانی بەردەستی ڕەوتی پرۆسەکەی دیاریدەکەن. پێویستە سەرەتا لە لۆکاڵێتی خۆی وردببێتەوە. ئەگەر خاکەکەی لیتە بوو، پێویستە ئاواو ئاوا بکات. ئەگەر خاکەکەی لم بوو، پێویستە بەشێوەیەکی دی ڕەفتاربکات. هەموو توانستێك لەبەردەمی ئەو جوتیارەدا کراوەیە کە هیوادەخوازێت خاکەکەی پاکژبکاتو پەرەی پێبدات. ئەگەر بەشی خۆی دەستڕەنگین



بێت، ئەو شتانەی لەبەردەستیدا هەن پێشنیاری پلانێکی کارکردنی پێشکەشدەکەن. پرۆفیسۆر دەتوانێت بەشێوەیەکی درشت پێشوەخت پلانەکە دیاریبکات، چونکە دواتر دەبێتە مایەی گریمانەو لێگۆڕین. گرفتەکە گەلێك شێوەی هەیە، پێچە بەدەورەی زۆر تێدایە، چەندین ڕێوشوێنی وەهاشی هەیە کە پێشبینیکردنو وردبوونەوەی ورد لێیان زەحمەتە."

ئەی نوسەرە پایەبەرزەکان! تکایە جارجارە ئەوەتان لەبیربێت کە ئەم لیتەیە، ئەم لمە، ئەم هەویرەی لەبەردەستی ئێوەدایە، مرۆڤە! ئەوانە هاوتای خۆتانن! ئەوانە هۆشمەندو بونەوەری ئازادن وەك خۆتان! ئەوانیش وەك ئێوە توانستی دیدەوانیکردنو پلانداناو بیرکردنەوەیان لە یەزدانەوە پێبەخشراوە، لەگەڵ توانستی خودداوەریکردنی خۆیاندا !

## دیکتاتۆرییەتێکی کاتی

ئەمە بۆچوونی مۆڵدیە دەربارەی یاساو یاسادانەر. مۆڵدی گریمانە دەکات کە ئەگەر یاسا ئاسایشی پشتگوێخست، ئەوا بەهایەکی نیە. ئەو بە خوێنەر دەڵێت:

"لەو بارودۆخانەدا، شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە سەرچاوەکانی حکومەت وشکیانکردووە. یەك تۆز کرژیی دیکەیان بەدەرێو خراپەکاریی سەردەکات. . . بیرکەرەوە تۆ پێویستیت بە سزای کەمترو خەلاتی زیاتر هەیە. تۆ کۆمارەکەی خۆت بە لاوانی هۆشمەند بینادەکەیتەوە. لەبەرئەوەی گەلە ئازادەکان بێئاگابوون لەم پرۆسەیە، بۆیە ئازادی خۆیانیان لەدەستدا! بەڵام خراپە بەجۆرێك پێشڕەویی کردووە کە حکومەتی ئاسایی دەرۆستی نایەت، بۆیە هانا دەباتە بەر دادگای نائاسایی خاوەنی دەسەڵاتی زۆرو بۆ ماوەیەکی کورت. ئەمە بریتیە لە ئەندێشەکردنی ئەوەی کە هاوڵاتییان پێویستییان بە زللەیەکی سەخت هەیە لە بناگوێیاندا."

مابیلی له تویّی بیست بەرگەوە بەمشێوەیە بەردەوامدەبێت.

لەژێر کاریگەریی ئەمجۆرە نوسینانەدا. . کە لە پەروەردەی کلاسیکەوە هاتوون. . سەردەمێك دێت کە تێیدا هەموو کەس حەزدەکات خۆی لەسەرووی مرۆڤەکانەوە دابنێت بۆ ئەوەی بە شێوازی خۆی ڕێکیانبخاتو سازیان بکاتو تەیاریان بکات.

## سوسیالیستەکان یەکسانی سامانیان دەوێت

ئینجا با کۆندیلاك بخەینە بەر لێپرسینەوە، دەربارەی بابەتی یاسادانەرو چەشنی مرۆڤ.

"شاهم، گریمانەی کاراکتەری لیکۆرگۆس یان سۆلۆن بکە، پێش ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم وتارە ببیتەوە، وادابنێ خۆت یاسا بۆ کۆمەڵێك لە کێوییەکانی ئەمەریکا یان ئەفەریقیا دادەنێیت. ئەو خەڵکە کۆچەرییانە ناچاردەکەین جێنشین ببن، فێریان بکەیت ئاگایان لە مێگەل بێت. . هەوڵبدەیت ئاگایی کۆمەڵایەتییان تێدا پێشبخەیت، ئەوەی سروشت تۆوەکەی تێدا چاندوون. . ناچاریان بکەیت مەشقبکەن لەسەر ئەرکەکانی مرۆڤایەتی. . سزادانی جەستەیی بەکاربهێنە بۆ ئەوەی سڵت لێبکەنەوە. ئینجا دەبینیت هەر خاڵێکی یاساکانت بووەتە هۆی ئەوەی ئەو کێوییانە خراپەیەك لەدەستدەدەنو نیکییەك وەردەگرن.

هەموو گەلان یاسایان هەبووە. بەڵام کەمیان کامەران بوون. بۆچی وایە؟ چونکە یاسادانەرەکان خۆیان هەمیشەو هەردەم دەربارەی کۆمەڵگای لەبار نەزان بوون، کە بریتیە دابەشکردنی خێزانەکان بەپێی بەرژەوەندی گشتی.

بێلایەنی لە یاسادا دوو شتی تێدایە: دامەزراندنی یەکسانی لەساماندا لەگەڵ یەکسانی لە پلەوپایەدا لەنێوانی هاوڵاتییاندا.. هەتا یاسا یەکسانییەکی زیاتر دابمەزرێنێت، لای هاوڵاتییان بەهای زیاتر دەبێت.. کاتێك هەمووان یەکسان بن لە



سامانو پلەوپایەدا. . کاتێکیش یاسا هیچ هیوایەك ناهێڵێتەوە بۆ دابینکردنی ئەم یەکسانێتییە. ئیتر مرۆڤەکان کە چاوچنۆکی، پەلەقاژەی پلەو پایە، زێدەڕۆیی، نەخۆشی، تەمەڵی، ئیرەیی، ڕژدی، ڕقو قینە دایگرتوون، چۆن دابیندەکرێن؟

ئەوەی دەربارەی کۆمارەکەی سپارتا فێری بوویت، پێویستە لەمەڕ ئەم پرسیارە ڕۆشنت بکاتەوە. هەرگیزاو هەرگیز هیچ دەوڵەتێکی دیکە یاسای وای نەبووە کە ئەوەنە لەگەڵ سروشتو یەکسانێتیدا بسازێت."

## هەڵەی نوسەرە سوسیالیستەکان

لە ڕاستیدا، شتێکی سەیر نیە کە لە ماوەی سەدەکانی حەڤدەو هەژدەدا، چەشنی مرۆڤ وەك شتێکی خەفە دادەنرا، کە ئامادەیە هەموو شتێك. . شێوە، سیما، وزە، جووڵە، ژین.. لە میرێکی مەزن یان یاسادانەرێکی مەزن یان بلیمەتێکی مەزنەوە وەربگرێت. ئەو سەدانە خۆراکیان لە لێکۆڵینەوەی سەردەمە دێرینەکانەوە وەردەگرت. سەردەمە دێرینەکانیش لە هەموو شوێنێك هەن، میسر، فارس، یۆنان، ڕۆمان.. ئیتر هەرکەسە بە پێی هەواو هەوەسی خۆی مرۆڤایەتی لەقاڵب دەدا، بیریدەکردەوە بەفێڵو تەڵەکەو بەزۆر بیهێنێتە دی. بەڵام ئەم حاڵە نەیتوانی بیسەلمێنێت کە ئەو ڕەوشە ڕەوشێکی ئارەزووکراوە. بە تەنها ئەوە دەسەلمێنێت کە لەبەرئەوەی مرۆڤەکانو کۆمەڵگا توانای پێشکەوتنیان هەیە، ئەوە شتێکی سروشتییە پێشبینی ئەوە یکەین کە هەڵە، نەزانی، زۆرداریی، کۆیلایەتی، خورافییات بە ئاڕاستەی سەرەتاکانی مێژوودا زیاتربوون. ئەو نوسەرانەی لەسەرەوە بڕگەمان لێوەرگرتن بەهەڵەدا نەچوون کاتێك بینیویانە دەزگا دێرینەکان ئاواهی بوون، بەڵکو لەوەدا بەهەڵەدا چووبوون کە پێشنیاری شتێکیان بۆ کردن کە نەوەکانی داهاتووش پێی سەرسام ببنو لاسایی بکەنەوە. ئەوانە بەشێوەیەکی ناڕەخنەییو خۆسازێنەرانە گەرەنتی مەزنیو

شکۆداریی‌و ئاکارێتی‌و کامەرانییان داوە کە گوایە لە توێی تێپەڕینی کاتەوە فراوانتریش دەبنەوە، هەروەها وتوشیانە بەپێی ئەم پەرەسەندنەی زانینیش، دەشێت لایەنی راست بگرێت، کۆمەڵگاش ئەو شتانەی دەستبکەوێتەوە کە هی خۆی بوون.

## ئازادی چیە؟

له راستیدا، دەبێت ئەو ململانێ سیاسییەی دەیبینین چی بێت؟ ئەوە ململانێیەکی رەمەکییانەی گەلە بەرەو ئازادی. ئەی ئەم ئازادییە چیە، کە ناوەکەی لێدانی دڵ خێرادەکات‌و جیهان رادەچەنێنێت؟ ئایا ئەوە یەکێتی هەموو ئازادییەکان نیە. . ئازادی بیرکردنەوە، پەروەردە، کۆبوونەوە، رۆژنامەگەریی، سەفەر، کار، بازرگانی؟ بەکورتی، ئایا ئازادی بریتی نیە لە سەربەستی هەموو تاکێك تا هەموو توانستەکانی خۆی بەکاربهێنێت، مادام لەکاتی کردنی ئەوەدا زیان بە تاکەکانی دی ناگەیەنێت؟ ئایا ئازادی بریتی نیە لە تێکشکاندنی هەموو زۆردارییەك.. بێگومان بە زۆرداریی یاساییشەوە؟ لەکۆتاییدا، ئایا ئازادی بریتی نیە لە سنوردارکردنی یاسا لەناو چوارچێوە ماقووڵەکەی خۆیدا بۆ رێکخستنی مافەکانی تاك لەمەڕ داکۆکیلەخودکردنی یاساییانە، دژ بە سزادرانی نادادپەروەرانە؟

پێویستە دان بەوەدا بنێین کە مەیلی چەشنی مرۆڤ بەرەو ئازادی تا رادەیەکی زۆر بێسەمەرە، بە تایبەتی لە فەرەنسا. ئەمەش لە بەشی زۆریدا دەگەڕێتەوە بۆ ئارەزوویەکی کوشندە کە لە دێرینەکانەوە فێری بوون‌و ئێستا لە نێوان نوسەرانی لەمەڕ کۆمارماندا باوە: ئەوانە ئارەزوو دەکەن خۆیان بخەنە سەرووی چەشنی مرۆڤەوە تا بەپێی خواست‌و ویستی خۆیان رێکیان بخەن، بیانسازێنن، رێکیان بکەنەوە.



## ستەمکاریی رەگەزپەرستانە

لەکاتێکدا کۆمەڵگا بۆ ئازادی تێدەکۆشێت، ئەو پیاوە نێودارانە کە پڕن لە رۆحی سەدەکانی حەڤدەو هەژدە، خۆیان دەکەن بە سەرگەورەی. ئەوانە بیر لەوە دەکەنەوە کە چەشنی مرۆڤ بکەن بە بابەتی ستەمکارییەکی رەگەزپەرستانە کە خۆیان دایانهێناوە. ئەوانیش وەکو رۆسۆ، ئارەزوودەکەن مرۆڤ رامبکەن تا لە دەوری چەقی کاروباری دەستەجەمی کۆببنەوە، ئەوەی ئەوان خۆیان لە ئەندێشەکانیاندا خەونیان پێوەی بینیوە.

ئەمە بەشێوەیەکی تایبەتی لە ساڵی ١٧٨٩ دا دروست بوو. هەرئەوەندەی رژێمی کۆن روخێنرا، ئیتر کۆمەڵگا بوو بە بابەتی چەندین سازاندن‌و رێکخستنی دیکە، هەمیشە لە هەمان خاڵیشەوە دەستیان پێدەکرد: دەسەڵاتی رەهای یاسا.

گوێ لە بیرۆکەکانی چەند نوسەرو سیاسەتمەداری ئەو ماوەیە بگرە:

سانت جۆست:"یاسادانەر فەرماندەی ئایندەیە. ئەوە کە ئیرادەی چاکەی بۆ چەشنی مرۆڤ هەیە. ئەوە کە چۆنی بوێت مرۆڤەکان ئاوا لێدەکات."

رۆبێسپێر:"وەزیفەی حکومەت بریتیە لە ئاراستەکردنی دەسەڵاتە فیزیکی‌و مۆراڵییەکانی نەتەوە بەرەو کۆتایی کە لەوێوە سامانی هاوبەش هاتۆتە بوون."

بیلاود – ڤارێنس: ئەو گەلەی کە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ئازادی، پێویستە فۆرمێکی نوێی هەبێت. هێزێکی زۆرو کردەوەیەکی بەتاو پێویستن بۆ رووخاندنی دەمارگیرییەکان، بۆ گۆڕینی نەریتە کۆنەکان، بۆ راستکردنەوەی تووشبوونە گەندەڵەکان، بۆ سنوردارکردنی خواستە ناپێویستەکان، هەروەها بۆ لەناوبردنی خراپە رەگداکوتاوەکان... کەللەڕەقی‌و تۆسنی لیکۆرگۆس بناغەی کۆمارەکەی سپارتای دانا. کاراکتەری لاوازو متمانەکەری سۆڵۆن ئەسینای لە کۆیلایەتیدا نغرۆ کرد. ئەم دوو هاوتەریبە تەواوی زانستی حکومەتیان دانا."

پێڵەتیەر:"بە رودبوونەوە لە نزمبوونەوەی زیاترو زیاتری مرۆڤ، من گەیشتومەتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە دەستبدرێتە چاکسازییەکی سەرانسەریو ئەگەر بتوانم گوزارشت لەخۆم بکەم، گەلێکی نوێ بخولقێنرێت."

## سوسیالیستەکان دیکتاتۆرییان دەوێت

دیسانەوە، دەڵێن کە تاکەکان هیچ نین جگە لە مادەی خام. بۆیان نیە ئیرادەی پێشخستنی خۆیانیان هەبێت، ئەوان ناتوانن ئەوە بکەن. بەپێی سانت جۆست، تەنها یاسادانەر دەتوانێت ئەمە بکات. تاکەکان هەر ئەوەن کە یاسادانەر دەیەوێت ببن. بەپێی رۆپێسپێر، کە دەقاودەق رۆسۆی خواستۆتەوە، یاسادانەر بە داوەریکردنی ئەو ئاکامە دەستپێدەکات کە سامانی هاوبەش لێوەی هاتۆتە بوون. هەرئەوەندەی ئەمەش کرا، حکومەت هەرئەوەندەی لەسەرە کە ئاڕاستەی هێزە فیزیکیو ئاکارییەکانی نەتەوە بکات بەرەو ئەو ئامانجە. لەو کاتەشدا، دانیشتوانی نەتەوەکە بە تەواویی بە بەرکاریی دەمێننەوە. بەپێی وانەکانی بیلاود – ڤارێنس، پێویستە گەل هیچ لایەنگیرییەکی نەبێت، هیچ مەیلێکی نەبێت، هەروەها هیچ ئارەزوویەکیشی نەبێت جگە لەوانەی لە رێگای یاسادانەرەوە رێگایان پێدراوە.

ئەو لەوەش دوورتر دەڕواتو دەڵێت سەرسەختیو رەقی مرۆڤ بناغەی کۆمارن. مابیلیێ پێشنیار دەکات لەحاڵەتێکدا کە خراپەی مەزەندەکراو ئەوەندە گەورە بێت کە پرۆسەی حکومەتی ئاسایی نەتوانێت باڵی بەسەردا بکێشێت، دیکتاتۆرییەتێك بسەپێندرێت بۆ پێشخستنی نیکی، دەڵێت"هانا بۆ ماوەیەکی کورت دادگایەکی زۆر بەدەسەڵاتە. ئەندێشەی شار پێویستی بەوە هەیە کە زللەیەکی مزری تێبسرەوێنرێت." ئەم پێڕەوە لەبیرنەکراوە. گوێ لە رۆپیسپێر بگرە:



"نیکی پرەنسیپی حکومەتی کۆمارییە، ئەو هۆکارەش کە پێویستە بۆ دامەزراندنی نیکی، تیرۆرە. ئێمە دەمانەوێت جێگەی خۆپەرستی بە ئاکارێتی، ئایندارییی بە رێز، دابونەریت بە پرەنسیپ، ئەرك بە ئەدەب، بە ستەمکاری بە ئیمپراتۆرییەتی هزر، سووك سەیرکردنی خراپە بە سووك سەیرکردنی هەژاریی، سوکایەتیپێکردن بە سەربلندی، لە خۆبایییبوون بە مەزنیی رۆح، خۆشەویستی پارە بە خۆشەویستی شکۆداریی، هاوڕێی چاك بە گەلی چاك، فریودان بە شایستەیی، کەمزانی بە بلیمەتی، بریقەی درۆ بە راستی، چێژو لەزەتی خەستە بە دڵگەشیو کامەرانی، بچووکی بە مەزنیی، گەلی بێهودەی ساویلکەی سووكو سەلیم بە گەلی بەخشندەی بەهێزی کامەران، بگرینەوە. بەکورتی ئێمە دەمانەوێت نیکیو پەرجووەکانی کۆمار بخەینە جێگەی هەموو خراپەو پووچییەکانی پادشایەتی."

## خۆبەزلزانینی دیکتاتۆرییانە

رۆبیسپێر خۆی لە چ ئاستێکی تۆقێنەرانەی سەرووی مرۆڤەوە دادەنێت! بڕوانە ئەو خۆبەزلزانییەی قسەی پێدەکات. ئەو خۆشنود نیەو نزا ناکات بۆ بێداربوونەوەی زیاتری رۆحی مرۆڤ. ئەنجامێکی وەهاش لە حکومەتێکی باش رێکخراو رەچاو ناکات. نا، ئەو خۆی لە رێگای تیرۆرەوە سەرلەنوێ مرۆڤ دروستدەکاتەوە.

ئەم گوزارشتە گەندەڵو پڕناکۆکییە لە وتارێکی رۆبیسپێر وەرگیراوە کە تێیدا دەیەوێت پرەنسیپەکانی ئاکارێتی روونبکاتەوە، ئەو پرەنسیپانەی دەبێت رێنمای حکومەتێکی شۆڕشگێڕ بن. تێبینی ئەوە بکە کە داواکردنی دیکتاتۆری لەلایەنی رۆبیسپێرەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکەرێکی بیانی یان رماندنی گروپە ئۆپۆزیسیۆنەکان نیە. بەپێچەوانەوە، ئەو دیکتاتۆرییەتی دەوێت بۆ ئەوەی بتوانێت تیرۆر بەکاربهێنێتو پرونسیپەکانی خۆی لەمەڕ ئاکارێتی بەسەر وڵاتدا بسەپێنێت.

ئەو دەڵێت کە ئەم کردەوەیە تەنها شتێکی کاتی دەبێتو پێش دانانی دەستوری نوێ دەکەوێت. بەڵام لە راستیدا، ئەو ئارەزووی بەکارهێنانی تیرۆر دەکات بۆ بنەبڕکردنی بەخۆنازینو کەرامەتو دابونەریتو هەڵسوکەوتو مۆدێلو بەدکارییو خۆشویستنی پارەو هاوڕێیەتی چاكو فریودانو زانینو هەستیاریو هەژاریی. رۆبیسپێر هەتا ئەم پەرجووانەی نەهێنێتە دی، کە خۆشی وایانپێدەڵێت، رێگە نادات یاسا فەرمانڕەوایی بکاتەوە.

## نزیکبوونەوەی ناڕاستەوخۆ لە زۆرداریی

هەرچۆنێك بێت، ئەم پیاوماقوڵانە. . ریفۆرمیستان، یاسادانەران، ئەو نوسەرانەی دەربارەی کاروباری کۆمار دەنوسن. . ئارەزووی ئەوە ناکەن زۆرداریی بەسەر چەشنی مرۆڤدا بسەپێنن. نا، ئەوانە زۆر میانڕۆو مرۆڤدۆستنو ئەم رەوتە راستەوخۆیە ناگرنە بەر. لەبری ئەوە، هانا دەبەنە بەر یاسا بۆ زۆرداریيەکەیان، رەهاییەکەیان، دەسەڵاتە رەهاکەیان. ئەوانە هەر ئەوەندەیان دەوێت یاسا دابنێن.

بۆ خستنەڕووی باڵادەستی ئەم ئایدیایە لە فەرەنسا، بە تەنها ئەوەندە بەس نیە بڕگە لە کارەکانی مابیلیێ، رایناڵ، رۆسۆ، فینێلۆنەوە بخوازمەوە. . پەرەگرافی درێژ لە بۆسۆیو مۆنتسکیۆ وەربگرم. . بەڵکو دەبێت تەواوی پرۆسەکانی ناو ئەنجومەنیش وەربگرم. من ئەمە ناکەم، بەڵکو خوێنەر رەوانەی لای ئەوان دەکەم.

## نا پۆلیۆن مرۆڤێکی بەرکاری دەویست

بێشك، ئەوە بەهیچ جۆرێك مایەی سەرسوڕمان نیە کە هەمان بیرۆکە بە درشتی لە ناپۆلیۆنیشدا دەرکەوتبێت. ئەو بە گەرمی باوەشی پێداکردووەو لێزانانە بەکاریهێناوە. ناپۆلیۆن وەك کیمیاگەرێك هەموو ئەوروپای کردبوو بە مادەی تاقیکردنەوەکانی خۆی. بەڵام مادەکە دژی وەستایەوە.

ناپۆلیۆن لە سانت هێلانە. . لەناو خەونو خەیاڵێکی زۆردا. . هەندێك توانستی لە مرۆڤدا دۆزییەوە. بە زانینی ئەمەش، دوژمنایەتیکردنی بۆ ئازادی کەمیکرد. بیریشی نەچوو ئەم وانەیە لە وەسێتەکەیدا بۆ کوڕەکەی جێبهێڵێت: "فەرمانڕەواییکردن بریتیە لە بەرینکردنەوەو فراوانکردنەوەی ئاکارێتی، رۆشنبیریی، کامەرانی."

دوای هەموو ئەمە، بە زەحمەت پێویست دەکات هەندێك لە بۆچوونەکانی مۆرێللی، بابیف، ئۆوین، سان سیمۆن، فۆریەر وەربگرین، چونکە چەند بڕگەیەکی کەم لە کتێبەکەی لویس بلانك دەربارەی رێکخستنی کار، سودمەندە:"لە پلانی ئێمەدا، کۆمەڵگا جووڵەی خۆی لە دەسەڵاتەوە وەردەگرێت."

ئێستا بڕوانە ئەمە: پاڵنەری پشتەوەی ئەم جوڵەیە لە لایەنی پلانەکەی لویس بلانکەوە دابینبکرێت، پلانی ئەو بریتیە لەوەی دەسەڵاتی بەسەر کۆمەڵگادا بشکێت، کۆمەڵگای چەشنی مرۆیی. بەمەش چەشنی مرۆ جووڵەی خۆی لە لویس بلانکەوە وەردەگرێت.

دەوترێت خەڵك ئازادن لە پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی ئەم پلانەدا. با بڵێین خەڵك ئازادن لە پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی ئامۆژگاریی لە هەر کەسێکەوە کە پێیانخۆشبێت. بەڵام ئەمە میستەر لویس بلانك وا لە مەسەلەکە تێناگات. ئەو چاوەڕوانە پلانەکەی بە یاسایی بکرێت، بەوەش زۆرەملێ بێتو بە هێزی یاسا بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێت:

لە پلانی ئێمەدا، دەوڵەت هەر ئەوەندەی لەسەرە یاساکانی کار بەڕێبخات (هەر ئەوەندە؟) بەهۆی چەند هۆکارێکەوە کە پەرەسەندنی پیشەسازیی بتوانێتو مەرجیش بێت کە بە ئازادیی تەواوەوە لەگەڕدا بێت. دەوڵەت هەرئەوەی لەسەرە

كۆمەڵگا فایلبکات (ئەمە هەموویەتی؟) ئینجا كۆمەڵگا بەو فایلییەوە دەجمێت، ئەویش بەهێزی شتەکان، هەروەها بەهۆی سروشتی کارکردنی ئەو میکانیزمەوە کە دامەزرێنراوە."

بەڵام ئەو فایلبوونە چیە کە میستەر لویس بلانك دەستنیشانیکردووە؟ ئایا نامانبات بەرەو تونی بابا؟ (نەخێر، دەمانبات بەرەو کامەرانی. ) ئەگەر ئەمە راستبێت، کەواتە بۆچی کۆمەڵگا بە ئیختیاری خۆی بەرەو ئەوێ ناچێت؟ (چونکە کۆمەڵگا نازانێت چی دەوێت، پێویستە پەلکێشبکرێت. ) بەچی پەلکێشبکرێت؟ (هێز) ئەی کێ ئەو هێزە دابین دەکات؟ (بۆچی، داهێنەری ئامێرەکە. . لەم حاڵەتەدا میستەر لویس بلانك. )

## بازنەی بەدی سوسیالیزم

ئێمە هەرگیز لەم بازنەیە قوتار نابین: ئایدیای مرۆڤی بەرکار، هەروەها دەسەڵاتی یاسا کە بەکاربهێنرێت بۆ پەلکێشکردنی گەل.

کە ئەم فایلبوونە روویدا، ئایا کۆمەڵگا برێك ئازادی دەبێت؟ (بێشك) ئەی میستەر لویس بلانك، ئازادی چیە؟

یەکجارو بۆ هەمووان، ئازادی تەنها مافێکی زامنکراو نیە، بەڵکو دەسەڵاتێکی زامنکراوە بۆ کەسێك بۆ ئەوەی لە سایەی باڵکێشانی دادپەروەریی‌و پارێزراویی لە سایەی یاسادا، توانستەکانی خۆی بەکاربهێنێت‌و پێشیانبخات.

ئەمەش جیاکارییەکی بێمەبەست نیە، ماناکەی قووڵەو دەرەنجامەکانی بە زەحمەت دەخەملێندرێن. چونکە هەرئەوەندەی رازیبووین بەوەی کە تاکێك، بەراستی ئازادبێت، ئەوە پێویستە دەسەڵاتی بەکارهێنان‌و پێشخستنی توانستەکانی خۆی هەبێت، پاشانیش دەبێت هەموو کەسێك مافی ئەوەی لەسەر کۆمەڵگا هەبێت بە



شێوەیەك پەروەردەی بکات کە بواری بدات خۆی پێشبخات. هەروەها ئەوەشی لێدەکەوێتەوە کە هەموو تاکێك داوا لە کۆمەڵگا بکات ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی بۆ دابینبکات، کە بەبێ ئەوانە چالاکییەکانی مرۆڤ ناتوانن بە تەواویی کارا بن. ئێستا بەهۆی چ کردەوەیەکەوە کۆمەڵگا دەتوانێت پەروەردەو رۆشنبیریی پێویست‌و هۆیەکانی بەرهەمهێنان بۆ هەموو کەسێك دابینبکات، ئەگەر بەهۆی کردەوەی دەوڵەتەوە نەبێت؟

کەواتە، دیسانەوە، ئازادی دەسەڵاتە. دەسەڵات لەچی پێکهاتووە؟ (پێکهاتووە لە رۆشنبیربوون‌و لە پێدرانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان) کێ رۆشنبیری‌و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دابیندەکات؟ (کۆمەڵگا کە قەرزاری ئەوانەیە بەرامبەر هەموو کەسێك) کۆمەڵگا بە چ کردەوەیەك هۆیەکانی بەرهەمهێنان دەدات بەوانەی کە قەرزاریانە؟ (بۆچی، بەهۆی کرداری دەوڵەتەوە) پاشان دەوڵەت ئەوانە لەکێ دەستێنێت؟ با خوێنەر خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. با خۆی تێبینی ئەو ئاراستەیە بکات کە پێیدا دەمانبات.

## پێڕەوی دیموکراتەکان

دیاردەی سەمەرەی ئەم سەردەمەی ئێمە . . ئەوەی دەشێت نەوەکانمان سەرسام بکات. . پێڕەوێکە لەسەر سێ گریمانە دامەزراوە: سەرجەمی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ، ئەوپەڕی سەروەریی یاسا، پارێزراویی یاسادانەر. ئەم سێ ئایدیایە هێمای پیرۆزی ئەوانە پێکدەهێنن کە خۆیان بە دیموکراتی تەواو لەقەڵەمدەدەن.

بانگەشەکەرانی ئەم پێڕەوە لە کۆمەڵایەتیبوونیشدا شارەزان. ئیتر ئەوانە دیموکراتین، بۆیە باوەڕی کۆتاییان بە مرۆڤە. بەڵام کۆمەڵایەتیشن، بۆیە مرۆڤ بە کەمێك لە قوڕ باشتر دادەنێن. با بەشێوەیەکی درێژتر لەم ناکۆکییە بکۆڵینەوە.

کاتێك مافە سیاسییەکان خرانە بەر گفتوگۆ، دەبێت هەڵوێستی دیموکرات چۆن بێت؟ کاتێك دەبێت یاسادانەرێك دەستنیشان بکرێت، ئەو چۆن سەیری گەل دەکات؟ ئاه، وتراویشە گەل خاوەنی داناییەکی رەمەکییە، باشترین گۆشەنیگایان بەدیاریی پێبەخشراوە، ئیرادەی ئەوان هەمیشە راستە، ئیرادەی گشتی هەڵەبوونی بۆ نیە، دەنگدانیش ناشێت زۆر گەردونی بێت.

کە کاتی دەنگدان هات، نابێت داوای ئەوە لە دەنگدەر بکرێت گەرەنتی هیچ جۆرە دانایییەك بدات. ئیرادەی ئەو توانایەتی بۆ هەڵبژاردنی دانایانە، ئەمەش گەرەنتییەکەیە. ئایا گەل بەهەڵەدا دەچێت؟ ئایا ئێمە لە سەردەمێکی رۆشنگەرییدا ناژین؟ چی! ئایا دەبێت بەردەوام خەڵك پەتبکرێن؟ ئایا ئەوان مافەکانی خۆیانیان بە قوربانیدانو تێکۆشانێکی زۆر بەدەستنەهێناوە - ئایا بە فراوانی بەڵگەی رۆشنبیریو دانایییان نەخستۆتە روو؟ ئایا ئەوانە نەرزە نین؟ ئایا ناتوانن داوەریی بۆ خۆیان بکەن؟ ئایا ئەوان نازانن چی باشترینە بۆ خۆیان؟ ئایا چینێك یان کەسێك هەیە ئەوەندە دلێر بێت کە خۆی بخاتە سەرووی گەلەوەو خۆی رەفتارو داوەریی بۆ ئەوان بکات؟ نا، نەخێر، گەل ئازادەو دەبێت ئازاد بێت. ئەوان دەیانەوێت خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن، دەشبێت بیکەن.

بەڵام سەرەنجام، کاتێك یاسادانەر هەڵبژێردرا. . ئەو کاتە بە راستی تۆنی قسەکردنەکەی گۆڕانێکی زۆری بەسەردا دێت. خەڵك دەگەڕێنەوە بۆ بەرکارییو تەوەزەلیو ناهۆشیاریی، یاسادانەر دەبێت بە خاوەنی ئەوپەڕی دەسەڵاتو توانا. دەبێت ئەو داهێنان بکات، رێنمایی بکات، پەلکێشیان بکات، رێکیانبخات. مرۆڤیش دەبێت تەسلیم ببێت، ئیتر ساتەوەختی زۆرداریی دەستپێدەکات. بڕوانە ئەم بیرۆکە خەتەرناکە: گەل کە لەکاتی دەنگداندا، زۆر دانا بوون، زۆر ئاکاریی بوون، زۆر کامڵ



بوون، ئێستا هیچ شتێکیان لێناوەشێتەوە، ئەگەر لێشیانبوەشێتەوە، ئەوە کۆمەڵێك مەیلن بەرەو نزمبوونەوەو خەفەبوون دەیانبەن.

## چەمکی ئازادی لای سوسیالیستەکان

بەڵام ئایا نابێت کەمێك ئازادی بدرێت بە گەل؟

میستەر کۆنیسدێرانت پێماندەڵێت ئازادی بەرەو قۆرخکردن دەمانبات!

ئێمە لەوە تێدەگەین کە ئازادی مانای کێبڕکێ دەگەیەنێت. بەڵام بەپێی میستەر لویس بلانك، کێبڕکێ سیستمێکە پیاوانی کارگوزار گەندەڵو گەلیش نابووت دەکات. بۆیە بەپێی رێژەی ئەو ئازادییەی گەلان هەیانە، وێرانو نابووت دەبن. (با میستەر لویس بلانك چاودێریی ئاکامەکانی کێبڕکێ بکات، بۆ نمونە لە سویسرە، هۆڵاند، ئینگلاند، ویلایەتە یەکگرتووەکان)

میستەر لویس بلانك پێشماندەڵێت کێبڕکێ بەرەو قۆرخکردن دەمانبات. بە هەمان لێکدانەوە، پێماندەڵێت بەهای نزم دەمانبات بەرەو بەهای بەرز، کێبڕکێ بەرهەمهێنان بەرەو چالاکییەکی وێرانکەرانە دەبات، کێبڕکێ سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی دەسەڵات وشکدەکاتەوە، کێبڕکێ فشاردەهێنێت بۆ زیادکردنی بەرهەم، لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەکارهێنان. لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی گەلی ئازاد لەپێناوی بەکارهێناندا بەرهەمناهێنێت، ئازادی مانای سەرکوتکاریو شێتییە لەنێوانی خەڵکیدا، ئەوەش کاری میستەر لویس بلانکە خۆی بەمەوە خەریك بکات.

## سۆسیالیستەکان لە هەموو ئازادییەك دەترسن

چاکە، دەبێت یاسادانەر ڕێگەبدات گەل چ ئازادییەکی هەبێت؟ ئازادی هزر؟ (بەڵام ئەگەر ڕێگە بەمە بدرێت، دەبینین خەڵك ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی ببن بە بێباوەڕ)

کەواتە ئازادی پەروەردەو فێربوون؟ (بەڵام دایکوباوك کرێ دەدەن بە مامۆستاکان تا منداڵەکانیان فێری نائاکارێتیو درۆو دەلەسە بکەن، لەپاڵ ئەمەشدا، بەپێی میستەر سێرس، ئەگەر پەروەردە بۆ ئازادی نەتەوەیی جێبهێڵرێت، لەوە دەردەچێت کە نەتەوەیی بێت، ئیتر ئایدیاکانی تورکەکان یان هیندووەکان فێری منداڵەکانمان دەکرێت، بۆیە سوپاس بۆ زۆرداریی یاساییانە بەسەر پەروەردەوە، ئێستا منداڵەکانمان دەرفەتی باشیان هەیە بۆ ئەوەی ئایدیا ماقووڵەکانی ڕۆمانەکان فێرببن)

کەواتە ئازادی کار؟ (بەڵام ئەوە مانای کێبڕکێیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەرهەم سەرفنەکرێت، پیاوانی کارگوزار گەندەڵدەکات، گەلیش نابووت دەکات)

ڕەنگە ئازادی بازرگانیکردن بێت (بەڵام هەموو کەسێك دەزانێت . . بانگەشەکەرانی وەرگرتنی گومرگی پارێزگاریی، جارلەدوای جار سەلماندوویەتی. . کە ئازادی بازرگانی هەموو ئەو کەسانە گەندەڵدەکات کە پێوەی خەریك دەبن، بۆیە پێویستە ئازادی بازرگانی سەرکوتبکرێت بۆ ئەوەی بووژانەوەو گەشەکردن ڕووبدات)

کەواتە ڕەنگە ئازادی کۆبوونەوەو بەشدارییکردن بێت؟ (بەڵام بەپێی پێڕەوی سوییالیزم، ئازادی ڕاستەقینەو بەشدارییکردنی خۆبەخشانە لەگەڵ یەکتریدا ناکۆکن، ئامانجی سوسیالیست ئەوەیە ئازادیی بەشدارییکردن سەرکوتبکات بۆ ئەوەی گەل ناچاربکرێت بەشداریی لە ئازادی ڕاستەقینەدا بکات)

کەواتە بۆمان ڕوونبۆوە، لە ویژدانی دیموکراتە کۆمەڵایەتییەکاندا، ناشێت ڕێگە بە تاکەکان بدرێت هیچ ئازادییەکیان هەبێت، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە سروشتی



مرۆڤ هەمیشە بەرەو هەموو چەشنە دارمانو کارەساتێك دەڕوات. بۆیە، بێشك، پێویستە یاسادانەر پلان دابنێت بۆ گەل بۆ ئەوەی لە خودی خۆیان رزگاریان بکات.

ئەم زنجیرە هزراندنە دەمانباتە لای پرسیارێکی پڕ تەحەدا: ئەگەر گەل ئەوەندە ناتوانا بێت، ئەوەندە نائاکاریی بێت، ئەوەندە نەزان بێت کە سیاسەتمەداران دەڵێن، کەواتە بۆچی ئەوەندە داکۆکی لە مافی دەنگدان بۆ هەمان ئەو گەلە دەکرێتو پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە؟

## ئایدیای سۆپەرمان

بانگەشەکانی ئەو ڕێکخراوە مرۆییانە پرسیارێکی دیکە بەرزدەکەنەوە، کە من زۆرجار لێیانم پرسیوە، ئەوەندەی بشزانم هەرگیز وەڵامیان نەداوەتەوە: ئەگەر مەیلە سروشتییەکانی مرۆڤ ئەوەندە خراپ بن کە ڕێگەدان بە ئازادبوونیان شتێکی سەلامەت نەبێت، ئەی چۆنە ئەو ڕێکخراوانە هەردەمو هەمیشە خاوەنی چەند مەیلێکی چاکن؟ ئایا یاسادانەرانو بازرگانە دەستنیشانکراوەکانی ئەوانیش، سەر بە چەشنی مرۆیی نین؟ یان ئایا ئەوانە لە قوڕێکی باشتر دروستکراون لەوەی باقی مرۆڤەکانی لێدروستکراوە؟ ئەو ڕێکخەرانەی سەروکاریی ئەو کۆمەڵگایە دەکەن، کاتێك ڕێنمایی ناکرێن، یەکسەر بەرەو وێرانکردنی کۆمەڵگاکە ملدەنێن، چونکە ڕەمەکەکانی مرۆڤ زۆر بە لاڕێدا دەڕۆن. یاسادانەران بانگەشەدەکەن کە ئەو ڕەوتە خۆکوژییە رادەوەستێننو ئاڕاستەیەکی ژیرانەتری پێدەدەن. کەواتە وادیارە یاسادانەرانو ڕێکخەران لە ئاسمانەوە هزرمەندیو نیکییەکی وەهایان پێدراوە کە دەیانخاتە سەرووی هەموو مرۆڤایەتییەوە، ئەگەر وابێت، ئەوا با ناوێك لەم سەروەرییەی خۆیان بنێن.

ئەوانە شوانی ئێمەن، ئێمەی مەڕەكانی ئەوان. بێشك ئەم وتەیە یەكسەر پێشگریمانەی ئەوە دەكات كە ئەوانە بە سروشتی خۆیان لە سەرووی هەموومانەوەن. ئێمەش هەقی خۆمانە داوا لە یاسادانەرانو ڕێكخەران بكەین بۆمان بسەلمێنن كە ئەوان بە سروشتی خۆیان سەروەری ئێمەن.

## سوسیالیستەكان ئیختیاری ئازاد ڕەتدەكەنەوە

تكایە لەوە تێبگەن كە من ماف ئەوان ڕەتناكەمەوە بۆ داهێنانی پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكان، بۆ ئاگاداركردنەوەیان، بۆ داكۆكیكردن لێیان، هەروەها خۆیانو خەرجیو مەسرەفییەكانیان تووشی ریسك بكەن. بەڵام من ئەو مافەیان ڕەتدەكەمەوە كە بەپێی یاسا نەخشەكانی خۆیان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن. . بەزۆر بیكەن. . ناچارمان بكەن باجو خەراجیان پێبدەین.

من پێداناگرم لەسەر ئەوەی كە پشتیوانانی ئەم قوتابخانە كۆمەڵایەتییە جیاجیایانەی هزر. . پرۆدۆنیستەكان، فۆریەكان، یونیڤێرسیتاریستەكان، پارێزەرەكان. . نكولی لە ئایدیا هەمەچەشنەكانی خۆیان بكەن. من تەنها لەسەر ئەوە سوورم كە نكولی لەم تاقە ئایدیایە بكەن كە هەموویان بەشدارن تێیدا: ئەوانە تەنها پێویستیان بەوەیە دەسبەرداری ئایدیای ناچاركردنی ئێمە ببن تا تەسلیمی گروپو زنجیرەكانیان ببین، هی پرۆژە بەكۆمەڵایەتیكراوەكانیان، بانكە ئازادەكانی ئەوان، چەمكە یۆنانی ڕۆمانییەكانیان لەمەڕ ئاكارێتی، هەروەها ڕێوشوێنە بازرگانییەكانیشیان. من تەنها داوای ئەوە دەكەم كە ڕێگەمان بدرێت خۆمان دەربارەی ئەم پلانانە بڕیاربدەین، ناچارنەكرێین پەسەندیان بكەین، ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، ئەگەر بۆمان دەركەوت ئەو پلانانە ناتەبان لەگەڵ بەرژەوەندییەكانماندا، یان ناكۆكن لەگەڵ ویژدانماندا.



بەڵام ئەم ڕێكخراوانە دەیانەوێت دەستیان بگاتە باجو فەندو دەسەڵاتی یاسا بۆ ئەوەی پلانەكانی ئەوان جێبەجێبكەن. وێڕای ئەوەش كە ئەم ئارەزووە سەركوتكارو نادادپەروەرانەیە، ئەوەش دەخاتە روو كە گریمانەكردنی مەترسیدار ئەوەیە كە ڕێكخەرەكە لە هەڵە پارێزراو بێتو چەشنی مرۆڤیش نالایەق بێت. بەڵام دیسان، ئەگەر تاكەكان نالایەق بن بۆ ئەوەی داوەریی بۆ خۆیان بكەن، ئەوا ئیتر بۆچی ئەم قسەكردنە گەرمە دەربارەی دەنگدانی گشتی هەیە؟

## هۆیەكانی شۆڕشەكانی فەرەنسا

بۆ بەدبەختی، بەڵام بەشێوەیەكی یاساییانە ئەم ناكۆكییە لە ئایدیاكاندا لە ڕووداوەكانی فەرەنسادا ڕەنگیداوەتەوە. بۆ نمونە، پیاوانی فەرەنسا ئەورووپییەكانی دیكەیان بەرەو بەدەستهێنانی مافەكانیان بردووە. . یان بەشێوەیەكی دروستتر بەدەستهێنانی داواكارییە سیاسییەكانیان. بەڵام ئەم ڕاستییە نەبووەتە هۆی ئەوەی ڕێگر بێت لەبەردەمی ئەوەدا كە خۆمان لە هەمووان زیاتر بەڕێوەبراوو جڵەوكراو بین، لە هەمووان زیاتر شتمان بەسەردا سەپێنرابێت، لە هەمووان كەویكراوتربین، هەروەها ڕەتێنراوترین گەلی ئەوروپا بین. فەرەنسا وەك ئەو جێگایە پێشڕەویی نەتەوەكانی دیكەی كردووە كە بەردەوام پێشبینی شۆڕشی لێدەكرێت. لەسایەی ئەم ڕەوشانەدا، شتێكی تەواو سروشتییە كە پێویستە مەسەلەكە ئاوابێت.

هەتا سیاسەتمەدارانی ئێمە بەردەوام بن لەسەر پەسەندكردنی ئەو ئایدیایەی میستەر لویس بلانك گوزارشتی لێكردووە، ڕەوشەكە هەرئاوا دەمێنێتەوە: "كۆمەڵگا جووڵەی خۆی لە دەسەڵاتەوە وەردەگرێت." هەتا مرۆڤ خاوەن هەستەكان بە بەركاریی بمێننەوە، ڕەوشەكە هەرئاوا دەمێنێتەوە، هەتا ئەوان خۆیان وا لەقەڵەمبدەن كە لە توانیاندا نیە بە هزرو وزەی خۆیان، كامەرانیو گوزەرانی خۆیان

باشتر بکەن، مەسەلەکە هەروا دەبێت، هەتا هەموو شتێك لە یاساوە قبووڵ بکەن، بەکورتی، هەتا ئەوان وا ئەندێشە بکەن کە پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە هەمان ئەو پەیوەندییەیە کە مەڕ بە شوانەوە هەیەتی.

## دەسەڵاتی یەکجار زۆری حکومەت

ئاشکرایە، هەتا ئەم ئایدیایانە باڵبکێشن، بەرپرسیارێتی حکومەت زۆر گەورە دەبێت. خۆشبەختیو بەدبەختی، زەنگینیو هەژاریی، یەکسانیو نایەکسانی، نیکیو بەدی، هەموو ئەرکانە پشتدەبەستن بە ئیدارەی سیاسی. حکومەت بارکراوە بە هەموو شت، هەموو شت دەگرێتە ئەستۆ، هەموو شتێك دەکات، بۆیە بەرپرسیاریشە لە هەموو شتێك.

ئەگەر بەختیاربین، ئەوا حکومەت دەڵێت هۆیەکەی منم، خۆ ئەگەر بەختیاریش نەبین، ئەوا پێویستە لۆمەی حکومەت بکرێت. چونکە ئەی ئەوە کەسەکانمانو موڵکەکانمان نیە لە بەردەستی حکومەتدا؟ ئەی یاسا ئەوپەڕی دەسەڵاتی نیە؟

پێویستە حکومەت لە میانی قۆرخکردنی پەروەردەدا، وەڵامی هیواکانی باوکانی خێزانەکان بداتەوە، ئەوانەی ئازادییەکانی خۆیانیان لێ زەوتکراوە، ئەگەر ئەو هیوایانە شکستیان هێنا، ئەوە خەتای کێیە؟

حکومەت لە سەروکاریکردنی پیشەسازییدا پەیمانیداوە گەشەی پێبدات، ئەگینا شتێکی بێهودەیە پیشەسازیی لە ئازادی دابماڵرێت. ئەگەر پیشەسازی ئێستا ئوفتادە بووبێت، ئەوە خەتای کێیە؟

لە دەستێوەردانی هاوسەنگی بازرگانیدا، بەوەی دەسکاریی باجو تاریفەکان بکرێت، حکومەت پەیماندەدات بازرگانی گەشەبکات، بەڵام ئەگەر سەرەنجامەکەی وێرانبوون بێت لەبری گەشانەوە، ئەوە خەتای کێیە؟



لە دابینکردنی پارێزگاریکردندا لەبری ئازادی بۆ پیشەسازیی تا داکۆکی لێبکات، حکومەت پەیمانی داوە وایلێبکات قازانجی هەبێت، بەڵام ئەگەر بوون بە باجدەری بارگران، ئەوە خەتای کێیە؟

بۆیە ناڕەزایی لەناو نەتەوەدا لەبەرئەوە نیە حکومەت خۆبەخشانە خۆی کردبێت بە بەرپرس. ئەوە سەرکوتکردنە، کە هەموو هەڵەیەك هەڕەشەی روودانی شۆڕشێکی دیکە لە فەرەنسادا زیاتر دەکات؟

ئەی چ دەوایەك بۆ ئەمە پێشنیارکراوە؟ بەرینکردنەوەی بێسنوری قەڵەمڕەوی یاسا، ئەمە بەرپرسیارێتی حکومەتە.

بەڵام ئەگەر حکومەت ئەرکی کۆنترۆڵکردن بگرێتە ئەستۆ، بیەوێت مووچەکان بەرزبکاتەوە، بەڵام ئەوکارەی پێنەکرێت، ئەگەر حکومەت ئەرکی پشتیوانیکردنی کارگەرە بێکارەکان وەئەستۆ بگرێت، نەشتوانێت بەجێی بگەیەنێت، ئەگەر حکومەت ئەرکی قەرزی بێ سوو بۆ هەمووان بگرێتە ئەستۆو پێشی نەکرێت، ئەگەر ئەم وشانەی کە ئێمە پێمان خۆش نیە بیانڵێین لە قەڵەمەکەی میستەر لامارتینییەوە هەڵبوەرێن"دەوڵەت واپیشاندەدات کە ئامانجی ئەو رۆشنکردنەوەیە، پێشخستنە، بەرینکردنەوەیە، بەهێزکردنە، رۆح بەبەراکردنە، پیرۆزکردنی رەوانی گەلە" . . ئەگەر حکومەتیش نەتوانێت هەموو ئەم شتانە بکات، کەواتە چی؟ ئایا ئەوە روون نیە کە دوای هەموو شکستێکی حکومەت. . کە بەداخەوە زۆر لەوە زیاتر کە شیاو بێت. . ئەوە شۆڕشکردن خۆڵێلادانی بۆ نیە؟

## سیاسەتو ئابوری

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ بابەتێك كە لە سەرەتاكانی ئەم وتارەدا بە كورتی قسەی لەسەركرا: (پەیوەندی نێوان ئابوریو سیاسەت. . ئابوری سیاسی).

دەتوانیت بەشێوەیەكی لۆجیكییانە بڵێین، زانستی ئابوری پێش زانستی سیاسی پەرەی سەندووە. لە بنچینەدا، ئابوری بریتیە لە زانستی بایەخدان بەوەی ئایا بەرژەوەندییەكانی مرۆڤەكان هارمۆنین یان ناسازن. پێویستە ئەمە بزانرێت پێشئەوەی زانستێكی سیاسی فۆرمولە بكرێت بۆ بایەخدان بە وەزیفە گونجاوەكانی حكومەت.

یەكسەر دوای پەرەسەندنی زانستی ئابوریو سەرەتای پێكهاتنی زانستی سیاسەت، پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە بدرێتەوە: یاسا چیە؟

دەبێت چی بێت؟ كایەی كاركردنی كامەیە، سنورەكانی كامانەن؟ بەشێوەیەكی لۆجیكییانە، دەبێت لە چ خاڵێكدا دەسەڵاتە دادپەروەرەكانی یاسادانەر رابوەستێت؟

پێویستیم بە پەلەپڕوزێ نیە بۆ وەڵامدانەوە: یاسا هێزێكی هاوبەشەو وەها رێكخراوە كە وەك رێگرێك لەبەردەمی نادادپەروەریدا رەفتاربكات. بەكورتی یاسا بریتیە لە دادپەروەری.

## وەزیفە گونجاوەكانی یاسادانان

ئەوە راست نیە كە یاسادانەر دەسەڵاتی رەهای هەیە بەسەر كەسو موڵكەكاندا. بوونی كەسو موڵكەكان پێش بوونی یاسادانەر كەوتووە، وەزیفەی ئەویش بە زامنكردنی ئاسایشە بۆیانو بەس.

ئەوە راست نیە كە وەزیفەی یاسا بریتی بێت لە سەرپەرشتیكردنی هۆشمان، ئایدیاكانمان، ئیرادەمان، پەروەردەمان، بۆچوونەكانمان، كارمان، بازرگانیمان،



بەهرەكانمان، چێژەكانمان. وەزیفەی یاسا بۆ ئەوەیە بوونی ئازادانەی ئەو مافانە بپارێزێت، رێگە لە هەر تاكێك بگرێت كە دەست بخاتە ناو پیادەكردنی ئازادانەی ئەو مافە هاوشێوانەی هەموو كەسێك خاوەنیانە.

لەبەرئەوەی یاسا بە زەرورەت پێویستی بە پشتیوانیی هێز هەیە، بۆیە باڵكێشانی یاساییانە تەنها لەو پانتاییانەدا دەبێت كە بەكارهێنانی هێز پێویستە. ئەمەیە دادپەروەریی.

هەموو تاكێك مافی ئەوەی هەیە هێز بەكاربهێنێت بۆ داكۆكیكردنی یاساییانە لە خودی خۆی. لەبەرئەم هۆیەیە كە دەتوانرێت هێزی دەستەجەمی. . كە بە تەنها بریتیە لە سەرجەمی هێزی تاكەكان. . بە شێوەیەكی یاساییانە بەكاربهێنرێت بۆ هەمان مەبەست، ناشتوانرێت بە شێوەیەكی یاساییانە بۆ هەر مەبەستێكی دیكە بەكاربهێنرێت.

یاسا لە دەزگای مافەكانی تاكە بۆ داكۆكی لە خود كردن، ئەو داكۆكییەی پێش فۆرمولەكرانی یاسا بوونی هەیە. یاسا بریتیە لە دادپەروەری.

## یاساو خێرخوایی هەمان شت نین

ئەركی یاسا بریتی نیە لە سەركوتكردنی تاكەكانو رووتكردنەوەیان لە موڵكەكانیان، رەنگە یاسا بەشێوەیەكی رەگەزپەرستانە رەفتار بكات، بەڵام ئەركی ئەو پاراستنی تاكەكانو موڵكەكانە.

لەوەش زیاتر، پێویستە ئەوە نەوترێت كە رەنگە یاسا رەگەزپەرست بێت، چونكە لە پرۆسێسەكەدا یاسا لە سەركوتكردنی تاكەكانو تاڵانكردنیان لە موڵكەكانیان دەسڵەمێتەوە، ئەمە ناكۆكی دەبێت. یاسا ناتوانێت خۆی لابدات لەوەی كاریگەریی لەسەر تاكەكانو موڵكەكان هەبێت، ئەگەر یاسا بەشێوەیەك رەفتار بكات كە

پارێزگارییان لێبکات، ئەوا بە زەرورەت ئازادی تاکەکانو مافیان لەسەر موڵکەکانیان پێشێلدەکات.

یاسا دادپەروەرییە. . ئەمە سادەو روونە، ئاشکراو بەرچاوە. هەموو چاوێك دەتوانێت بیبینێت، هەموو هزرێك دەتوانێت پەی پێببات، چونکە دادپەروەریی پێوانەییە، نەگۆڕەو لەگۆڕان نایەت. دادپەروەریی لەمە کەمترو زیاتر نیە.

ئەگەر ئەم سنورەتان بەزاند. . ئەگەر هەوڵتاندا یاسا بکەن بە شتێکی ئاینی، دۆستانە، یەکسانگەرا، چەشنپەرست، پیشەساز، ئەدەبی یان هونەریی. . ئەوە لەناو هەرێمێکی نەدۆزراوەدا وێڵدەبن، لە تەمومژو نادڵنیاییدا نغرۆ دەبن، لە یۆتۆپیاداو بگرە خراپتریش لە ناو چەندین یۆتۆپیادا دەبن، هەریەکەیان تێدەکۆشێت بۆ دەستگەیشتن بەیاساو سەپاندنی بەسەر ئێوەدا. ئەمە راستە چونکە دۆستایەتیو رەگەزپەرستی وەك دادپەروەریی نینو سنوری دیاریکراویان نیە. هەرئەوەندەی دەستتانپێکرد، ئیتر لەکوێدا رادەوەستن؟ ئەی یاسا خۆی لەکوێدا رادەوەستێت؟

## رێگای خێرا بەرەو کۆمۆنیزم

میستەر سانت دی کریك ئەم رەگەزپەرستییە بەریندەکاتەوە تەنها بۆ ئەوەی چەند گروپێکی پیشەسازیی بگرێتەوە، ئەو داوادەکات یاسا کۆنترۆڵی بەکاربەران بکات بۆ ئەوەی سوود بە بەرهەمهێنەران بگەیەنێت.

میستەر کۆنسیدێران هۆی گروپەکانی کار پەسەند دەکات، ئەو یاسا بەکاردەهێنێت بۆ زامنکردنی لانیکەمی پۆشاك، نیشتەجێ، خۆراكو پێویستییەکانی دیکەی ژیان بۆیان.



میستەر لویس بلانکیش دەڵێت . . قسەکەشی ماقووڵی تێدایە . . گەرەنتیکردنی ئەم لانیکەمە سەرەتایەکە بۆ دۆستگەرایی، ئەو دەڵێت پێویستە یاسا ئامرازەکانی بەرهەمهێنانو پەروەردەی ئازاد بۆ هەموو خەڵکانی کارگەر دابین بکات. .

کەسێکی دیکە سەرنجدەدات کە ئەم ئامادەکارییە هێشتا بۆشاییەك بۆ نایەکسانێتی دەهێڵێتەوە، ئەو دەڵێت کە پێویستە یاسا خۆشگوزەرانیو ئەدەبو هونەر بدات بە هەمووان.

هەموو ئەم پێشنیارانە بریتین لە رێگای خێرای بەرەو کۆمیونیزم، ئەوساش یاسادانان، لەڕاستیدا ئێستاش وایە، شەڕگەی فانتاسیاو چاوچنۆکی هەمووان.

## بناغەکانی حکومەتێکی سەقامگیر

یاسا دادە. حکومەتێکی سادەو بەردەوام دەتوانێت هەبێت. من تەحەدای هەرکەسێك دەکەم کە بڵێت چۆن شۆڕش، ئاشوب، راپەڕینی بێپێزیش دەتوانێت دژی حکومەتێك بەرپاببێت کە هێزە رێکخراوەکانی تەنها بۆ ئەوە تەرخانکراون کە نادادپەروەریی سەرکوت بکەن.

لەسایەی رژێمێکی وەهادا، ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی دەبێت. . ئەوپەڕی یەکسانیش بەرکەماڵ دەبێت. بۆ ئەو نەهامەتییانەش کە لە مرۆڤایەتی جیانابنەوە، کەس تەنانەت بیریش لەوە ناکاتەوە کە حکومەتیان پێ تاوانبار بکات. ئەمە راستە چونکە، ئەگەر هێزی حکومەت سنورداربێت بۆ سەرکوتکردنی نادادپەروەریی، ئەوا حکومەت تاوانبار نیە لەو نەهامەتییانە وەك ئەوەی ئێستا بێتاوانە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی پلەی گەرمی.

وەك بەڵگەیەك بۆ ئەم گوزارشتە، بڕوانە ئەم پرسیارە: ئایا هەرگیز زانراوە گەل راپەڕیبێت دژی دادگای تێهەڵچوونەوە، یان گەرەلاوژەیان کردبێت دژی دادگای ئاشتی،

بۆ ئەوەی کرێیەکی بەرزتر وەربگرن، ئامێرەکانی بەرهەمهێنان بەدەستبهێنن، تاریفەی گونجاویان لێوەربگیرێت، یان ئەو کارانەی حکومەت دروستیکردوون؟ هەموو کەسێك بە باشی دەزانێت کە ئەو شتانە لەناو یاساکانی دادگای تێهەڵچوونەوە یان دادگای ئاشتیدا نین. ئەگەر حکومەت خەریکی وەزیفە گونجاوەکانی خۆی بێت، هەرزوو هەمووان فێردەبن کە ئەو شتانە لەناو قەڵەمڕەوی یاساشدا بوونیان نیە.

بەڵام ئەگەر یاساکان بەپێی پرەنسیپی دۆستایەتی دانرابێت. . ئەوە هەموو چاکەیەك، هەموو خراپەیەك لە یاساوە هەڵدەقوڵێت، چونکە یاسا بەرپرسیارە لە هەموو نەهامەتییەکانی تاكو هەموو نایەکسانێتییەکانی ناو کۆمەڵگا. . ئەوساش دەرگا دەکرێتەوە بۆ چەندین نارەزایی، هەژانو بزاوتن، گیروگرفت، شۆڕشی لەبن نەهاتوو.

## داد مانای مافی یەکسان دەگەیەنێت

یاسا دادە. لە راستیدا ئەوە شتێکی نامۆ دەبێت ئەگەر یاسا بتوانێت هەر شتێکی دیکە بێت! ئایا دادپەروەریی ماف نیە؟ ئایا مافەکان یەکسان نین؟ بەچ مافێك یاسا من ناچاردەکات پێڕەویی لە پلانە کۆمەڵایەتییەکانی میستەر میمیرێل، میستەر دی میلون، میستەر سێرس یان میستەر لویس بلانك بکەم؟ ئەگەر یاسا مافێکی ئاکارییانەی هەبێت ئەمە بکات، ئیتر بۆچی ئەو پیاوماقوڵانە ناچارناکات پێڕەویی گوێڕایەڵی پلانەکانی من ببن؟ ئایا ئەوە شتێکی لۆجیکییانەیە کە گریمانە بکەم کە سروشت ئەندێشەیەکی بەکاری نەداوە بەمن تا منیش خەون بە یۆتۆپیایەکەوە ببینم؟ ئایا دەبێت یاسا یەك فانتاسیا لەنێوان چەند دانەیەکی زۆردا هەڵببژێرێت، ئینجا هێزی رێکخراوی حکومەت بخاتە خزمەتی ئەوەوە بە تەنها؟



یاسا دادە. با نەڵێین . . وەك بەردەوام وتراوە. . کە لەسایەی ئەم چەمکەدا، یاسا کافر، تاکگەرا، بێدڵ دەبێت، مرۆڤ دەخاتە ناو وێنەکەی خۆیەوە. ئەمە دەرەنجامێکی پڕوپووچە، تەنها لای ئەو حکومەتپەرستانە ئەرزشی هەیە کە باوەڕیان وایە یاسا مرۆڤە.

قسەی هیچ! ئایا ئەو حکومەتپەرستانە باوەڕیانوایە کە تاکە ئازادەکان دەستەوسان دەبن؟ ئایا ئەمە ئەوەی بەدوادا دێت کە ئەگەر ئێمە هیچ وزەیەکمان لە یاساوە دەستنەکەوت، ئیتر هیچ وزەو تینێکمان دەستناکەوێت؟ ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەگەر یاسا سنوردارکرا بۆ وەزیفەی پاراستنی بەکارهێنانی ئازادانەی بەهرەکانمان، ئیتر ناتوانین ئەو بەهرانەمان بەکاربهێنین؟ گریمان یاسا ناچارمان ناکات بۆ شوێنکەوتنی شێوەیەکی دیاریکراوی ئایین، یاخود سیستمێکی کۆبوونەوە، یان میتۆدێکی پەروەردە، یاخود رێساکانی کار، یان رێساکانی بازرگانی، یاخود پلانەکانی خێرخوایی، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە خۆشحاڵانە باوەشدەکەین بە بێباوەڕیی، گۆشەگیریی، نەزانی، بێچارەیی، چاوچنۆکیدا؟ ئەگەر ئێمە ئازاد بین، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە نابێت چیتر دەسەڵاتو میهرەبانی خودا بناسینەوە؟ ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئیتر خۆمان بدزینەوە لە هاوبەشیکردنی یەکتریی، یارمەتیدانی یەکتریی، برا بەدبەختەکانمان خۆش نەوێتو پشتیان نەگرین، لە نهێنییەکانی سروشت نەکۆڵینەوە، تێنەکۆشین بۆ پێشخستنی خۆمان تا دەگەینە باشترین توانستەکانمان؟

## ڕێڕەوی بەرەو مەزنیو پێشکەوتن

یاسا دادە. لەسایەی یاسای دادپەروەریشدا، لە سای باڵادەستی مافدا، لەژێر کاریگەریی ئازادی، ئاسایش، سەقامگیریی و بەرپرسیارێتیدا. . هەموو تاکێك دەگاتە شایستەیی راستەقینەی خۆیو مەزنیی راستەقینەی بوونی خۆی. بە تەنها لە سایەی ئەم یاسای دادپەروەرییەدا کە مرۆڤ نەخشەکەی خودا بۆ پێشکەوتنی ئاشتییانەی مرۆڤایەتی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بێشك هێواش هێواش بەڵام بە دڵنیایی.

پێموایە ئەمە لە رووی تیوریییەوە راستە، چونکە هەر پرسیارێك بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە. . چ ئاینی، فەلسەفی، سیاسی، یان ئابوریی بێت، چ ئەگەر سەبارەت بە خۆشگوزەرانی بێت یان ئاکارێتی، یەکسانی، ماف، داد، دارایی، یان حکومەت بێت. . لەهەر خاڵێکی ئاسۆی گونجاودا من دەستبکەم بە تۆژینەوەکانم، دەگەمە یەك دەرەنجام: چارەسەری گرفتی پەیوەندییە مرۆییەکان لە ئازادیدا دەدۆزرێتەوە.

## سەلماندنی ئایدیایەك

جا ئایا ئەزمونیش ئەمە ناسەلمێنێت؟ بڕوانە تەواوی جیهان. چ وڵاتێك زۆرترین ئاشتی تێدایە، زۆرترین ئاکار، لەگەڵ کامەرانترین گەل؟ ئەو گەلانە لەو وڵاتانەدا هەن کە تێیاندا یاسا کەمترین دەستێوەردانی هەیە بۆ کاروبارە تایبەتییەکان، کە حکومەت بە ئاستەم هەستیپێدەکرێت، کە تاك بەرینترین پانتایی هەیە، بۆچوونی ئازادیش گەورەترین کاریگەریی هەیە، کە دەسەڵاتە ئیدارییەکان کەمترینو سادەترینن، کە باجەکان زۆر کەمنو نزیکە یەکسانیشن بۆ هەمووان، نیگەرانیی میللی لە نزمترین ئاستیدایەو قابلیلی پاساودانە، لەوێ تاکەکانو گروپەکان زۆر چالاکانە بەرپرسیارێتییەکانیان وەئەستۆ دەگرن، سەرەنجامیش، کە ئاکارە سەلمێنراوەکانی مرۆڤی ناکامڵ بەردەوام لە پێشکەوتندان، کە بازرگانی، ئەنجومەنەکان، دامەزراوەکان



کەمترین قەدەغەکارییان لەسەرە، کە کار، سەرمایە، دانیشتوان، بەدەست کەمترین هێزی جێگۆڕکێوە دەناڵێنن، کە مرۆڤ تەنها شوێن نیهادە سروشتییەکانی خۆی دەکەوێت، کە داهێنانەکانی مرۆڤ لەگەڵ یاساکانی خودادا لە هارمۆنیدان، بەکورتی ئاسودەترین، ئاکاریترین، ئاشتیترین گەل ئەوانەن کە پێڕەوی لەم پرەنسیپە دەکەن: گەرچی مرۆڤ کامڵ نیە، بەڵام هێشتا هەموو هیواکان لەسایەی کردەوەی ئازادو خۆبەخشانەی تاکەکاندا لەناو سنوری مافدا، یاسا، یان هێزیش بەکاربهێنرێت بۆ هیچ شتێك نا جگە لە بەڕێوەبردنی دادپەروەریی گەردونی.

## ئارەزووی فەرمانڕەواییکردنی ئەوانیدی

پێویستە ئەمە بوترێت: گەلێك پیاوی مەزن لە جیهاندا هەن، یاسادانەران، رێکخەران، چاکەکەران، سەرکردەی گەلان، باوانی نەتەوەکان، هتد. گەلێك کەس خۆیان لەسەرووی مرۆڤەوە داناوە، ئەوانە کاری رێکخستن، چاودێریکردن، فەرمانڕەواییکردنی ئەویان کردووە.

ئێستا دێتو یەکێك دەڵێت:"تۆش خۆت هەمان شت دەکەیت."

راستە. بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنێین کە من بەشێوەیەکی تەواو جیاواز رەفتار دەکەم، ئەگەر من پەیوەندیم کردبێت بە ریزی ریفۆرمیستەکانەوە، ئەوە تەنها بۆ مەبەستی قایلکردنیانە بۆ ئەوەی واز لە خەڵك بهێنن. من بەو شێوەیە ناڕوانم کە ڤانکاوسۆن سەیری ئۆتۆمبیلەکەی پێدەکرد، بەپێچەوانەوە وەك سایکۆلۆجیستێك کە جەستەی مرۆڤ وەکو خۆی دەبینێت، منیش ئاوا خەڵك وەك خۆیان پەسەند دەکەم. من بە تەنها ئارەزووی لێکۆڵینەوەو پێسەرسامبوون دەکەم.

تێڕوانینی من بۆ هەموو کەسەکانی دیکە بەم چیرۆکەی گەشتیارێکی لێهاتوو کورتدەکرێتەوە: رۆژێکیان گەیشتە لای خێڵێك لە کێوییەکان، تازە منداڵێك لەدایك

ببوو، ئاپۆرایەکی فالگرەوەو ئەفسونبازو ئۆینبازەکان کۆببوونەوە، ئەڵقەو قولاپو بەنیان پێبوو، دەورەیان دابوو. یەکێکیان وتی"ئەم منداڵە هەرگیز بەرامەی ئاشتی هەڵنامژێت هەتا من لووتی رانەکێشم." یەکێکی دی وتی:"هەرگیز ناتوانێت ببیستێت هەتا تەرمەی گوێی هەتا لای شانی رانەکێشم." سێهەمیش وتی"ئەو هەرگیز خۆرەڵاتن نابینێت هەتا من دەست نەبەم بۆ چاوی." یەکێکی دیکە وتی:" هەتا من قاچی نەنوشتێنمەوە هەرگیز ناتوانێت هەستێتە سەرپێ." پێنجەم وتی:"هەرگیز فێرنابێت بیربکاتەوە هەتا من سەری پان نەکەمەوە." گەشتیارەکە وتی:"بۆستن، ئەوەی خودا کردوویەتی باشی کردووە، ئێوە لاف ئەوە لێمەدەن لەو زیاتر بزانن. خودا ئەندامی بەخشیوە بەم بونەوەرە ناسکە، لێگەڕێن با بە مەشقکردن گەشەبکەنو بەهێز بن، مەشقکردن لەگەڵ ئازادیدا بەکاربهێنن."



## با ئێستا ئازادی تاقیبکەینەوە

خودا هەموو شتێکی پێوستی داوە بە مرۆڤەکان تا شوێن چارەنوسی خۆیان بکەون. ئەو لەپاڵ شێوەیەکی مرۆییدا شێوەیەکی کۆمەڵایەتیشی پێداون. ئەم ئەندامە کۆمەڵایەتییانە کە تاکەکانن بەشێوەیەك دروستکراون کە بەشێوەیەکی هارمۆنیانە لە هەوای پاكو ئازادیدا خۆیان پێشبخەن. کەواتە با ئۆینبازو رێکخەرەکان لاچن! با بەخۆیانو ئەڵقەو زنجیرو بەنو قولاپەکانیانەوە دووربکەونەوە، پڕۆژە کۆمەڵایەتییەکانیان، سەنتەرگیرییەکانیان، تاریفەکانیان، قوتابخانە حکومییەکانیان، ئاینی دەوڵەتەکانیان، متمانە ئازادەکانیان، بانکە مۆنۆپۆڵەکانیان، رێساکانیان، قەدەغەکارییەکانیان، یەکسانکردنەکانیان بە باج، ئاکارێتییەکانیان دووربخەنەوە.

ئێستاش کە یاسادانەرانو چاکەکاران بێهودە جۆرەها سیستمیان بەسەر کۆمەڵگادا سەپاند، با سەرەنجام لەو شوێنەدا کۆتاییان بێت کە دەستیان پێکرد: با هەموو سیستمەکان رەتبکەنەوەو ئازادی تاقیبکەنەوە، چونکە ئازادی داننانە بە باوەڕبوون بە خوداو کارەکانیدا.

ئەوەی دەبینرێت و ئەوەی نابینرێت

لە بواری ئابوریدا، کردارێك، نەریتێك، عورفێك یان یاسایەك نیە کە تەنها یەك دەرەنجامی هەبێت، بەڵکو زنجیرەیەك دەرەنجامی لێدەکەوێتەوە. لە نێو ئەو دەرەنجامانەدا، تەنها یەکەمیان خێراو ڕاستەوخۆ دێتە دی. ئەمەیان هاوکات لەگەڵ هۆکارەکەدا دەردەکەوێتو دەبینرێت. دەرەنجامەکانی تریش، دواتر دەردەکەونو بینراو نین. خۆ ئەگەر توانیمان پێشبینی ڕوودانیان بکەین ئەوا دەبێت خۆمان بە خۆشبەخت بزانین.

تەنها یەك جیاوازی لە نێوان ئابوریناسی باشو ئابوریناسی خراپدا هەیە. ئابوریناسی خراپ خۆی لە چوارچێوەی دەرەنجامی بینراودا قەتیس دەکات، وەلێ ئابوریناسی باش دەرەنجامی نەبینراو و ئەو دەرەنجامانەش بەهەند وەردەگرێت کە پێویستە پێشبینی بکرێن.

ئەمەش جیاوازیەکی ئێکجار گەورەیە، چونکە زۆرجار یان هەمیشە وا دەکەوێتەوە کە کاتێك دەرەنجامە خێراکە پەسەندکراو دەبێت، ئیتر دەرەنجامەکانی دواتر کارەساتئامێز دەبنو بە پێچەوانەشەوە. بەمشێوەیە ئابوریناسی خراپ شوێن باشیەکی کەمی هەنوکەیی دەکەوێت کە خراپیەکی بێ پایان بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لە کاتێکدا ئابوریناسی باش بە خۆ خستنە نێو ڕیسکی خراپیەکی کەمی هەنوکەیی، شوێن باشیەکی بێ پایان دەکەوێت.

بێگومان هەمان بۆ تەندروستیو ئاکاریش ڕاستە. زۆر جار یەکەمین بەروبوومی هەڵسوکەوتێکی تایبەت چەندە شیرین بێت، هێندەش دواهەمین بەروبومەکانی تاڵ دەبن وەکو: بەد ڕەوشتیو تەمبەڵیو دەستبڵاوی. کاتێك مرۆڤێك دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەرەنجامێکی بینراوەو هێشتا فێرنەبووە پێشبینی دەرەنجامە نەبینراوەکان بکات، ئەوا نەك تەنها بەهۆی پاڵنەرە سروشتیەکانی مرۆڤەوە بەڵکو بە ئەنقەستو بێ پەروا دەخزێنە نێو هەڵسوکەوتگەلێکی ناپەسەندەوە.

ئەمەش گەشەسەندنی پڕ لە ئازاری مرۆڤەکان ڕاڤە دەکات کە هەر دەبێت ئەوها ڕووبدات. ئەو لە نێو بێشکەکەیدا نەزانی ئابلۆقەی دەدات، بۆیە کردارەکانی بەپێی دەرەنجامە سەرەتاییەکانیان ڕێك دەخات چونکە ئەوانە تەنها دەرەنجامن کە ئەوی کۆرپە دەتوانێت بیانبینێت. پاش زەمەنێکی دوورو درێژ ئینجا دەتوانێت دەرەنجامەکانی تر بە هەند وەربگرێت. دوو مامۆستای زۆر جیاوازیش ئەم وانەیەی دادەدەن: ئەزموون‌و پێشبینی. ئەزموون کاریگەرانە بەلاّم دڕندانە فێرمان دەکات. زانیاریمان لەسەر هەموو دەرەنجامەکانی هەڵسوکەوتێك پێدەبەخشێت، بەوەی وامان لێدەکات هەستیان پێ بکەین. ئێمە بە سوتاندنی جەستەی خۆمان فێری ئەم ڕاستیە دەبین: (ئاگر دەبێتە هۆی سوتان). من وام پێباشترە بەپێی توانا ئەم مامۆستا توندو تیژە بگۆڕم بە یەکێکی نەرم‌و نیانتر: پێشبینی. لەبەر ئەم هۆیە، دەستدەکەم بە لێکۆڵینەوەی دەرەنجامەکانی چەند دیاردەیەکی ئابووری‌و بەراوردێك دەکەم لە نێوان ئەو دەرەنجامانەدا کە دەبینرێن لەگەڵ ئەوانەدا کە نابینرێن.

## ١. پە نجەرە شکاوەکە

قەت بینیوتە جەیمس گودفیلۆی دلڕەق چۆن تووڕە دەبێت، ئەویش کاتێك کوڕە لاسارەکەی شوشەی پەنجەرەیەك دەشکێنێت؟ ئەگەر دیمەنێکی ئاوەهات دیبێت، ئەوا بێگومان تێبینیت کردوە کە بینەرانی ئەم ڕووداوە، تەنانەت ئەگەر ژمارەیان لە سی کەسیش تێپەڕیبێت، ئەوا وەك ئەوەی ڕێکەوتبن، هەموویان هەر هەمان دڵنەوایی ئەو بەدبەختە دەکەن:"هیچ نەگبەتییەك نیە کە لە لایەکەوە سودی کەسێکی تێدا نەبێت. ئەم ڕووداوانە دەبنە هۆی بەردەوام بوونی پیشەسازی. هەموو کەسێك دەبێت نانێك پەیدا بکات تا بیخوات. ئەگەر هیچ کەس پەنجەرەیەك نەشکێنێت شوشەچییەکان چیان بەسەر دێت؟"



داڕشتنی ئەم دڵنەواییە خۆی بیردۆزەیەکی تەواو لەخۆ دەگرێت خستنەڕووی بیرۆکەیەکی چاکە. بەداخەوە ئەم حاڵەتە زۆر سادەیە دەقاودەق هاوشێوەی ئەو شتانەیە کە بوون بە بنچینەی زۆربەی دامەزراوە ئابوریەکانمان.

گریمان چاکردنەوەی پەنجەرەکە شەش فرەنکی تێدەچێت. گەر مەبەستت ئەوەیە بڵێیت ڕووداوەکە بایی شەش فرەنك پیشەسازی ناوبراو هان دەدات، دەڵێم ڕاستە. هەرگیز ناڵێم وا نیە چونکە بۆچونەکەت ڕاستە. شوشەچییەکە دێت، کارەکەی ئەنجام دەدات، شەش فرەنك وەردەگرێت‌و لە دڵی خۆیدا دوعای خێر بۆ ئەو منداڵە لاسارە دەکات. ئەمە ئەوەیە کە دەبینرێت. بەلاّم ئەگەر لەم ڕێگەیەوەو وەك زۆر جار ڕوو دەدات، بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە پەنجەرە شکاندن ئیشێکی چاکەو یارمەتی پارە کۆکردنەوە دەدات‌و بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی هاندانی پیشەسازی، ئەوا ناچار دەبم هاوار بکەم‌و بڵێم: نا هەرگیز وانیە! بیردۆزەکەت لە بینراودا دەوەستێت‌و دەرەنجامی نەبینراو بەهەند وەرناگرێت.

ئەوە نابینرێت کە مادام هاولاّتیەکەمان شەش فرەنکی داوە بە شتێك، ئەوا ناتوانێت ئەو پارەیە بدات بە شتێکی تر. ئەوە نابینرێت کە ئەگەر شوشەی پەنجەرەی نەگۆڕیبایە ئەوا دەیتوانی بۆ نمونە پێلاّوە دڕاوەکانی بگۆڕێت یان دەیتوانی کتێبێك بۆ کتێبخانەکەی زیاد بکات. بە کورتی دەیتوانی ئەو شەش فرەنکە بدات بە شتێك کە ئێستا نیەتی.

باپیشەسازی بە شێوەیەکی گشتی وەربگرین. کە پەنجەرەکە شکێنرا ئەوا پیشەسازی شوشە بە شەش فرەنك هاندەدرێت. ئەمە ئەوەیە کە دەبینرێت.

خۆ ئەگەر پەنجەرەکە نەشکێنرایە ئەوا پیشەسازی پێلاّو (یان پیشەسازییەکی تر) بایی شەش فرەنك هاندەدرا. ئەمە ئەوەیە نابینرێت.

ئێستا ئەگەر بڕوانین، ئەوەی نابینرێت هۆکارێکی نێگەتیڤە، ئەوەش کە دەبینرێت هۆکارێکی پۆزەتیڤە، بۆیە دەبێت لە ئەنجامدا تێبگەین کە شتێك نیە پێی بگوترێت: قازانجی پیشەسازی بە گشتی یان خستنە کاری نیشتمانی بە گشتی، جا ئەگەر پەنجەرە بشکێنرێت یان نەشکێنرێت.

ئێستا با بیر لە جەیمس گود فیلۆ بکەینەوە.

لە ئەگەری یەکەمدا، بە شکانی پەنجەرەکە، ئەو شەش فرەنك خەرج دەکاتو دەبێتەوە بە خاوەنی یەك پەنجەرە، نە زیاترو نە کەمتر.

کەچی لە ئەگەری دووهەمدا، کاتێك ڕووداوەکە ڕوو نادات، ئەو شەش فرەنکە دەدات بە جوتێك پێڵاوی نوێو دەبێتە خاوەنی جووتێك پێڵاوی نوێو پەنجەرەیەکیشی هەیە.

دیارە جەیمس گودفیلۆ بەشێکە لە کۆمەڵگا، بۆیە دەبێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کە کۆمەڵگا بە هۆی گرنگیدانی بە کارو خاوەندارێتییەکان، نرخی پەنجەرە شکاوەکەی لە دەستداوە.

لێرەوەو لە ڕێگەی گشتاندنەوە دەگەینە ئەم دەرەنجامە چاوەڕوان نەکراوە!"کۆمەڵگا نرخی شت گەلێك دەدۆڕێنێت کە لە خۆڕا شکاون". بەپێی ئەم دێڕە ژیرانەیەش، کە داکۆکیکەران لە بازرگانی نیشتیمانی دەتۆقێنێت:" بە شکاندنو وێرانکردنو بە فیڕۆدان پشتگیری لە کارو پیشەی نەتەوەیی ناکرێت،" یان لەوەش کورتتر:"وێران کردن قازانجبەخش نیە."

ئەو داکۆکیکەرانە لە وەڵامی ئەمەدا چی دەڵێن؟ یان موریدەکانی (م. دو. سەیت شامانز) ی بەڕێز کە زۆر بە وردی حیسابی ئەو قازانجەی دەکرد کە لە ئەنجامی سووتانی پاریس پیشەسازی بە دەستی دێنێت، ئەویش بە هۆی ئەو خانوانەوە کە سەر لە نوێ بینا دەکرێنەوە؟



دەبێ بمبورێت کە من ژمێریاریە ژیرانەکەی وەڕس دەکەم، بە تایبەت پاش ئەوەی ڕۆحی ژمێریاریانەی ئەو دزەی کردۆتە نێو یاسادانەرانمەوە. من لێی دەپاڕێمەوە سەرلەنوێ بە حساباتەکەیدا بچێتەوەو لە دەفتەری تۆمارەکەیدا لە پاڵ بینراوەکاندا، نەبینراوەکانیش تۆماربکات.

پێویستە خوێنەر لە نێو ئەو دراما کورتەدا کە پێشکەشمکرد، تێبینی ئەوەی کردبێت کە کەسەکان تەنها دووان نین بەڵکو سیانن.

یەکەمیان جەیمس گود فیلۆی بەکار بەرەو بە هۆی وێرانکاریەوە لە خاوەنی دوو شتەوە بۆتە خاوەنی یەك شت. دووهەمیان لە کەسێتی شوشەچیدا دەردەکەوێت، بەرهەمهێنەرەو ڕوداوەکە خزمەتی پیشەسازییەکەی دەکات. سێهەمیان دروستکەری پێڵاوە (یان هەر پیشەوەرێکی تر) کە لەبەر هەمان هۆ پیشەسازییەکەی زیانی پێدەگات. ئەم کەسە سێهەمە رەگەزێکی سەرەکی کێشەکەیە، بەڵام هەمیشە لە تاریکیدایەو نوێنەری ئەوەیە کە نابینرێت. هەر ئەویش وامان لێدەکات تێبگەین چەندە بێهودەیە لە وێرانکاریدا قازانج ببینین، دیسان هەر ئەویشە فێرماندەکات کە بێهودەیە قازانج لە سنوردارکردنی بازرگانیدا ببینین، کە دواجار جگە لە نیمچە وێرانکردنێك، هیچی تر نیە.

بەمشێوەیە، ئەگەر بگەیتە قولایی هەموو ئەو ئارگیومێنتانەی خزمەتی پێوانەکاریەکانی سنوردارکەران دەکەن، ئەوا چوارچێوەیەکی نوێ بۆ کلێشە باوەکە دەبینیت: ئەگەر کەس هەرگیز پەنجەرەیەك نەشکێنێت، شووشەچییەکان چیان بەسەردێت؟

## ٢. تەسریحکردن لە سوپا

نەتەوەش هەمان حاڵەتی مرۆڤی تاکی هەیە. کاتێك مرۆڤێك دەیەوێت ئارەزوویەکی خۆی تێربکات، دەبێت بزانێت ئاخۆ ئەو تێرکردنە ئەوەندە دەهێنێت کە تێیدەچێت؟ ئاسایش مەزنترین بەخشش بۆ نەتەوە. ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش، سەدان هەزار پیاو بکرێنە سەربازو سەدان ملیۆن فرەنك خەرج بکرێت، لارییم لێی نیە. چونکە ئەوە خاوەندارێتیەکە بە نرخی قوربانیدان دەکڕدرێت.

کەواتە با سەبارەت بەو خاڵەی دەمەوێت ڕونی بکەمەوە، هیچ بەدحاڵیبوونێك روونەدات.

یاسادانەرێك پێشنیار دەکات سەدان هەزار پیاو لە ڕاژەی سەربازی ببەخشرێن، بەمەش سەدان ملیۆن فرەنك دەگەڕێتەوە بۆ باجدەرەکان.

گریمان ئێمە وتمان:"ئەم سەد هەزار پیاو و سەد ملیۆن فرەنکە زۆر پێویستن بۆ ئاسایشی نەتەوەییمان. ڕاستە ئەمە قوربانیە بەلاّم بەبێ ئەم قوربانیە، ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ فەڕەنسا پارچە پارچە دەکات، یان لە دەرەوە دێنو داگیری دەکەن."

من هیچ تێبینییەکم لەسەرئەم ئارگومێنتە نیە، دەشێت بە پێی بارو دۆخەکە ڕاست بێت یان هەڵە بێت، هەرچەندە لە ڕووی تیۆریەوە هیچ کوفرو بەدگۆییەکی ئابوری تێدا نییە. کوفرەکە کاتێك دەست پێدەکات کە قوربانیدانەکە خۆی وەك سودو ئەدگارێك بخرێتە ڕوو، چونکە قازانجی کەسێکی تایبەتی تێدایە.

ئێستا ئەگەرهەڵە نەبم، پێش ئەوەی نوسەری پێشنیارەکە لە سەکۆکە دابەزێت، وتار بێژێك قوت دەبێتەوەو دەڵێت:"تۆ سەدان هەزار پیاو لە ڕاژە دەبوێری! بیر لە چی دەکەیتەوە؟ ئەوانە چیان بەسەر دێت؟ ئەی دواتر بە چی بژێن؟ بەوەی خۆیان پەیدای دەکەن؟ ئەی نازانیت بێکاری لە سەرتاپای ولاّتدا بلاّوە؟ هەموو پۆستو پیشەکان زیاد لە پێویست پڕ کراونەتەوە؟ دەتەوێت فڕێیان دەیتە نێو بازاڕەوە تا پێشبڕکێ زیاد بێتو کرێی کار داببەزێت؟ لە کاتێکدا کە بەدەستهێنانی ژیانی نانەسکی بۆتە ئەستەم، ئەمە مایەی خۆشبەختی نییە کە حکومەت دەتوانێ نان بداتە سەدان هەزار تاکەکەس؟ لەوەش زیاتر دەبێت بزانیت سوپا خواردنەوەو جلوبەرگو چەك بەکار دەبات، بەمەش کارو پیشە لە نێو کارگەو حامیەکاندا بلاّو دەکاتەوە، ئەمەش هیچی لە بەخششێکی خودایی کەمتر نیەو بۆ بەرهەمهێنەکان دێتە خوارەوە. ئەرێ دەتوانیت لەبەردەم بیرۆکەی کۆتاییهێنان بەم چالاکیە پیشەسازییە مەزنەدا لەرزت لێنەیەت؟"

وەکو دەبینیت، ئەم وتارە لە قازانجی هێشتنەوەی سەدان هەزار سەربازدایە، نەك لەبەرئەوەی نەتەوە پێویستی بەو خزمەتگوزاریانەیە کە سوپا پێشکەشی دەکات، بەڵکو لەبەر هۆکار گەلێکی ئابوری. من دەمەوێت ئەمە بەدرۆ بخەمەوە.

سەدان هەزار پیاو کە سەدان هەزار فرەنك لەسەر باجدەران دەکەون، خۆیان باش دەژینو دەشبنە هۆی دەستەبەر کردنی ژیانێکی باش بۆ بەرهەمهێنەرەکانیان، ئەمەش لە سەد ملیۆن فرەنك دەستەبەر دەکرێت. ئەمە ئەوەیە کە دەبینرێت.

بەلاّم سەد ملیۆن فرەنك کە لە گیرفانی باجدەرانەوە دەردەچێت، بەڕێژەی سەد ملیۆن فرەنك، ڕێگە لە دەستەبەرکردنی ژیانی ئەم باجدەرانەو بەرهەمهێنەرەکانیان دەگرێت: ئەمە ئەوەیە کە نابینرێت. ئادەی حیساباتی خۆت بکەو پێم بڵێ ئەمە هیچ قازانجێکی زۆرینەی خەڵکی تێدایە؟

من لای خۆمەوە پێت دەڵێم زیانەکە لە کوێدایە، بۆ ئاسانکارییش لەبری سەد هەزار پیاو و سەد ملیۆن فرەنك، باس لە یەك پیاو و هەزار فرەنك دەکەین.

ئێستا ئێمە لە گوندی (أ) داین. سەربازان دەسوڕێنەوەو پیاوێك دەگرن بە سەرباز. پیاوانی باجوەرگریش دەسوڕێنەوەو هەزار فرەنك کۆدەکەنەوە. پیاوەکەو پارەکە دەدرێن بە (مێتز)ی بەرپرس لە ژیاندنی ئەو پیاوە بۆ ماوەی ساڵێك بێ ئەوەی هیچ

کارێك بکات. لێرەدا ئەگەر بە تەنها لە (مێتز) بڕوانین، بەڵێ تۆ سەد جاریش ڕاست دەکەیت: پڕۆسەکە قازانجبەخشە. بەڵام ئەگەر سەیرێکی گوندی (أ) بکەیت ئەوکات (ئەگەر کوێراییت دانەهاتبێت) حوکم دەدەیتو دەبینیت ئەو گوندە کرێکارێكو هەزار فرەنکیشی لەدەستداوە لەوەی ئەو کرێکارە لە ڕێگەی کارەکەیەوە پەیدای دەکات. هەروەها گوندەکە ئەو بازرگانییەشی لەدەستداوە کە کرێکارەکە دەیتوانی لە ڕێگەی خەرج کردنی ئەو هەزار فرەنکەوە بیخوڵقێنێت.

لە یەکەم ڕوانیندا وا دەردەکەوێت کە دەتوانرێت ئەو زیانە قەرەبوو بکرێتەوە. ئەوەی لە گوندەکەدا ڕوویدا ئێستا لە (مێتز) ڕوو دەداتو تەواو. بەڵام زیانەکە ئالێرەدایە. لە گوندەکەدا پیاوێك زەوی هەڵدەکەندو کاری دەکرد، ئەو پیاوە کرێکار بوو. لە (مێتز) دا ئەو پیاوە بەلای ڕاست و بەلای چەپدا وەردەگەڕێت، ئەو سەربازە. لە هەردوو بارەکەدا بڕی دراو و ئاڵوگۆڕکردنی هەر هەمان بڕە. بەڵام لە لایەکیان سێسەد ڕۆژی پڕ کاری بەرهەمدار هەبوو، لە لایەکەی تر سێسەد ڕۆژی پڕ لە کاری بێ بەرهەم هەیە، ئەمە بێگومان ئەگەر واماندانا زۆر جار بەشێکی سوپا بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی پێویست نیە.

ئێستاش مەسەلەی بواردن لە ڕاژەی سەربازی دێت. تۆ باس لەو سەدهەزار کرێکارە زیادەیە دەکەیت کە کێبڕکێ بەهێز دەکەنو کار دەکەنە سەر ڕێژەی کرێ. ئەمە ئەوەیە کە تۆ دەی بینیت.

بەڵام ئەمەش ئەوەیە کە تۆ نای بینیت: ناردنەماڵەوەی سەد هەزار سەرباز بۆ دەرباز بوون نیە لە خەرجکردنی سەد ملیۆن فرەنك بەڵکو بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پارەیەیە بۆ باجدەران. نازانیت ناردنی سەد هەزار کرێکار بۆ بازاڕ بەم شێوەیە، لە هەمانکاتدا زیادکردنی سەد ملیۆن فرەنکە کە لە بەرامبەری کار کردن بە دەستی دێنن. نازانیت کە لە ئەنجامدا ئەو پێوەرەی دەستەبەرکردنی کرێکاران زیاد دەکات بە



هەمانشێوە داواکاریش زیاد دەکات. لێرەوە دەردەکەوێت کە بۆچونەکەت لەسەر نزمکردنەوەی کرێ سەرابئاسایە. نابنیت پێش بواردنو دوای بواردنیش بەرامبەر بە سەد هەزار پیاو سەد ملیۆن فرەنك هەیە، هەموو جیاوازیەکە ئالێرەدایە: پێشتر وڵات سەد ملیۆن فرەنکی دەدا بە سەد هەزار پیاو کە هیچیان نەدەکرد، بەڵام دواتر هەمان بڕی پارەیان پێدەدات بەرامبەر بە کارکردنیان. دواجار تۆ نابینیت کاتێك باجدەر پارەکەی دەدات، چ بیداتە سەربازێك بەرامبەر بە هیچ یان بیداتە کرێکارێك بەرامبەر بەو کارەی دەیکات، دەرەنجامە دوورەکانی ئاڵوگۆڕی ئەم پارەیە لە هەردوو بارەکەدا هەمان شتە. جیاوازیەکە لێرەدایە: تەنها لە باری دووهەمدا باجدەر شتێك وەردەگرێت، لە باری یەکەمدا هیچ وەرناگرێت. ئەنجام: نەبوونی هیچ سودێك بۆ نەتەوە.

ئەمەیە ئەو بەهەڵەدابردنەی من هێرشی دەکەمە سەرو لەبەردەم تاقیکردنەوەی جێبەجێکردنی درێژکراوەدا خۆی ناگرێت، تاقیکردنەوە سەنگی مەحەکە بۆ هەموو ڕێساو بیرو باوەڕێکی تیوری. پاشان، ئەگەر دوای ڕەچاوکردنی هەموو شتێك، سوودی نەتەوەیی لە زیادکردنی قەبارەی سوپادا بێت، ئیتر بۆچی هەموو پیاوانی دانیشتووی وڵات بانگ ناکرێن بۆ سەربازی.

## ٣. باجەکان

ئایا هەرگیز لە کەسێکت بیستووە بڵێت:"باج باشترین وەبەرهێنانە، باجەکان دلۆپە شەونمی ژیانبەخشن. بڕوانە چەند خێزان دەژێنن، بزانە ناڕاستەوخۆ چ کاریگەریەکیان لەسەر پیشەسازی هەیە؟ بێ سنورن، هێندەی ژیان خۆی بەرفراوانن."

بۆ بەرەو ڕوو بونەوەی ئەم ڕێبازە، ناچارم هەمان بەدرۆ خستنەوەی پێشوو دوبارە بکەمەوە. ئابووری سیاسی زۆر باش دەزانێت کە ئارگیومێنتەکانی بۆ هیچ

کەسێك هێندە خۆش‌و ئاسودەکەر نین کە بڵێت: دوبارەکردنەوە چێژ بەخشە. بۆیە بە هەمان شێوەی باسیل، ئابوری سیاسیش پەندەکەی بە شێوەیەك ڕێك خستوە کە خۆی کەڵکی لێ وەربگرێت. بۆیە بە زاری خۆی‌و بە بڕواوە دەڵێت: دووبارە کردنەوە فێرت دەکات.

ئەو قازانجەی کارمەندەکانی حکومەت لە وەرگرتنی موچەکانیان بە دەستی دێنن، بریتیە لەوەی دەبینرێت. ئەو قازانجەی مووچەخۆران بە دەستی دێنن، شتێکە دەبینرێت. ئەمانە ڕوون‌و ئاشکراو بەرچاون.

بەڵام ئەو زیانەی باجدەران دەیانەوێت لێی هەڵبێن، ئەوەیە کە نابینرێت. ئەو مەترسیەی لەمە دەکەوێتەوەو توشی ئەو بازرگانانە دەبێت کە شمەك بۆ ئەم باجدەرانە دەستەبەر دەکەن، شتێکە تەنانەت کەوتۆتە پشت نەبینراوەکانیشەوە. هەرچەندە دەبێت ئەمە زۆر زەق بکەوێتە ڕوو، لە ڕووی تیۆرییشەوە درکی پێ بکرێت.

کاتێك کارمەندێکی حکومەت لە لایەن خۆیەوە سەد سوس کەمتر خەرج بکات، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە باجدەرێك لە لایەن خۆیەوە سەد (سوس) کەمتر خەرج دەکات. خەرجکردنی کارمەندە حکومیەکە دەبینرێت، چونکە ڕووی داوە، لە کاتێکدا خەرجکردنی باجدەرەکە نابینرێت چونکە بەداخەوە ڕێگەی پێ نەدراوە سەرفی بکات.

تۆ وڵات بە پارچە زەویەکی وشك‌و تینو دەشوبهێنێت‌و باجیش بە بارانێکی ژیانبەخش. با وابێت. بەڵام خۆ دەبێت لە خۆت بپرسیت ئەو بارانە لە کوێوە دێت؟ بە کورتی ئایا ئەوە باج نیە کە شێی زەوی هەڵدەمژێت‌و وشکی دەکاتەوە؟.

لەوەش زیاتر دەبێت بپرسیت ئاخۆ ئەو ئاوە بە نرخەی خاکەکە لە بارانەوە وەریدەگرێت زیاترە لەوەی لە ڕێگەی بە هەڵمبوونەوە لەدەستی دەدات؟



ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە کاتێك (جەیمس گود فیلۆ) سەد (سوس) بۆ باج وەرگرەکە دەژمێرێت لە بەرامبەردا هیچ وەرناگرێت. دواتر کاتێك ئەم کارمەندەی حکومەت (لە خەرجکردنی پارەکەدا) دەیگەڕێنێتەوە بۆ جەیمس گود فیلۆ ئەوا لە بەرامبەریدا گەنم یان کار وەردەگرێت. دوا ئەنجامیش لەدەست دانی پێنج فرەنکە لەلایەن (جەیمس گود فیلۆ)وە.

ئەوە ڕاستە کە زۆر جار یان دەشێت هەمیشە ئەو کارمەندە حکومیە خزمەتگوزاریەکی هاوتای ئەو پارەیە بە (جەیمس گود فیلۆ) ببەخشێت. لەم بارەدا هیچ لایەکیان زیان ناکەن بەڵکو ئەوەی لە ئارادایە تەنها ئاڵوگۆڕە. لەبەر ئەوە ئارگیومێنتەکەی من بە هیچ کلۆجێك پەیوەندی بە کاری بە سودەوە نیە. من دەڵێم: ئەگەر دەتەوێت دامەزراوێکی حکومی دابمەزرێنیت ئەوا بە سودی ئەو دامەزراوە بسەلمێنە.

پیشانی (جەیمس گود فیلۆ) ی بدە ئەو خزمەتگوزاریەی کە پێیدەدەیت شایەنی ئەو پارەیە کە تێدەچێت. بەڵام بەدەر لەم خزمەتگوزاریە سەرەکی‌و پێویستانەو تەنها لە پێناوی کردنەوەی نوسینگەیەکی نوێدا کە قازانجەکەی تەنها بۆ ئەو بیرۆکراتەیە کە لە پێناویدا نوسینگەکە دامەزراوەو بە قازانج بۆ خێزانەکەی‌و ئەوانە دەگەڕێتەوە کە پێداویستیەکانی بۆ دەستەبەر دەکەن، تەنها لەم پێناوەدا بانگەشەی ئەوە مەکە کە ئەو دامەزراوە هانی کار دۆزینەوە دەدات.

کاتێك (جەیمس گود فیلۆ) سەد (سوس) دەدات بە کارمەندێکی حکومەت لە پێناو خزمەتگوزاریەکی ڕاستەقینەو بە سوددا، ئەمە تەواو هاوشێوەی ئەوەیە کە سەد (سوس) بدات بە پێڵاو دروستکەرێك کاتێك جوتێك پێڵاوی نوێ دەکڕێت. ئەمە پرۆسەی دان‌و وەرگرتنە. ئەنجامەکەش یەکسانیی هەردوولایە. بەڵام کاتێك (جەیمس گود فیلۆ) سەد (سوس) دەدات بە کارمەندێکی حکومەت‌و لە بەرامبەردا هیچ

کارگوزاریەك وەرناگرێتو بگرە بێزاریش دەکرێت، ئەوە زیاتر لەوە دەچێت ئەو پارەیەی دابێت بە دزێك.

ئەوەش خزمەتی هیچ مەبەستێك ناکات ئەگەر بڵێیت کارمەندەکە ئەو سەد (سوس) ە لە قازانجی مەزنی پیشەسازی نەتەوەیی خەرج دەکات، چونکە گەر دزەکە بتوانێت ئەو بڕە پارەیە لە هەر شتێکدا خەرج بکات ئەوا (جەیمس گود فیڵۆ) دەیتوانی بە هەمان شێوە (یان گونجاو تریش) پارەکە خەرج بکات ئەگەر ئەو مشەخۆرە یاسایی یان زێدە یاساییە نەهاتایەتە سەر ڕێگەی.

کەواتە با خۆمان ڕابهێنین حوکمدانمان بەسەر شتەکاندا تەنها لە ڕێگەی ئەوەوە نەبێت کە دەبینرێت، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی ئەوەوە بێت کە نابینرێت.

ساڵی ڕابردو ئەندامی ئەنجومەنی دارایی بووم، چونکە ئەوکات ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن لە ئەنجومەندا هێشتا بە شێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو دوور نەخرابونەوە. گوێمان لە میستەر زێرس بوو وتی:"هەموو ژیانی خۆمم لە دژایەتی کردنی پیاوانی پارتی یاساخوازانو پارتی ئیکلیروسیدا بەسەر برد بەڵام کاتێك بەهۆی ڕوو بە ڕوو بونەوەی مەترسی هاوبەشەوە کەوتینە گفتوگۆی هاوڕێیانە، دەرکەوت ئەوان ئەو دڕندانە نەبوون کە من پێشبینیم دەکرد".

بەڵێ، دوژمنایەتی زێدەڕۆیی تێدا دەکرێتو ڕقو قین لە نێوان ئەو پارتانەدا کە تێکەڵ نابن، بەهێز دەکرێن. ئەگەر زۆرینە ڕێگەبدات بە چەند ئەندامێکی کەمینە تا بچنە نێو بازنەی ئەنجومەنەکانەوە، پێدەچێت هەردوولا بگەنە ئەو ڕاستیەی کە بیرو بۆچونەکانیان هێندە لێك دوور نینو دواجاریش نیازەکانیان هێندە دژ یەكو ناماقوڵ نین وەکو پێشبینی دەکرێت.



پێدەچێت ئەوە دوا بەشداریم بێت لە ئەنجومەنی داراییدا. هەرکاتێك یەکێك لە هاوکارەکانمان داوای چەسپاندنی موچەیەکی مام ناوەندی بکردایە بۆ سەرەك کۆمارو وەزیرو سەفیرەکان، بەمشێوەیە وەڵام دەدرایەوە:

"لە پێناو خزمەتگوزاری گشتیدا، چەند دام و دەزگایەکی تایبەت هەن کە پێویستە بە بازنەیەکی پرشنگدار لە شکۆو هەیبەت دەور بدرێن، تا بتوانین خەڵکی لێوەشاوەیان بۆ کێش بکەین. ژمارەیەکی ئێکجار زۆر لە خەڵکی بەدبەختو بێدەرامەت ڕوو دەکەنە سەرەك کۆمار، ئەویش ئەگەر هەر کەسێك ڕووی تێکرد ناچار بێت دەست بە ڕوویەوە بنێت، ئەوا حاڵێکی خراپی دەبێت. بڕێکی تایبەت لە ڕازاندنەوەی سەرسامکەر بۆ ساڵۆنی وەزارەتو باڵوێزخانەکان بەشێکە لەو ئامێرەی کە حکومەتی دامودەزگایی بەڕێوە دەبات. . . هتد. . . هتد. . ."

ئەم جۆرە ئارگیومێنتە دژایەتی بکرێت یان نەکرێت، گومانی تێدا نیە کە پێویستیان بە وردکاریو پێدا چونەوەی جدی هەیەو لەسەر بنەڕەتی بەرژەوەندی گشتی دامەزراون جا چ بە ڕاست یان بە هەڵە بخەملێنرێت. لێرەشدا من خۆم لە کاتۆس بە ڕاستتر دەزانم، چونکە ڕۆحی بەرتەسکی ڕەزیلیو ئیرەیی ئەو دەجولێنێت.

بەڵام لێرەدا ئەوەی دەبێتە شۆکێکی گەورە بۆ ویژدانی ئەو ئابوریناسەی لە ناخمدایەو ئەوەی واملێدەکات لەبەردەم ناوبانگی ژیرانەی وڵاتەکەمدا شەرم بمگرێتو سور ببمەوە، بەردەوامبوونی ئەوانە لەسەر ئەم ئارگیومێنتانە (هەرگیز وازیان لێناهێنن‌و نابەزێن) سەبارەت بەم هیچ و پوچیە بێهودەیە (کە هەمیشە بە پەسەند کردنەوە قبوڵ دەکرێت):

"بێجگە لەمەش کەشخەییو خۆشگوزەرانی بەرپرسە بەرزەکانی حکومەت دەبێتە هۆی هاندانی هونەرو پیشەسازیو پەیداکردنی کار. سەرۆکی وڵاتو وەزیرەکان بێ ئەوەی ژیان بڕێژنە نێو دەمارەکانی جەستەی سیاسەتەوە، ناتوانن ئاهەنگو خوان

ساز بکەن. کەمکردنەوەی موچەکانیان واتە سك هەڵگوشینی پیشەسازی لە پاریس‌و سەرانسەری وڵاتدا."

بۆ خاتری خوا، ئەی پیاوانی خانەدان، لانی کەم ڕێز لە زانستی ژمێریاری بگرن‌و پێش ئەنجومەنی نیشتمانی فەرەنسا مەکەون لە ترسی ئەوەی بێ شەرمانە پشتگیریتان نەکات لەوەدا کە کۆکردنەوەی چەند ژمارەیەك جارێك لە سەرەوە بۆ خوارەوە وە جارێکی تر لە خوارەوە بۆ سەرەوە دوو ئەنجامی جیاواز دەدات بە دەستەوە.

باشە، گریمان من کرێکارێك دەگرم بە سەد (سوس) تا چاڵێك لە کێڵگەکەمدا هەڵبکەنێت. هەر کە دەگەمە ئەم ڕێککەوتنە، باج وەرگر دێت‌و سەد (سوس) ەکەم لێ وەردەگرێت دەیگەیەنێت بە وەزیری ناوخۆ. لێرەدا پەیماننامەکەی من شکێنرا. بەڵام جەنابی وەزیر جۆرێکی تر لە خواردن بۆ سفرەی ئێوارەی زیاد دەکات.

لەسەر چ بنەمایەك دەوێریت جەخت لەوە بکەیتەوە کە خەرجیی ئەم کارمەندە زیادەیەك دەخاتە سەر پیشەسازیی نەتەوەیی؟ ئەی نابینیت ئەمە جگە لە گواستنەوەیەکی سادەی بەکاربردن‌و کار هیچی تر نیە؟ وەزیرێکی ئەنجومەنی وەزیران دەست بڵاوانەتر مێزەکەی دەڕازێنێتەوە، ئەمە ڕاستە، بەڵام لە هەمان کاتدا جوتیارێك ناتوانێت وەکو پێویست زەویەکەی وشك بکاتەوە، ئەمەش دیسان ڕاستە. کاسبێکی پاریسی سەد (سوس)ی دەست کەوتوە، من دان بەمەدا دەنێم. بەڵام تۆش دان بەوەدا بنێ کە چاڵ هەڵکەنێکی لادێیی پێنج فرەنکی لەدەست داوە. تەنها شتێك کە بگوترێت ئەوەیە کە خواردنی کارمەندەکەو ڕەزامەندیی کاسبەکە ئەوانەن کە دەبینرێن. کێڵگە بە زۆنگاو بووەکەو چاڵ هەڵکەنە بێکارەکە ئەوانەن کە نابینرێن.

ئای خودایە: چەند ئەستەمە لە ئابوری سیاسیدا بیسەلمێنیت دوو لەگەڵ دوو دەکانە چوار. کە سەلمانیشت، خەڵکی لێت دێنە دەنگ:"ئەوە هێندە ئاسان‌و ئاشکرایە



کە بێتام بووە."دواتریش دەچن دەنگ دەدەن وەك ئەوەی تۆ هەرگیز شتێکت بۆ ئەوان نەسەلماندبێت.

## ٤. شانۆ و هونەرەجوانەکان.

ئایا پێویستە دەوڵەت لە ڕووی داراییەوە پشتگیری لە هونەر بکات؟

بێگومان ئەم بابەتە گەلێك شتی باش‌و خراپ لەخۆ دەگرێت.

دەشێت کەسێك سیستەمی پشتگیری دارایی لا پەسەند بێت‌و بڵێت هونەر ڕۆحی نەتەوە فراوان دەکات، بڵند ڕای دەگرێت‌و جوانیەکی شاعیرانەی پێ دەبەخشێت، لە هەراو زەنای پاش داگیرکردن دەردەهێنێت، هەستی جوانی لا دەخولقێنێت. بەمشێوەیە ڕەنگدانەوەیەکی باشی لەسەر هەڵسوکەوت‌و دابونەریت‌و ئاکارو تەنانەت پیشەسازی نەتەوەش دەبێت. ڕەنگە کەسێك بپرسێت، بێ بوونی شانۆی ئیتالی یان کۆنسێرڤاتوار (پەیمانگای باڵای مۆزیك) لە فەرەنسادا، مۆزێك چ حاڵێکی دەبوو. هونەری شانۆ چ بەبێ شانۆی فەرەنسی حاڵێکی دەبوو، یان وێنەکێشان‌و پەیکەرسازی بێ هەڵمەتەکانی بەخشین‌و مۆزەخانەکانمان وەزعیان چۆن دەبوو؟ دەشێت کەسێك لەوەش دوورتر بڕوات‌و بپرسێت داخۆ بێ بەنێوەندیکردن‌و پشتگیریی دارایی هونەرەجوانەکان ئەو چێژە بێ وێنەیە گەشەی دەسەند کە تایبەتمەندیەکی باڵای کاری هونەری فەڕەنسییەو بەرهەمەکانی بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو دەکاتەوە. لە ئامادەگی ئەم ئەنجامانەدا پێت وانیە ئەوە ئەوپەڕی بێ هەستی بێت ئەم هەڵسەنگاندنە میانڕەوە لە سەرجەم هاوڵاتیان بشاریتەوە، کە دواجار هەر ئەوەیە ئەو باڵابون‌و شکۆداریەی پێ بەخشیون لە چاوی ئەوروپیەکاندا؟

دەکرێت کەسێك ڕوو بەڕووی ئەم بۆچونانە (نکوڵیی لە بەهێزیان ناکرێت)و زۆر بۆچونی تریش بڵێتەوە کە دەشێت بە ڕواڵەت لەمانەش ماقوڵتر دەرکەون. دەکرێت

کەسێك لێرەدا بڵێت مەسەلەی دادپەروەریی دابەشکاریانە دێتە ئاراوە ئایا یاسادانەرێك مافی هەیە لە کریێی دەست ڕەنگینێك بگرێتەوە تا بری قازانجی هونەرمەندێك بەرز بکاتەوە؟ م. دو. لامارتین دەڵێت:"ئەگەر پشتگیری دارایی لە شانۆ ببڕیت، بەم ڕێەیەدا بڕۆیت لە کوێدا دەوەستیت، ئایا هەر بە ڕوانینێکی لۆژیکیانە ناگەیتە ئەو حاڵەی واز لە کۆلیژەکانی زانکۆو پەیمانگاو مۆزەخانەکانیشت بهێنیت؟"

دەکرێت لە وەڵامدا کەسێك بڵێت:"ئەگەر دەتەوێ پشتگیری دارایی هەموو ئەوانە بکەیت ئەوە شتێکی چاكو بە سودە، بەڵام گەر بەو ڕێگەیەدا بڕۆیت لە کوێدا دەوەستیت؟ هەر بە ڕوانینێکی لۆژیکانە ناگەیتە ئەو حاڵەی لیستێکی مەدەنی دابمەزرێنیت بۆ کشتوکاڵو پیشەسازیو بازرگانیو خۆشگوزەرانیو پەروەردەو فێرکردن؟ بەدەر لەوەش، ئایا هیچ گومان لەوەدا نیە کە پشتگیری دارایی لە خزمەتیگەشە سەندنی هونەردایە؟ ئەمە پرسیارێکە زۆر دورترە لەوەی وەڵام درابێتەوە. بە چاوی خۆشمان دەبینین ئەو شانۆیانەی لە گەشەسەندندان ئەوانەن کە بە داهاتەکانی خۆیان بە ڕێوە دەچن. دواجار ئەگەر دوورتر بڕوانیت دەشێت تێبینی ئەوە بکەیت کە پێداویستیو ئارەزوو یەك ئەوی دی بەرز دەکاتەوەو دەبنە هۆی فڕینو قوڵبونەوەی زیاترو زیاتری دەستەبژێرەکان، بەو ڕێژەیەی کە سامانو گەنجینەی نەتەوەیی بواری تێرکردنیان دەدەن. دەبێت تێبینی ئەوەش بکەیت کە نابێت حکومەت خۆی لەم پرۆسەیە هەڵبقورتێنێت، چونکە ڕێژەی هەنوکەیی سامانی نەتەوە هەرچەند بێت، ناتوانێت لە ڕێگەی باجدەرانەوە پیشەسازیە بالاَکان بوروژێنێت بێ زیان گەیاندن بە پیشەسازییە سەرەکییەکان. بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی پێشکەوتنی سروشتیی شارستانێتی. دەکرێت تێبینی ئەوەش بکەیت کە ئەم جێگۆڕکێ پێکردنە دەستکردەی ویستو چێژو کارو دانیشتوان، گەلان



دەخاتە بارودۆخێکی نائارامو مەترسیدارەوەو بەبێ بناغەیەکی بەهێزو پتەو جێیاندەهێڵێت.

ئەمانە هەندێکن لەوبیر و باوەڕانەی بانگەشەیان بۆ دەکرێت لە لایەن دوژمنانی دەستێوەردانی حکومەت لەو شێوازەی هاوڵاتیان هەڵیدەبژێرن بۆ تێرکردنی پێداویستیو ئارەزوەکانیانو ئاڕاستەکردنی چالاکیەکانیان. دان بەوەدا دەنێم کە من یەکێکم لەوانەی بڕوایان وایە کی پێویستە هەڵبژاردنو پاڵنەر لە خوارەوە سەرهەڵبدات نەك لە سەرەوە. لە هاوڵاتیانەوە نەك لە یاسادانەرەوە. لەو بڕوایەشدام گرتنی ڕێبازەکەی تر دەبێتە هۆی لەناوبردنی سەربەستیو شکۆو هەیبەتی مرۆڤ.

بەڵام ئایا دەزانیت ئێستا ئابوریناسان (دەرەنجامگیرییەکی دوور لە هەموو ڕاستیو دادێك) بە چی تاوانبار کراون؟ کاتێك ئێمە لە دژی پشتگیریکردنی دارایی دەوەستین، ڕاستەوخۆ تاوانبار دەکرێین بە دژایەتی کردنی ئەو شتەی پێشنیار کراوە هەتا لە ڕووی داراییەوە پشتگیری بکرێتو بە دوژمنی هەموو جۆرە چالاکیەك دادەنرێن. چونکە دەمانەوێت ئەم چالاکیانە خۆبەخشانە بنو لە نێو خودی خۆیاندا بە دوای پاداشتی گونجاودا بگەڕێن. بەم شێوەیە ئەگەر داوا بکەین دەوڵەت (لە ڕێگەی باجدانانەوە) دەست لە کارو باری ئایینی وەرنەدات ئەوا بە بێ باوەڕ لە قەڵەم دەدرێن. ئەگەر داوا بکەین دەوڵەت (لە ڕێگەی باجدانانەوە) دەست لە پەروەردەو فێرکردن وەرنەدات ئەوا ئێمە ڕقمان لە ڕۆشنگەری دەبێتەوە. خۆ ئەگەر بڵێین نابێت دەوڵەت (لە ڕێگەی باجدانانەوە) بەهایەکی دەستکرد بۆ زەویو چەند لقێکی پیشەسازی دابنێت ئەوا ئێمە دوژمنی سامانو کارین. ئەگەر بڵێین نابێت دەوڵەت پشتگیری دارایی هونەرمەندان بکات ئەوا ئێمە بەربەرینو هونەر بێ سوود تێدەگەین.

من بە هەموو توانای خۆمەوە لە دژی ئەم بۆچونانەناڕەزایی دەردەبڕم. دوور لەو بیرۆکە بێهودەو دوور لەو ڕاستیەی کە گوایە ئێمە خوازیاری پشت گوێخستنی ئایینو

فێرکردنو سامانو کارو هونەرین، کاتێك داوا دەکەین لە دەوڵەت کە گەشە کردنی سەربەخۆی هەموو ئەم جۆرانەی چالاکی مرۆڤایەتی بپارێزین نەك لە ڕێگەی باج و یەك لەسەر حسابی ئەوی تر. بە پێچەوانەوە، ئێمە پێمانوایە کە دەبێت هەموو ئەم هێزە گرنگانەی کۆمەڵگا بە پاڵپشتی سەربەستیو بە شێوەیەکی هارمۆنی گەشە بکەنو هیچمان نەبینە سەرچاوەی گێرو گرفتو خراپ بەکارهێنانو چەوساندنەوەو پاشا گەردانی.

نەیارانمان وای دەبینن گەر چالاکیەك لە ڕووی داراییەوە پشتگیری لێ نەکرێتو ڕێك نەخرێت ئەوا هەڵدەوەشێتەوە. بە ڕای ئێمە پێچەوانەی ئەمە ڕاستە. ئەوان بڕوایان بە یاسا دانەرەکە هەیە، نەك بە مرۆڤ، ئێمەش بە مرۆڤ نەك بە یاسا دانەرەکە.

بەمشێوەیە م. دو. لامارتین دەڵێت:"لەسەر بناغەی ئەم بنەمایە پێویستە ئەو پێشانگا گشتیانە هەڵبوەشێنینەوە کە سامانو شەرەفمەندی بۆ ئەم وڵاتە دەهێنن."

ئاوا وەڵامی م. دو. لامارتین دەدەمەوە: ئایا بە بۆچونی تۆ، پشتگیری نەکردنی ماددی واتە هەڵوەشاندنەوە، چونکە تۆ ڕاکانت لەسەر ئەو بناغەیە بنیات دەنێیت کە هیچ شتێك بوونی نیە گەر بە ویستی دەوڵەت نەبێتو دەگەیتە ئەو دەرەنجامەی کە هیچ شتێك بە زیندویی نامێنێتەوە ئەگەر باج نەیژێنێت. بەلاّم من هەمان ئەو نمونەیەت ڕوو بە ڕوو دەکەمەوە کە خۆت هەڵت بژاردووە، پێتڕادەگەیەنم کە مەزنترینو بالاّ ترین پێشانگا کە پشت بە لیبراڵترینو جیهانیترینو تەنانەت (بەبێ زێدەڕۆیی) مرۆڤانەترین چەمك دەبەستێت ئەو پێشانگایە کە ئێستا لە لەندەن سازدەکرێت. تەنها پێشانگایەك کە هیچ حکومەتێك لوتی تێناژەنێتو هیچ باجێك پشتگیری ناکات.



بە گەڕانەوە بۆ هونەرە جوانەکان، دەتوانین بانگەشە بۆ هۆکاری گرنگو کاریگەر بکەین لە بەرژەوەندی یان لە دژی سیستەمی پشتگیریکردنی دارایی. خوێنەریش تێدەگات کە (هاوتا لەگەڵ مەبەستی سەرەکی ئەم وتارەدا) پێویستیم بەوە نیە کە لەسەر ئەم هۆکارانە بدوێمو لە نێوانیاندا بڕیار بدەم.

بەلاّم م. دو. لامارتین ئارگیومینتێکی خستۆتە ڕوو کە ناتوانم بە بێدەنگی بەسەریدا تێپەڕم، چونکە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە نێو چوارچێوەی دیاریکراوی ئەم لێکۆڵینەوە ئابوریەوە.

ئەو گوتویەتی:

دەشێت لە شانۆدا مەسەلەی ئابوری لە یەك وشەدا کورت بکرێتەوە: دۆزینەوەی کار. سروشتی ئەم کار دۆزینەوەیە کەمێك گرنگە. جۆرێکە کە بە هەمان شێوەی جۆرەکانی تر بە بەرهەم و بە پیتە. وەکو خۆتان دەزانن شانۆکان لە ڕێگەی کرێ بەخشینەوە پشتگیری لە لانی کەم هەشتا هەزار کرێکاری جۆراوجۆر دەکەن: بۆیەچی، پەیکەرتاش، کارمەندی دیکۆر، دیزاینەری جل و بەرگ و ئەندازیاری بیناسازی و . . . . هتد. کە ژیان و پیشەسازیی زۆرێك لە ناوچەکانی ئەم پایتەختە پێك دەهێنن و دەبێت مافی ئەوەیان هەبێت کە داوای هاوسۆزی ئێوە بکەن!

هاوسۆزی ئێوە؟ دوای وەرگێڕان: پشتگیری دارایی ئێوە.

لەوەش زیاتر:

چێژبەخشینەکانی پاریس دەبنە هۆی دۆزینەوەی کار و دەستەبەرکردنی شمەکی بەکاربەران بۆ ناوچەکانی دەوروبەر. ناز و نیعمەتی دەوڵەمەندەکان دەبێتە کرێ و نانی ڕۆژانەی دووسەد هەزار کرێکاری جۆراوجۆر کە لە سەرانسەری وڵاتدا لەسەر پیشەسازی ئاڵۆزی شانۆکان دەژین و ژیان و پێداویستی خێزان و منداڵەکانیان لە

ڕێگەی ئەم چێژبەخشینە باڵایەوە دەستەبەر دەکەن کە لە هەمان کاتدا ناوبانگ بۆ فەرەنساش دەهێنێت. تۆ ئەو شەش هەزار فرەنکە دەبەخشیتە ئەوان.

﴿زۆرباشە! زۆرباشە! چەپڵەی زیاتر﴾

منیش لەلایەن خۆمەوە ناچارم بڵێم: زۆر خراپە! زۆرخراپە! وە قورسایی ئەم بڕیاردانەشم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ئارگیومێنتە ئابوری یەی کە ئێستا لە نێوانماندایە.

بەڵێ زۆر خراپە. . . . بەلایەنی کەمەوە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ کرێکارانی نێو ئەو شانۆیانەی کە شەست هەزار فرەنکی ناوبراوی پێدەدرێت. لەگەڵیدا چەند سەرەپارچەیەکیش لێرە و لەوێ ون دەبێت. تەنانەت گەر بە وردی لە مەسەلەکە بڕوانیت دەبینیت کە خواردنە چەورەکە بەلایەکی دیکەدا دەڕوات. کرێکارەکانیش خۆشبەخت دەبن ئەگەر چەند پارچە نانێکیان بۆ بمێنێتەوە! وەڵێ لەو باوەڕەدام کە سەرجەم ئەو پارەیەی لەژێر ناوی پشتگیری داراییدا دێت ڕوو دەکاتە بۆیەچی و دیزاینەری دیکۆر و جل و بەرگ و کوافێر. . . هتد. ئەمە ئەوەیە کە دەبینرێت.

بەڵام ئەو پارەیە لە کوێوە دێت؟ ئەمە ڕووی ئەودیوی پارەکەیە کە هێندەی ڕووی ئەمدیوی گرنگە ببینرێت، سەرچاوەی ئەم ٦٠٠,٠٠٠ فرەنکە چیە؟

وە ئەو پارەیە ڕووی لە کوێ دەکرد ئەگەر پێش وەخت دەنگی ئەو یاسادانەرە ئاڕاستەی (ڕوو دو ڕیڤوۆلی) نەکردایەو لەوێشەوە ئاڕاستەی (ڕوو دو گرێنێل) نەکرایە؟ ئەمە ئەوەیە کە نابینرێت.

بێگومان هیچ کەسێك ناوێرێت ئەوە بڵێت کە ئەم دەنگی یاسا دانەرە بۆتە هۆی هەڵهێنانی ئەو بڕە پارەیە لە نێو سندوقی نهێنیەوە و کە ئەمە زیادەیەکی پوختە لەسەر سامانی نەتەوەیی و کە بەبێ ئەو دەنگە پەرجو ئاسایە ئەم شەست هەوار فرەنکە بە نادیاری و دەست لێنەدراوی دەمایەوە. دەبێت دان بەوەدا بنێت کە زۆرینە تەنها دەتوانێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ئەم بڕە پارەیە لەلایەك بگێڕێتەوە هەتا



بدرێت بە لایەکی تر و دەبێت ئاڕاستەیەکی نویێ ی هەبێت دوای ئەوەی لە پێکدادانێکدا یەکەم ئاڕاستەی دەگۆڕێت.

کە بارو دۆخەکە ئاوابێت، ئاشکرایە ئەو باجدەرەی یەك فرەنکی لێ وەردەگیرێت، چیدی توانای مامەڵە کردنی بەو فرەنکەوە نامێنێت. ئاشکرایە کە لە تێرکردنێکی یەك فرەنك بایی بێبەش دەکرێت و هەروەها ئەو کرێکارەی (هەرکەسێك بێت) کە دەکرا ئەو تێرکردنەی بۆ دەستەبەر بکات، لە کرێی یەك فرەنك بێبەش دەکرێت.

کەواتە با چیدی خۆمان نەدەینە دەست ئەو وەهمە منداڵانەیەی گوایە دەنگدانی ١٦ ی ئایار گرنگی دەبێت لە دۆزینەوەی کارو یارمەتی خۆشگوزەرانی نەتەوەیی دەدات. ئەمە تەنها دەبێتە هۆی گواستنەوەی موڵکدارێتی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و بێجگە لەم گواستنەوەیە هیچی تر نیە.

ئایا دەگوترێت کە ئەو دەنگە قوربانی بە جۆرێکی تایبەت لە تێرکردن و جۆرێکی تایبەت لە کار دەدات لە پێناو کۆمەڵێك تێرکردن و کاری تردا کە گرنگترو ئەخلاقیترو ژیرانە ترن؟ ئەمە زەمینەیەکە دەکرێت لەسەری بجەنگێم. دەکرێت بڵێم: بە وەرگرتنی شەست هەزار فرەنك لە باجدەران تۆ کرێی جوتیارو چاڵهەڵکەنو دارتاشو ئاسنگەر کەم دەکەیتەوەو بەهەمان ڕێژە کرێی گۆرانی بێژو کوافێرو ئەندازیاری دیکۆرو دیزاینەری جلوبەرگ زیاد دەکەیت. هیچ شتێك نیە بیسەلمێنێت کە گروپی دووهەم لە گروپی یەکەم گرنگترن. م. دو. لامارتین ئەم ڕایە ناسەلمێنێت. ئەو خۆی دەڵێت کاری شانۆکان بە هەمان شێوەی کارەکانی تر بە بەرهەمەو لە هیچ کارێکی تر گرنگتر نیە. کە ئەمەش هێشتا جێگای مشتومڕە، چونکە باشترین بەڵگە لەسەر ئەوەی کاری شانۆیی بە هەمانشێوەی کارەکانی تر بە بەرهەم نیە ئەوەیە کە دوا لەمان دەکرێت پشتگیریێ دارایی لە کاری شانۆیی بکەن.

بەڵام بابەتی ئێستام بەراورد نیە لە نێوان بەهای جەوهەریی‌و گرنگیی کارو پیشە جیاوازەکاندا. لێرەوە تەنها دەمەوێت ئەوە نیشان بدەم کە ئەگەر م. دو. لامارتین‌و ئەوانەی چەپڵەیان بۆ ئارگیومێنتەکەی لێدەدا ئەو کرێیانە دەبینن کە دابینکەرانی پێداویستی ئەکتەرەکان بە دەستی دێنن، ئەوا دەبێت لە لایەکی تریشەوە ئەو دەستکەوتە لەدەستچوانەش ببینن کە دابینکەرانی پێداویستی باجدەران لە دەستیان داوە. خۆ ئەگەر ئەمە نەبینن ئەوا دەرگای گاڵتە پێکردن لەسەر خۆیان دەکەنەوە بەوەی کە ئاڵ و گۆڕی خاوەنداریێتی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بە قازانج تێدەگەن. خۆ ئەگەر بۆچونەکەیان لۆژیکی بوایە دەبوو داوای پشتگیریی دارایی بێ سنور بکەن چونکە ئەوەی بۆ فرەنکێك و شەست هەزار فرەنك ڕاستە (لە بارودۆخێکی هاو شێوەدا) بۆیەك ملیار فرەنکیش بە هەمان شێوە ڕاستە.

بەڕێزینە، کە ئێوە باس لە (بەسودیی) باجەکان دەکەن دەبێت لەم بۆچونانەتاندا پشت بە چەند بنەمایەك ببەستن نەك بەم جەخت کردنەوەیە کە جێگەی شیوەن و لاواندنەوەیە:"خەرجی گشتی چینی کارگەر بە زیندویی دەهێڵێتەوە."بەمە دەکەونە هەڵەیەکەوە ڕاستیەك دەشارێتەوە کە زانینی گرنگە:ئەو ڕاستیەی کە: خەرجی گشتی هەمیشە جێگری خەرجی تایبەتیە. لە ئەنجامدا ئەم بۆچونە دەشێت ببێتە هۆی پشتگیریکردنی کرێکارێك لە جیاتی یەکێکی تر بەڵام هیچ سودێکی چینی کرێکاری تێدا نیە بە شێوەیەکی گشتی. ئارگیومێنتەکەت مۆدێرنە بەڵام تەواو بێهودەیە چونکە بیرکردنەوەکە هەڵەیە.



## ٥. کاری گشتی:

هیچ شتێك لەوە سروشتیتر نیە کە نەتەوەیەك (دوای دڵنیابون لەوەی کە هەر پڕۆژەیەکی مەزنی نوێ بە قازانج دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا) دەست بکات بە جێبەجێ کردنی ئەوها پڕۆژەیەك و لە ڕێگەی کۆکردنەوەی پارە لە هاولاتیانەوە پشتگیریی دارایی بکرێت. بەڵام دان بەوەدا دەنێم کە بەیەکجاری ئارامم نامێنێت کاتێك بۆ پشتگیریکردنی ئەوها بڕیارێك بانگەشە بۆ ئەم هەڵە ئابوریە دەکرێت:"لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی کار بۆ کرێکاران."

حکومەت ڕێگایەك دەکاتەوە، شەقامێك چاك دەکات، تۆکەندێك هەڵدەکەنێت و بەم پڕۆژانە کار دەداتە چەند کرێکارێك، ئەمە ئەوەیە کە دەبینرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین کرێکاری تر لە کارکردن بێبەش دەکات ئەمە ئەوەیە کە نابینرێت.

وا دابنێ ڕێگایەك بنیات دەنرێت. ڕۆژانە هەزار کرێکار بەیانیان دێن و ئێواران کرێکانیان وەردەگرن‌و دەگەڕێنەوەماڵەوە. ئەمە هیچ گومانی تێدا نیە. ئەگەر بوار بە کردنەوەی ئەم ڕێگەیە نەدرایەو پڕۆژەکە بڕیاری خەرجکردنی بۆ نەدرایە، ئەم خەڵکە چاکە نە ئەم کارەیان دەدۆزیەوەو نە کرێشیان وەردەگرت، ئەوەش دیسان گومانی تێدا نیە.

بەڵام ئایا ئەمە هەموو شتێکە؟ ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە مەسەلەکە بڕوانین کردارەکە هیچی تر ناگرێتەوە؟ ئایا کاتێك بەڕێز دوپین ئەم وشانە وەکو خوانی خوایی لە زاری دەبارێت:"ئەنجومەن بڕیاری دا . . . . . . . . . ."پەرجو ئاسا چەند ملیۆن فرەنکێك بەسەر تریفەی مانگەوە دێت و دەڕژێتە نێو قاسەکانی بەڕێزان فاوڵد و بینۆ؟ ئایا بۆ ئەوەی پرۆسەکە ئەنجام بدرێت، نابێت دەوڵەت کۆکردنەوەی پارە و تێچونی ڕێك بخات؟ نابێت باجگرەکانی بنێرێتە نێو خەڵك و باجدەرانیش ناچار ببن هاوبەشی خۆیان بکەن؟

ئنجا لە دوو ڕووەوە لەم بابەتە بکۆڵەرەوە. کاتێك تێبینی ئەوە دەکەیت کە دەوڵەت چی لەو چەند ملیۆن فرەنکە دەکات کە دەنگی لەسەر دراوە ئەوەش فەرامۆش مەکە کە باجدەران چیان لەو چەند ملیۆن فرەنکە دەکرد (کە ئێستا ناتوانن بیکەن). ئێستا دەبینیت کە هەر پڕۆژەیەکی نوێ دراوێکە و دوو ڕووی هەیە. دیوێکیان وێنەی کرێکارێکی سەرقاڵی تێدایە لەگەڵ ئەم نوسراوەدا؛ ئەوەی کە دەبینرێت، دیوەکەی تر وێنەی کرێکارێکی بێکار و ئەم نوسراوە: ئەوەی کە نابینرێت.

ئەم بەهەڵەداچوونەی لەم وتارەدا هێرشی دەکەمە سەر، ئەگەر بەسەر کاری گشتیدا بچەسپێنرێت، زۆر مەترسیدارترە. چونکە ئەوکات پاساو بۆ پڕۆژەگەلێك دەهێنێتەوە کە بەوپەڕی کاڵفامیەوە دەستبڵاویی تێدا دەکرێت. ئەگەر هێڵێکی ئاسن یان پردێك سودێکی ڕاستەقینەی هەبێت ئەوا ئەم ڕاستیە بەسە بۆ بەرگریکردن لە هەریەکێك لەو پڕۆژانە. بەڵام کاتێك کەسێك ناتوانێت بەم شێوەیە بەرگری لە پڕۆژەیەك بکات، چی دەکات؟ ناچار دەبێت پەنا بەرێتە بە ئەم دروشمە بێ مانایە:"دەبێت کار بۆ کرێکاران بدۆزینەوە."

بەم پێیە دەکرێت بڕیار لەسەر بنیادنانی ڕیزە خانوەکانی شامپ دو ماغس بدرێتو دواتریش بڕیاری ڕوخاندنیان بدرێت. دەڵێن ناپلیۆنی مەزن کە بڕیاری هەڵکەندنی چاڵو دواتر پڕکردنەوەی دەدا پێی وابوو کاری خێرخوازی دەکات. ئەویش دەیگوت:"ئەنجامەکە هەر شتێك بێت گرنگ نیە. گرنگ ئەوەیە ببینن کە سامان لە نێو چینی کارگەردا بڵاو دەبێتەوە."

بۆ ئەوەی کورتترو ڕونتر بابەتەکە هەڵبسەنگێنین، با دراو (پارە) بخەینە لاوە، چونکە هەمیشە وەهمێکمان بۆ دەخوڵقێنێتو ناهێڵێت ئاشکرا ڕاستیەکان ببینین. کاتێك داوا لە سەرجەم هاوڵاتیان دەکرێت کە هاوکاری بکەن- لە شێوەی پارەدا - لە پڕۆژەیەکی ئەوا لە ڕاستیدا داوایان لێ دەکرێت کە بە هاوکاری جەستەیی ڕاستەقینە



بەشداری بکەن، چونکە هەر یەکێکیان بەو کارەی دەیکات ئەو بڕە پارەیە بەدەست دێنێت کە دەبێتە باج لەسەری. ئێستا ئەگەر بێینو هەموو هاوڵاتیان کۆبکەینەوەو ناچاریان بکەین خزمەتگوزاریەکانیان پێشکەشبکەن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پڕۆژەیەك کە سودی گشت لایەکی تێدا بێت ئەوا ئەمە بە کارێکی گونجاو دادەنرێت و بە ئەنجامی کارەکە خۆی پاداشتیان دەدرێتەوە. بەڵام ئەگەر بێتو پاش کۆکردنەوەی ئەم خەڵکە ناچار بکرێن بە دروست کردنی چەند ڕێگایەك کە کەسیان بەسەردا تێنەپەڕێت یان دروست کردنی چەند کۆشکێك کە کەسی تێدا نەژێت و هەمووی بە بیانوی دۆزینەوەی کار بۆیان، ئەمەیان زۆر بێهودە دەردەکەوێتو هەقی خۆیانە بڵێن: ئێمە کاری لەم جۆرە ناکەینو پێمان باشترە کار بۆ خۆمان بکەین.

کاتێك هاوڵاتیان بە پارە هاوبەشی دەکەن (نەك بە کار) هیچ لە ئەنجامە گشتیەکان ناگۆڕێت. بەڵام جیاوازییەکە لێرەدایە: ئەگەر بە کار هاوبەشی بکرێت ئەوا زیانەکە هەموو لایەك دەگرێتەوە بەڵام گەر بە پارە هاوبەشی بکرێت لەم بارەدا ئەوانەی کە دەوڵەت سەرقاڵی کردون لە بەشە زیانەکەی خۆیان هەڵدێنو دەبنە هۆی زیاد بوونی بەشە زیانی هاوڵاتیەکانی خۆیان.

بڕگەیەك لە دەستوردا هەیە، دەڵێت:"کۆمەڵگا هاندەرو یاریدەدەری گەشەسەندنی کارە، بە دامەزراندنی کاری گشتی گونجاو بۆ خستنە کاری دەستی کار ئەمەش لە ڕێگەی دەزگاو بەشو ئەنجومەنی شارەوانیەکانەوە."

وەکو گرتنەبەری ڕێو شوێنێکی کاتیو لە کاتی قەیراندا یان لە زستانێکی توند و تیژدا ئەم بەشداری کردنەی باجدەران دەشێت کاریگەری باشی هەبێتو هەمان ڕۆڵی بیمە دەبینێت. ئەمەش نە ژمارەی کار زیاد دەکاتو نە تێکڕایی کرێ بەرز دەکاتەوە وەڵێ تەنها کارو کرێ لە کاتی ئاسایی دەگرێتەوەو لە کاتی تەنگانەدا بە زیانەوە دابەشیان دەکات.

بەڵام وەکو ڕێو شوێنێکی هەمیشەیی گشتی نەخشە بۆ کێشراو، جگە لە فێڵێکی وێرانکەرو دژواری ناکۆکی هیچی تر نیەو دواجاریش نمایشێکی گەورەیە بۆ کارێکی بچوك‌و ئەمەش ئەوەیە کە دەبینرێت‌و ئەو بڕە کارە زۆرەش دەشارێتەوە کە خۆی بۆتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانیدا و ئەوەش ئەوەیە کە نابینرێت.

## ٦. بازرگانەکان

کۆمەڵگا تێکڕای ئەو خزمەتگوزاریانەیە کە تاکەکان یەك بۆ ئەوی دیکەی ئەنجام دەدەن، جا چ بە ناچار کردن یان خۆبەخشانە. واتە خزمەتگوزاری گشتی‌و خزمەتگوزاری تایبەتی یەکەمیان (کە بە یاسا ڕێك دەخرێت‌و دەچەسپێنرێت‌و هەمیشە بە ئاسانی گۆڕانکاریی تێدا ناکرێت ئەگەر پێویست بکات) دەشێت (بە سود بونی) بۆ ماوەیەکی زیاتر درێژ بکاتەوە هەر لەژێر ناوی خزمەتگوزاری گشتی تەنانەت کاتێك کە وای لێ دێت بێجگە لە جاڕسکەری گشتی هیچی تر نابێت. دووەمیان دەکەوێتە مەیدانی خۆبەخشیەوە واتە بەرپرسیارێتیەکی تاکە کەسیانەی هەیە. لێرەدا هەرکەسێك ئەوە دەبەخشێت‌و وەری دەگرێت کە دەیخوازێت یان کە لە توانایدایەو ئەمەش پاش ڕێککەوتن. پێشبینی دەکرێت ئەم جۆرە لە خزمەتگوزاری هەمیشە خاوەن سودێکی ڕاستەقینە بێت‌و ئەم بەهایەش کاتێك وەردەگرێت کە لەگەڵ جۆری یەکەمدا بەراورد دەکرێت.

هەر بۆیە جۆری یەکەم هێندە بێ جوڵەیە لە کاتێدا جۆری دووەم پابەندی یاسای گەشەسەندن دەبێت.

لە کاتێکدا ئەو گەشە سەندنەی بە زێدە ڕۆییەوە دەخرێتە پاڵ خزمەتگوزاریی گشتی (لەگەڵ ئەو هەموو وزەیەی لە ئەنجامیدا لە دەست دەدرێن بە ئاڕاستەی خولقاندنی مشەخۆریەکی کارەساتئامێز لە نێو کۆمەڵگادا دەڕوات، جێگەی سەر



سوڕمانە کە زۆرێك لە قوتابخانە مۆدێرنەکانی بیری ئابوری ئەم تایبەتمەندێتیە دەدەنە پاڵ خزمەتگوزاریی خۆبەخشانەی تایبەت‌و دەیانەوێت ئەو کارە گرنگانەی لە ڕێگەی پیشە جۆر بە جۆرەکانەوە ئەنجام دراون بگەڕێننەوە بۆ خزمەتگوزاریی گشتی.

ئەم قوتابخانانە هێرشێکی توندو تیژ دەکەنە سەر ئەوانەی پێیان دەڵێن بازرگانەکان‌و خوازیاری نەهێشتنی یەکجاری سەرمایەداران و بەرپرسانی بانك‌و مامەڵەکەرانی بازاڕی بازرگانی و بازرگانان‌و بەوە تاوانباریان دەکەن کە خۆیان دەخزێننە نێوان بەرهەم هێن‌و بەکاربەرو هەردوولایان دەڕوتێننەوە بەبێ ئەوە هیچ شتێکی بە بەهایان پێ ببەخشن. یان زیاتر چاکسازیکەران دەیانەوێت کاری بازرگانیی بدەنە دەوڵەت چونکە دەستبەردار بوونی ئەم کارە مەحاڵە.

لێرەشدا بەهەڵەداچوونی سۆسیالیستەکان لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کە بە ئاشکرا ئەوە دەخەنە ڕوو کە بازرگان دەدرێت بەرامبەر بەو خزمەتگوزاریەی پێشکەشی دەکات، بەڵام بەوە پەردەپۆشی دەکەن کە دەکرێت بدرێت بە حکومەت. جارێکی تر دەکەوینەوە ململانێی نێوان ئەوەی سەرنجی چاو ڕادەکێشرێت‌و ئەوەی تەنها ئەقڵ درکی پێدەکات، ململانێی نێوان ئەوەی دەبینرێت و ئەوەی نابینرێت.

لە ساڵی ١٨٤٧ دا، کاتی قاتوقڕییەکە، قوتابخانە سۆسیالیستەکان لە بەجەماوەریکردنی تیۆرە کارەساتئامێزەکەیاندا سەرکەوتن. ئەوان باش دەیانزانی کە تەنانەت بێماناترین پڕوپاگەندەش هەمیشە چانسی سەرکەوتنی هەیە لەگەڵ مرۆڤگەلێکدا کە بە دەست برسێتیەوە دەناڵێنن.

دواتریش بە یارمەتی وشەگەلێکی سەدا ئامێز: چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە، مامەڵەی بازرگانی لە نێو برسێتیدا قۆرخ کردن، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ڕەشکردنەوەی ناوی بازرگانی‌و هەموو قازانجێکی ئەم کارە پەردەپۆش دەکەن.

ئەوان دەیان گوت:"بۆچی کاری هێنانی خواردەمەنی لە ولاّتە یەکگرتووەکانو کریمەوە بدرێتە دەست بازرگانەکان؟ بۆچی دەوڵەت، بەشەکانو شارەوانیەکان خزمەتێکی دەستەبەرکردن ڕێك ناخەنو کۆگای گەورە دانامەزرێنن بۆ پاراستنی شمەك؟ ئەوکات دەتوانن بە نرخی پوختە هەموو شتێك بفرۆشنو خەڵکی هەژاریش لە دانی ئەو بەخششە دەحەوێنەوە کە ناچارن بیدەنە بازرگانی سەربەست، واتە بازرگانیی خۆپەرستو تاکگەراو پڕ لە پاشاگەردانی."

ئەو بەخششەی خەڵکی دەیدەنە بازرگانی، ئەوەیە کە دەبینرێت. بەلاّم ئەو بەخششەی دەبێت لە سایەی سیستمی سۆسیالیزمدا، خەڵك بیدەنە دەوڵەتو بازرگانەکانی ئەوەیە کە نابینرێت.

ئەوەی پێی دەوترێت بەخششو خەڵکی دەبێت بیدەنە بازرگانی چیە؟ ئەمەیە: دوو مرۆڤ، هەریەك خزمەتگوزاریەکی تایبەت بۆ ئەوی دیکە ئەنجام دەدات بەوپەڕی سەربەستیو لەژێر فشاری پێشبڕکێداو بەو نرخەی لە دوای سەوداو مامەڵە لەسەری ڕێککەوتون.

کاتێك گەدەیەك لە پاریس برسی بێتو ئەو گەنمەی کە تێری دەکات لە ئۆدیسە بێت، هەتا گەنمەکە نەگاتە گەدە برسیەکە، برسێتییەکە کۆتایی نایەت. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە سێ ڕێگە هەیە: برسیەکان خۆیان بڕۆنو گەنمەکە بدۆزنەوە، یان متمانە بدەنە دەست ئەوانەی لەم جۆرە بازرگانیەدا قاڵن، یاخود خۆیان دووچاری باجدانێکی تایبەت بکەنەوەو کارەکە بۆ کارمەندە حکومیەکان بەجێ بهێڵن.

لەم سێ میتۆدە، کامیان قازانجی زیاترە؟

لە هەر ئانو زەمانێکدا، لەهەر ولاّتێکدا، چەندە خەڵکەکەی سەربەستو چاوکراوەو خاوەن ئەزمون بووبن، هێندە

زیاتر خۆبەخشانە میتۆدی دووهەمیان هەڵبژاردوە.



منیش دان بەوەدا دەنێم کە تەنها ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ئەو میتۆدە پەسەند بکەن. ئەقڵم ناتوانێت بڕوا بەوە بهێنێت کە زۆرینەی مرۆڤ، لە خاڵێکدا کە هێندە لە نزیکەوە پەیوەندیدارە بە ژیانیانەوە، خۆیان فریودەدن.

لەگەڵ ئەوەشدا با لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە.

ئاشکرایە کە شتێکی نەشیاوە سیو شەش ملیۆن هاولاّتی ڕوو بکەنە ئۆدیسە بۆ بەدەست هێنانی ئەو گەنمەی پێویستیان پێیەتی. کەواتە یەکەمیان بێهودەیە. بەکاربەران ناتوانن خۆیان بەو ئەرکە هەستن، ناچار دەبن ڕوو لە بازرگان بکەن، جا چ کارمەندی حکومی بێت یان بازرگان.

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە ڕێگەی یەکەم سروشتیترینیان دەبێت چونکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەدەست هێنانی گەنم بەرپرسیارێتی کەسی برسی خۆیەتی. ئەمە ئەرکێکە کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، بۆیە قەرزداری خۆیەتی بۆ ئەم خزمەتگوزاریە. ئەگەر کەسێکی دیکە (هەرکەسێك بێت) ئەم ئەرکە بخاتە سەر شانی خۆیو ئەم خزمەتگوزاریەی بۆ جێبەجێ بکات، ئەوا ئەو کەسە مافی قەرەبوو کردنەوەی دەبێت. دەمەوێت بڵێم ئەو خزمەتگوزاریانەی کە بازرگان پێشکەشی دەکات مافی ئەوەی هەیە لە بەرامبەریاندا کرێ وەربگرێت.

بەهەر حاڵ، ئێستا کە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی سۆسیالیستەکان پێی دەڵێن مشەخۆر، کام لەم دوانە – کارمەندی حکومەتو بازرگان – کەمتر مشەخۆرە؟

کاری بازرگانی (کە من وا دادەنێم سەربەست بێت، ئەگینا چ سوودێك لەم ئارگیومێنتەی من دەکەوێتەوە؟) بە ڕەچاو کردنی قازانجەکانی خۆی ناچارە لە وەرزەکان بکۆڵێتەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ بەدواداچوونی ورد بۆ بارودۆخی دانەوێڵە بکات، لە سەرانسەری جیهانەوە ڕاپۆرت وەربگرێت، پێشبینی پێداویستی یەکان بکاتو ڕێ و شوێنی پێویست وەربگرێت. کەشتی گەلی ئامادەیەو دەگاتە هەموو جێگەیەك. قازانجی

بەپەلەی لەوەدایە کە بە هەرزانترین نرخ شمەك بکڕێتو لە سەرجەم چالاکیە بازرگانییەکاندا هەڵبسوڕێتو بەکەمترین تەقەلاو کۆشش زۆرترین ئەنجام بەدەستبهێنێت. نەك تەنها بازرگانەکانی فەرەنسا، بەڵکو سەرجەم بازرگانانی جیهان سەرقاڵی تێکردنی پێداویستییەکانی فەرەنسانو ئەگەر قازانجی تایبەتی ناچاریان بکات ئەرکەکانیان بە کەمترین تێچون جێبەجێ بکەن، ئەوا کێبڕکێی نێوانیان ناچاریان دەکات کە بەکاربەران بەشدار بکەن لەو قازانجەدا کە لە ڕێگەی بازرگانیکردنەوە بە دەستیان هێناوە. هەر کە گەنمەکە دەگات ، لە قازانجی بازرگانە بە زووترین کات بیفرۆشێت تا دوور بێت لە هەر زیانێکی چاوەڕوان نەکراو و قازانج بەدەست بهێنێتو ئەگەر بوار هەبێت سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. پرۆژە ناحکومیەکان (کە بەراوردی نرخ ئاڕاستەی دەکات) خواردن لە سەرانسەری جیهاندا دابەش دەکەنو بۆ ئەمەش هەمیشە لە خاڵی دیارترین کەمیو دەگمەنییەوە دەست پێ دەکەن واتە لەو جێگەیەوە کە هەست بە زۆرترین پێداویستی دەکرێت. بەم شێوەیەش مەحاڵە وێنای ڕێکخراوێك بکەیت کە لەمە زیاتر قازانجی برسیان بە هەند وەربگرێت. جوانی ئەم ڕێکخراوەش، کە سۆسیالیستەکان نایبینن، لەوەدایە کە خۆڕاییە، واتە خۆبەخشانەیە. ڕاستە بەکاربەر دەبێ کرێی بارکردن و گواستنەوەو عەمبارکردنو کرێی کرێکاران بداتە بازرگان. بەڵام ئایا لەژێر سایەی چ سیستەمێکدا ئەو کەسەی گەنم بەکاردەهێنێت کرێی بارکردنەکەی نادات؟ لەگەڵ ئەمانەشدا پێویستە کرێی خزمەتگوزاریی پێشکەش کراویش بدرێت بەڵام ئێستا کرێی بازرگان دێتە سەر کەمترین ڕێژە، ئەویش لە ڕێگەی پێشبڕکێوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە دادپەروەری پرۆسەکەشەوە هەبێت، شتێکی سەیر دەبێت گەر پیشەوەرانی پاریس کار بۆ بازرگانانی مارسیلیا نەکەن. لە کاتێکدا بازرگانانی مارسیلیا کار بۆ پیشەوەرانی پاریس دەکەن.



ئەگەر بە پێی نەخشەی سۆسیالیستی، دەبێت دەوڵەت جێگەی بازرگانانی کەرتی تایبەت بگرێتەوە. لەم ئاڵ و گۆڕە بازرگانیانەدا چی ڕوو دەدات؟ ئابوریو پاشەکەوتی عەوامی خەڵك لە کوێدا دەبێت؟ لە نرخی تاك فرۆشیدا؟ بەڵام وا دابنێ لە ڕۆژێکی دیاریکراودا نوێنەری چل هەزار شارەوانی دەگەنە ئۆدیسا، لەو ڕۆژەدا کە هەمووان گەنمیان پێویستە. ئەندێشە بکە ئەمە چ کاریگەریەکی لەسەر نرخ دەبێت؟ ئایا پاشەکەوتەکە لە کەمکردنەوەی تێچونی بارکردندایە؟ بەڵام ئایا لەم حاڵەدا کەشتیو کەشتیەوانی کەمترو عەمباری کەمترمان پێویست دەبێت؟ یان دواجار لە دانی ئەم هەموو مەسرەفانە دەبەخشرێین؟ یان پاشەکەوتەکە لەو قازانجەدا دەبێت کە پێویستە بدرێتە بازرگانان؟ بەڵام ئایا نوێنەرو کارمەندە حکومەتیەکانت بە بەلاش دەچن بۆ ئۆدیسا؟ ئایا تەنها لە پێناو خۆشەویستی برایانەدا ئەم گەشتە ئەنجام دەدەن؟ ئەی نابێت ئەوانیش بژین؟ ئەی نابێت بەرامبەر بەو کاتەی دەیبەخشن کرێیان بدرێتێ لەو بڕوایەدا نیت کە هەموو ئەمانە هەزار ئەوەندەی ئەو لەسەدا دوو یان سێیەی زیاتر تێدەچێت کە بازرگانەکە دەستی دەکەوێتو پێشوەخت ئامادەیە کە گرەنتی ئەو ڕێژەیە بدات؟

دواتر بیر لە گرفتی سەپاندنی ئەو هەموو باجە بکەرەوە لە پێناو دابەشکردنی ئەو بڕە زۆرەی خۆراکدا. بیر لەو ناداد پەروەریو پێشێلکاریانە بکەرەوە کە لەم پڕۆژەیە دانابڕێن. بیر لە قورسایی ئەو بەرپرسیارێتییە بکەرەوە کە دەکەوێتە سەرشانی حکومەت.

ئەو سۆسیالیستانەی ئەم گەمژەییانەیان داهێناوەو لە ڕۆژانی تەنگانەدا لە بیری کۆمەڵاندا دەی ڕوێنن، بەخشندانە نازناوی (دوربینان) لە خۆیان دەنێن. لێرەشدا مەترسیەکی گەورە هەیە کە ئەم بەکارهێنانەو ئەم چەوساندنەوەیەی زمان، ئەو وشەیە پشت ڕاست دەکاتەوە لەگەڵ ئەو هێما بەخشینەی بەکارهێنانی وشەکە

دەیخوازێت ."دوربین" وا دەگەیەنێت کە ئەم بەڕێزانە دەتوانن ئاسۆیەکی دوورتر ببینن لە خەڵکی ئاسایی، تاکە هەڵەیان ئەوەیە کە زۆر پێش سەردەمی خۆیان کەوتونو ئەگەر کاتی ئەوە نەهاتبێت کۆمەڵێك خزمەتگوزاری تایبەتی (کە بە مشەخۆری ناودەبرێن) بە یەکجاری بسڕدرێتەوە، ئەوا هەڵەی خەڵکە بەگشتی کە ئەوان زۆر لە دوای سوسیالیزمەوەن. بەڕای من ئەمە دەقاودەق بە پێچەوانەوەیەو نازانم دەبێت بۆ چ سەدەیەکی بەربەری بگەڕێینەوە بۆ دۆزینەوەی ئاستێکی تێگەیشتن لەم خاڵەدا کە بەراورد بکرێت لەگەڵ ئاستی تێگەیشتنی سۆسیالیستەکاندا.

بەرهەڵستکارە سۆسیالیستە نوێیەکان بێ وەستان لە دژی پەیوەندی سەربەست لە نێو کۆمەڵگای ئەمڕۆدا دەوەستنەوە. نازانن کە کۆمەڵگای سەربەست هاوبەشیەکی ڕاستەقینەی گەلێك بالاّترە لە هەریەکێك لەو پەیوەندیانەی ئەوان لە خەیاڵی بە پیتیانەوە فرێی دەدەنە دەرەوە.

با ئەم خاڵە بە نمونەیەك ڕوون بکەینەوە.

تا ئەو پیاوەی بەیانی لەخەو هەڵدەستێت بتوانێت قاتێك جل لەبەر بکات، دەبێت پارچە زەویەك جیا بکرێتەوە، بە پیت بکرێت، وشك بکرێتەوەو بکێڵرێتو جۆرێکی تایبەت لە گژوگیای تێدا بڕوێنرێتو مێگەل لەسەری بلەوەڕێت. خوریەکەیان وەربگیرێت دواتر بڕێسرێتو بچنرێت، ڕەنگ بکرێتو بکرێت بە قوماش. ئەم قوماشەش ببڕدرێتو بدورێتو بکرێت بە قات. ئەم زنجیرە کردارەش هەندێکی تر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت چونکە پشت دەبەستێت بە ئامێرەکانی کێڵانو کێڵگەو کارگەو خەڵوزو ئامێرو. . . . هتد.

ئەگەر کۆمەڵگا هاوبەشیەکی ڕاستەقینەی نەبێت، ئەوا هەرکەسێك پێویستی بە قاتێك جل هەبێت، دەبێت بە تەنها ئەم کارە ئەنجام بدات. واتە خۆی سەرجەمی ئەو



زنجیرە کارانە بە ئەنجام بگەیەنێت، هەر لە وەشاندنی یەکەم بێڵەوە هەتا دوا تەقەڵی ئەو دەرزیەی کۆتایی بە کارەکە دەهێنێت.

بەلاّم سوپاس بۆ ئەو ئامادەباشیەی کە هەیە بۆ هاوبەشیکردنو تایبەتمەندێتیەکی جیاکەرەوەی چەشنی مرۆڤە. ئەم کارانە دابەشکراوە لە نێوان ژمارەیەکی زۆری کرێکارانداو بە بەردەوامی لە بەرژەوەندی گشتیدا سەرلەنوێ خۆیان دابەش دەکەنەوەو لەگەڵ زیادبونی بەکارهێناندا دەشێت تاکە کارێکی تایبەتمەند هاندەری هێنانەکایەی پیشەسازیەکی نوێ بێت. دواتر دەستکەوتو قازانجەکان دابەش دەکرێن بەپێی بەهای ئەو ئەرکەی هەرکەسێك ئەنجامی داوە لە خزمەتی وەدیهێنانی سەرجەم کارەکەدا. ئەگەر ئەمە هاوبەشیکردن نەبێت ئەوا دەمەوێت بزانم هاوبەشیکردن چیە.

تێبینی بکە کە لەبەرئەوەی هیچ یەکێك لە کرێکارەکان نەیتوانیوە بچوکترین بەش لە کەرەستەی خاو لە هیچەوە بەرهەم بهێنێن، ئەوا ناچارن خزمەتگوزاری هاوبەش بگۆڕنەوە لەگەڵ یەکتردا تا بتوانن لە بەدیهێنانی ئەنجامێکی هاوبەشدا یاریدەدەری یەکتربن. بەم پێیەش هەر گروپێك بۆ ئەوی دیکە دەبێتە (بازرگان). بۆ نمونە ئەگەر بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کارەکە، گواستنەوە پێویستی بە کرێکارێك هەبێتو ڕستن بە یەکێکی ترو چنین بە یەکێکی تر، ئیتر بۆ دەبێت کرێکاری یەکەم زیاتر بە مشەخۆر دابنرێت لەوانی دیکە؟ ئایا کارەکە بێ گواستنەوە بە ئەنجام دەگات؟ ئایا کەسێك کاتو کۆششی بۆ تەرخان ناکات؟ ئایا ئەم کاتو کۆششە بۆ هاوبەشەکانی ناگەڕێنێتەوە؟ ئایا ئەوان لەمە زیاتر کاردەکەن یان ئەوان شتێکی تەواو جیاواز بە ئەنجام دەگەیەنن؟ ئایا لە وەرگرتنی بەشەکانیدا لە دەستکەوتو قازانج، هەموان پابەندی ئەو یاسایە نین کە دەکەوێتە چوارچێوەی: قبوڵکردنی نرخ لەدوای مامەڵە؟ ئایا ئەم ڕێکخستنو دابەشکردنی کارە کە بە تەواوی سەربەستیەوە بڕیاری

لەسەر دراوە، خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی ناکات؟ ئایا دواجار پێویستیمان بە سۆسیالیستێکە کە بە بیانوی نەخشەکێشان بێتو زۆردارانە هەموو ئەو ڕێکخستنانەمان تێك بشکێنێت کە بە ویستی خۆمان هەڵمانبژاردون؟ کۆتایی بە دابەشکردنی کار بێنێتو بە هەوڵو کۆششی تاکە کەسی جێگەی هەوڵو کۆششی هەرەوەزی بگرێتەوەو پێشکەوتنی شارستانیەت بەرەو دواوە بگەڕێنێتەوە؟

ئایا ئەم هاوبەشیەی لێرەدا لێیدەدوێم هاوبەشیەکی کەمترە لەبەر ئەوەی هەموو کەسێك بە ویستی خۆی دێتە ژوورەوەو دەچێتە دەرەوە؟ شوێنی خۆی تێدا هەڵدەبژێرێت، خۆی حوکم دەکاتو مامەڵە دەکات هەر خۆشی بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت هەروەها هێزو پشکی قازانجی تایبەتی خۆی لەم هاوبەشیەدا تێکهەڵکێش دەکات؟ ئایا بۆ ئەوەی (هاوبەشی) شایستەی ناوەکەی بێت، دەبێت چاکسازێکی درۆینە بێتو فۆرمەلەو ویستی خۆیمان بەسەردا بسەپێنێتو لەنێو خودی خۆیدا جەخت لە سەرجەم مرۆڤایەتی بکاتەوە؟

هەرچەندە زیاتر لەم قوتابخانانەی بیری"دوور بین" بکۆڵیتەوە، تێدەگەیت کە بێجگە لە نەزانی هیچ بنەمایەکی تریان نییەو هاوکات بانگەشە بۆ هەڵە هەڵنەگریی خۆیان دەکەنو لەژێر ناوی هەڵە هەڵنەگریشدا خوازیاری بەدەست هێنانی هێزو دەسەلاتێکی زۆردارانەن.

هیوادارم خوێنەر لەم لادانەم ببورێت کە دەشێت زۆریش بێسوود نەبێت لە کاتێدا کە چەندین وتاری توندو تیژ ڕاستەوخۆ لە کتێبەکانی سانت سیمۆنیەنزو لایەنگرانی فالانستێریزو پەسەندکارانی ئیکاریاوە سەرچاوە دەگرن، لە دژی (بازرگان) دەنوسرێنو ئەنجومەنو چاپەمەنیەکان پڕ دەکەنەوەو دەبنە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لە سەربەستی کارو ئاڵوگۆڕ.



## ٧. سنوردار کردنی بازرگانی

میستەر پارێزگاریکەر (م. چارلز دوپین ئەم ناوەی پێ بەخشیوە نەك من) کاتو سەرمایەی خۆی تەرخان کرد بۆ گۆڕینی کانزای خاو لە زەویەکەیدا بۆ ئاسن. لەبەرئەوەی سروشت لەگەڵ بەلجیکیەکاندا بەخشندەتر بوو، بە نرخێکی گونجاوتر لەوەی میستەر پارێزگاریکەر ئاسنیان دەفرۆشت بە فەرەنسیەکان. بە مانایەکی تر هەموو فەرەنسیەکان یان (فەرەنسا) دەیتوانی بڕێکی دیاریکراو لە ئاسن بەدەست بهێنێت بەرامبەر بە کارێکی کەمتر ئەویش بەوەی لە خەڵکە باشەکەی فلاندەرزی بکڕێت. لە ئەنجامدا فەرەنسیەکان بەهۆی بە هەند وەرگرتنی قازانجی تایبەتی خۆیانەوە بارودۆخەکەیان قۆستەوەو ڕۆژانە ژمارەیەکی بێشوماری بزمار دروستکەران، پیشەوەرانی بەکارهێنەری کانزا، گالیسکەکاران، میکانیکیەکان، ئاسنگەر و زەوی کێڵان دەبینران کە بەرەو بەلجیکا دەڕۆیشتن یان بریکاریان دەنارد بۆ بەدەست هێنانی ئاسنی پێویست. میستەر پارێزگاریکەر بە هیچ کلۆجێك بەمە خۆشحاڵ نەبوو.

یەکەم شت کە بە بیریا هات وەستاندنی ئەم پێشێلکاریە بوو، ئەویش بە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆو بەکارهێنانی هەردوو دەستی خۆی. بێگومان ئەمە کەمترین شتێك بوو کە بیکات چونکە هەر خۆی تەنها زیان لێکەوتوو بوو. لەگەڵ خۆیدا گوتی: تفەنگەکەم لەگەڵ خۆمدا دەبەم چوار دەمانچەش بە خۆمەوە دەکەم، مەخزەنەکەم پڕ دەکەم لە فیشەك شمشێرەکەم ئامادە دەکەمو ئاوا بە پڕ چەککراوی دەچمە بەرەی پێشەوە. لەوێ یەکەمین بزمار دروستکەرو ئاسنگەرو میکانیکیو قفڵچی دەکوژم لەوانە دێنو لەجیاتی قازانجی من بە شوێن قازانجی خۆیاندا دەگەڕێن ئا ئەمە دەرسێکی باشیان دادەدات!

لەو کاتەدا کە دەیویست بڕوات، میستەر پارێزگاریکەر چەند بیرۆکەیەکی دیکەی بە مێشکدا هات کە تا ڕادەیەك ئەو دڕندەیەی ناخی هێور کردەوە. بەخۆی گوت: پێش هەموو شتێك دەشێت بکرانی ئاسن لە هاولاتیانی خۆم یان دوژمنانم دەستپێشخەری بکەنو لەجیاتی ئەوەی خۆیان بەدەستەوە بدەن، من بکوژن. جگە لەوەش ئەگەر هەموو خزمەتکارەکانیشم لەگەڵ خۆمدا بەرم ناتوانین هەموو سنورەکان بپارێزینو دواجاریش هەموو ئەوەی دەیکەم لەوە زیاتری تێدەچێت کە لە پێناویدا دەجەنگێم.

میستەر پارێزگاریکەر لەوەدا بوو بە دڵتەنگییەوە کۆڵ بدات، چونکە بە هەمانشێوەی ئەوانی دیکە ئازاد بوو، بەڵام لەناکاو بیرۆکەیەکی ژیرانە بە مێشکیدا هات.

بیری هاتەوە لە پاریس کارگەیەکی مەزنی یاسا هەیە. لەخۆی پرسی: یاسا چیە؟ پێوەرێکە لەگەڵ دەرچونیدا (جا باش بێت یان خراپ) دەبێت هەموو کەسێك ملکەچی بێت، چونکە بۆ جێبەجێکردنی یاسا هێزێکی گشتی پۆلیس ڕێکخراوەو بۆ پێکهێنانی ئەم هێزەش پارەو پیاو لە نەتەوە وەردەگیرێت.

کەواتە ئەگەر بتوانم یاسایەکی خنجیلەی جوان لەو کارگە مەزنە پاریسیەوە وەربگرم کە بڵێت:"ئاسنی بەلجیکی قەدەغەیە" ئەوا دواجار دەگەمە ئەم دەرئەنجامانە: حوکمەت ئەو چەند خزمەتکارەی کە من بەتەمابووم رەوانەی سەر سنورەکانیان بکەم، دەگۆڕێت بە بیست هەزار چەکدار لە نەوەی قفڵچیو کانزاکەرو بزماردروستکەرو ئاسنگەرو میکانیکیو زەوی کێڵو ئەو پیشەوەرانەی لەمن هەڵگەڕاونەتەوە. دواتر بۆئەوەی ئەم بیست هەزار کارمەندەی گومرگ لە بارودۆخێکی تەندروستیو دەرونی باشدا بمێننەوە، بیستوپێنج ملیۆن فرەنکیان بەسەردا دابەش دەکرێت کە لە هەمان بزمار دروستکەرو ئاسنگەرو زەوی کێڵو پیشەوەرانی پێشوو



وەردەگیرێت. بەم شێوەیە پاراستنەکە بە شێوەیەکی گونجاوتر بەئەنجام دەگات. بۆمنیش هیچی تێناچێتو ناشکەومە بەر دڕندەیی بازرگانانو ئاسن بەو نرخە دەفرۆشم کە دەمەوێت. دواتریش چێژ لە دیمەنی خەڵکە مەزنەکەی خۆمان وەردەگرم کە چۆن بە شەرمەزاریەوە هەڵدەخەڵەتێن. ئەوە فێریان دەکات کە چۆن خۆیان بە دەسپێشخەرو ڕێکخەری هەموو پێشکەوتنێك بزانن لە ئەوروپادا! ئەمە هەنگاوێکی ژیرانە دەبێتو تەواو شایانی تاقیکردنەوەیە!

بەم شێوەیە میستەر پارێزگارکەر چوو بۆ کارگەی یاسا. (لە دەرفەتێکی تردا باس لە چیرۆکی ئاڵو وێڵە رەشو ژێربەژێرەکانی ئەوێی دەکەم، ئێستا دەمەوێت لە هەنگاوە ئاشکراکانی بدوێم، ئەوانەی بە بەرچاوی خەڵکیەوە هەڵیاندەگرێت.)

ڕۆیشت ئەم بەڵگەیەی خستە بەردەم یاسادانەرانی خاوەن شکۆ:

ئاسنی بەلجیکی لە فەرەنسا بە دە فرەنك دەفرۆشرێتو ئەمە منیش ناچاردەکات ئەوەی خۆم بە هەمان نرخ بفرۆشم. من دەمەوێت بیدەم بەپانزە فرەنك بەڵام بەهۆی ئەم ئاسنە بەلجیکیە تەڕەماشەوە ناتوانم. یاسایەك دروست بکەن کە بڵێت:"چیدی ئاسنی بەلجیکی نایەتە ناو خاکی فەرەنساوە."منیش دەست بەجێ پێنج فرەنك نرخەکەم بەرز دەکەمەوەو ئەمەش ئەم دەرئەنجامانەی دەبێت:"لەبری هەر سەد کیلۆگرامێك لە ئاسن کە دەیدەمە خەڵکی، لە جیاتی دە فرەنك پانزە فرەنك وەردەگرمو بەوەش زووتر خۆم دەوڵەمەند دەکەمو مەوداو بەرهەمی کانەکانم بەرفراوان دەکەم. خەڵکی زیاتر دەخەمە سەر کارو خۆم و کرێکارەکانم بڕێکی زیاترلە پارە خەرج دەکەینو ئەمەش لە قازانجی بەرهەمهێنەرەکانمان دەکەوێتەوە بە پانتایی چەند میلێك بە چواردەوری خۆماندا. ئەم بەرهەمهێنەرانەش کە بازاڕیان فراوان دەبێت داواکاری زیاتر دەدەنە پیشەسازیو هەنگاو بە هەنگاو چالاکی ئابوری سەرانسەری وڵات دەگرێتەوە. ئەم دراوە سەد سوسیەی کە ئێوە فڕێی دەدەنە نێو

قاسەكەمەوە، وەك ئەو بەردەی فڕێ دەدرێتە دەریاچەیەكەوە، ژمارەیەكی بێ شومار لە بازنەی هاوچەق بە دەوری خۆیدا بە مەودایەكی فراوان‌و بە هەموو ئاڕاستەیەك بڵاو دەكاتەوە."

دروستكەرانی یاساش، لەژێر جادوی ئەم گفتوگۆیەداو خۆشحاڵ‌و شەیدا بەوەی كە دەشێت بەم ئاسانیەو لە ڕێگەی یاسادانانەوە، سامانی گەلێك زیاد بكرێت، بڕیاری سنوردارکردن دەدەن و دەڵێن:"ئەم هەموو گفتوگۆیە چیە دەربارەی كار و پاشەكەوت؟ گرتنەبەری ئەم ڕێگا بە ئازارانە چ سودێكی هەیە بۆ زیادكردنی سامانی نەتەوەیی لە كاتێكدا ئەوها بڕیارێك دەتوانێت ئەو كارە ئەنجام بدات؟"

لە ڕاستیدا یاساكە هەموو ئەو دەرئەنجامانەی لێكەوتەوە كە میستەر پارێزگاریكەر پێشبینی دەكرد بەڵام لە هەمان كاتدا چەند دەرئەنجامێكی دیكەشی لێكەوتەوە، چونكە ئەگەر دادپەروەرانە حوكم بدەین دەبینین بیركردنەوەكەی هەڵە نیە بەڵكو ناتەواوە. ئەو بۆ داواكردنی زێدە مافییەك دەرئەنجامە بینراوەكانی خستۆتە ڕوو كەچی نەبینراوەكانی لە تاریكیدا هێشتۆتەوە. لە ڕاستیدا دوو كەسی خستۆتە ڕوو لە كاتێكدا كەسێ كەس لە وێنەكەدا بوونیان هەیەو ئەم فەرامۆش كردنەش ڕەمەكی بێت یان ئارەزوومەندانە بێت، كاری ئێمەیە چارەسەری بكەین.

بەڵێ، بەم شێوەیە لە ڕێگەی یاسادانانەوە ئەو دراوە پێنج فرەنكییەی كە ڕێگەی خۆی دەگۆڕێت و دەچێتە نێو قاسەكانی میستەر پارێزگاریكەرەوە دەبێتە قازانجێك بۆ خۆی‌و ئەوانەش كە بە هۆیەوە كاریان پێدەدرێت. ئەگەر بەپێی بڕیارەكە ئەو دراوە پێنج فرەنكیە لە مانگەوە دابارییایە، ئەوا ئەم دەرئەنجامە باشانە چەند دەرئەنجامێكی خراپیان لەگەڵدا نەدەبوو. بەڵام بە داخەوە ئەم سەد سوسە مەتەڵئاسایە لە مانگەوە دانەبەزیوە بەڵكو لە گیرفانی كانزاگەرو بزمار دروسكەرو گالیسكەچی‌و ئاسنگەرو زەوی كێڵ‌و بەنناوە هاتووە. بەكورتی واتە گیرفانی جەیمس



گودفیلۆ كە ئەمرۆ ئەو پارە زیادەیە دەدات بێ ئەوەی یەك میلیگرام زیاتر لە ئاسن وەربگرێت لەو كاتەی كە بە دە فرەنك دەیكڕی. ئا لێرەدا تەواو ئاشكرا بابەتەكە دەگۆڕێت چونكە زۆر ڕوونە كە قازانجی میستەر پارێزگاریكەر هاوشانە لەگەڵ زیانی جەیمس گود فیلۆ. وە هەر شتێك كە میستەر پارێزگاریكەر بە بەكارهێنانی ئەم دراوە پێنج فرەنكیە دەتوانێت ئەنجامی بدات بۆ خزمەتی پیشەسازی خۆماڵی بە هەمان شێوە جەیمس گود فیلۆیش دەیتوانی بیكات. لە ڕاستیدا بەردەكە فڕێ دراوەتە نێو خاڵێكی تایبەتەوە لە دەریاچەكەدا، چونكە فڕێدانی بۆ نێو خاڵێكی تر بە یاسا قەدەغە كراوە.

لێرەوە، ئەوەی كە نابینرێت هاوشان دەبێت لەگەڵ ئەوەی كە دەبینرێت دوا دەرئەنجامی كارەكەش بریتیە لە نادادپەروەری‌و ئەوەی زیاتریش جێگەی داخە ئەوەیە كە بە یاسا ئەنجام دراوە.

بەڵام ئەمە هەموو شتێك نیە. وەكو وتم هەمیشە كەسێكی سێیەم لە تاریكیدا دەمێنێتەوە. دەبێت لێرەدا بیخەمە ڕوو هەتا زیانێكی تری پێنج فرەنكیمان پیشان بدات. دواتر دەچینە سەر دەرئەنجامە كۆتاییەكانی سەرجەم كارەكە.

جەیمس گود فیلۆ پانزە فرەنكی هەیە كە بەروبومی كاری خۆیەتی. (لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو كاتەی كە هێشتا ئازاد بوو) چی لەو پانزە فرەنكە دەكات؟ ئامێرێكی شەپقە دروستكردن دەكڕێت‌و پارەی ئەو سەد كیلۆگرامە لە ئاسنی بەلجیكی دەدات (یان بریكارەكەی ئەو پارەیەی بۆ دەدات). هێشتا پێنج فرەنكی پێ دەمێنێت. بێگومان فڕێی ناداتە ڕووبارەوە (ئەمەش ئەوەیە كە نابینرێت) بەڵكو دەیداتە بەرهەمهێنەرێك بەرامبەر بە تێركردنێك-بۆ نمونە دەیداتە بڵاوكاری كۆپیەك لە زنجیرە گوتاری مێژووی جیهانی ی (بۆسۆیت).

بەم شێوەیە بە ڕێژەی پانزە فرەنك پیشەسازی ناوخۆیی هانئەدات، ڕێك بەمشێوەیە:

ده فرەنك بۆ پارچە ئامێرە پاریسیەکە.

پێنج فرەنك بۆ بڵاوکارەکە.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە جەیمس گود فیلۆوەوە هەبێت، بەرامبەر پانزە فرەنکەکەی دوو بابەتی تێرکردنی دەست دەکەوێت، بەمشێوەیە:

١- سەد کیلۆگرام لە ئاسن.

٢- کتێبێك.

پاشان یاساکە دێت.

چی ڕوو دەدات لە جەیمس گودفیلۆ؟ چی ڕوو دەدات لە پیشەسازیی ناوخۆیی؟

کاتێك جەیمس گود فیلۆ پانزە فرەنکی تەواو دەداتە میستەر پارێزگاریکەر بەرامبەر بە سەد کیلۆگرام ئاسن، بێجگە لەم ئاسنە هیچی بۆ نامێنێتەوە. خاوەنداریێتی ی کتێبێك یان هەر شتێکی هاوشێوەی ئەو کتێبە لەدەست دەدات چونکە پێنج فرەنك لەدەستدەدات. ئێستا تۆش هیچ گومانت لەمە نیە. ناتوانیت گومانت هەبێت. ناکرێت گومانت هەبێت لەوەی کە سنورداركردنی بازرگانی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی نرخ و بەکاربەریش ئەو جیاوازیە دەدۆڕێنێت.

بەڵام دەگوترێت کە پیشەسازیی ناوخۆیی ئەو جیاوازیە بە دەست دەهێنێت.

نەخێر بەدەستی ناهێنێت چونکە لە دەرکردنی بڕیارەکەوە پیشەسازی ناوخۆیی هەر بە بڕی پانزە فرەنك هان دەدرێت.

تەنها جیاوازیەکە لەوەدایە کە بەهۆی بڕیارەکەوە پانزە فرەنکەکەی جەیمس گود فیلۆ ڕوو دەکاتە کانزاگەری بەڵام لە پێش دەرچونی یاساکە لە نێوان پیشەسازی ئامێری شەپقە دروست کردنو چاپەمەنیدا دابەش دەبوو.



ئەو هێزەی کە دەکرا میستەر پارێزگاریکەر خۆی لەسەر سنور بەکاریبهێنایەو ئەو هێزەی ئێستا یاسا مومارەسەی دەکات دەکرێت لە ڕوانگەی ئەخلاقیەوە تەواو جیاواز ببینرێت. خەڵکێك هەن لەو بڕوایەدان کە تالانکردن بوو بە کارێکی یاسایی ئیتر نائەخلاقێتی خۆی لەدەستدەدات. من ناتوانم ئەندێشەی حاڵەتێکی لەمە ترسناکتر بکەم. ئەمەیان هەرچۆنێك بێت، ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە دەرئەنجامە ئابوریەکان لە هەردوو بارەکەدا بە هەمان شێوە دەمێنینەوە.

دەتوانیت لە هەر ڕوانگەیەکەوە لە بابەتەکە بڕوانیت، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی عەقلانی بیپشکنیت دەبینیت کە نە تالانکردنی یاسایی نە نایاسایی هیچ دەرئەنجامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە. نکوڵی لەوە ناکەین کە دەشێت قازانجێکی پێنج فرەنکی بۆ میستەر پارێزگاریکەرو پیشەسازیەکەی یان گەر دەتەوێت ناوی بنێیت پیشەسازی ناوخۆیی، بهێنیت. بەڵام جەخت لەوە دەکەینەوە کە لە هەمانکاتدا ڕێژەی دوو زیانیش بەرز دەکاتەوە، یەکەمیان زیانی جەیمس گود فیلۆ کە پانزە فرەنك دەدات بۆ بەدەست هێنانی شمەکێك کە پێشتر بە دە فرەنك بە دەستی دەهێناو دووهەمیش بریتیە لە زیانی پیشەسازی ناوخۆیی کە چیدی ئەو جیاوازیە بە دەست ناهێنێت. ئێستا ئەو قازانجەی کە دانمان پێدا نا قەرەبووی یەکێك لەم زیانانە دەکاتەوەو زیانەکەی تر بێ چەندوچون دەبێتە زیانێکی قەرەبوو نەکراوە.

بەکارهێنانی هێز لەپێناوی بۆ بەرهەمهێناندا نیە بەڵکو بۆ تێکدانو وێران کردنە. خودایە! ئەگەر بەکارهێنانی هێز بۆ بەهەمهێنان بوایە، فەرەنسا زۆر لە ئێستا دەوڵەمەند تر دەبوو.

## ٨. ئامێر

"نەفرەت لە ئامێر! ساڵانە هێزە ڕوو لە زیادبوونەکەی حوکمی هەژاری بەسەر ملیۆنەها کرێکاردا دەدات، کارەکانیان لێ دەستێنێتەوەو نان بڕاویان دەکات! نەفرەت لە ئامێر."

ئەمە هاوارێکی نەزانانەی زۆر دوورە لە بێلایەنییەوە، کە سەداکەی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە نێو ڕۆژنامەکاندا دەنگ دەداتەوە.

بەڵام نەفرەتکردن لە ئامێر نەفرەتکردنە لە ئەقڵی مرۆڤ !

ئەوەی تەواو جێگەی واق وڕمانە ئەوەیە هەرکەسێك بگریت بڕوای بەم ڕێبازە هەیە.

ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە ڕاست بێت ئەوا دەبێت دەرئەنجامە لۆجیکیە نەگۆڕەکەی چی بێت؟ ئەو دەرئەنجامە ئەوەیە کە چالاکیو تەندروستیو سامانو ئاسودەیی تەنها بۆ ئەو نەتەوە بێمێشكو دەبەنگانەن کە لە ڕووی ئەقڵیەوە بێجوڵەنو خوا بەهرەی کارەساتئامێزی بیرکردنەوەو تێبینیو ئەفراندنو داهێنانو بەدەستهێنانی مەزنترین ئەنجام بە کەمترین هەوڵی پێ نەبەخشیون. بە پێچەوانەشەوە، کۆنە جلکی دڕاو و وێرانە کوخو هەژاریو مانەوە لە پێستێکدا بەشی هەر نەتەوەیەکە کە لە هێزەکانی سروشت (ئاسنو ئاگرو با و کارەباو موگناتیسو یاساکانی کیمیاو میکانیك)دا زێدەیەك بۆ سەرچاوەکانی خۆی ببینێتو بە شوێنیاندا بگەڕێت. لە ڕاستیدا شتێکی گونجاوە لەگەڵ ڕۆسۆدا بڵێین:"هەر مرۆڤێك کە بیر دەکاتەوە گیاندارێکی شەڕەنگێزە."

بەڵام ئەمەش هەموو شتێك نیە. ئەگەر ئەم ڕێبازە ڕاست بێت لەبەر ئەوەی زۆربەی مرۆڤەکان بیردەکەنەوەو داهێنان دەکەنو لە ڕاستیدا هەمووان لە هەموو ساتێکی بونیاندا بە شوێن ئەوەدا دەگەڕێن کە هێزەکانی سروشت ببنە هاوکاریانو بە



کەمترین هەوڵ باشترین ئەنجام بەدەست بێننو کاری دەستیی مرۆڤ کەم بکەنەوەو زۆرترین بڕی بەرهەمی شیاو بە کەمترین بڕی کاری شیاو بەدەستبێنن، ئەوا دەبێت بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرجەم مرۆڤایەتی بەرەو داڕوخان دەڕواتو ئەمەش بە کورتی بەهۆی ئەو بەرزخوازیە ژیرانەوەیە کە بۆ پێشکەوتن هەیەو پێدەچێت کە ئەشکەنجەی یەك بە یەکی مرۆڤ بدات.

لێرەوە ئەوەی لە ڕووی ئامارەوە لەم دەرئەنجامە هەڵدەهێنجرێت ئەوەیە کە دانیشتوانی (لانکاستەر) بەهۆی وڵاتی ئامێرەوە بێکار دەبنو ڕوو دەکەنە (ئایرلەندا) کە ئامێری تێدا نیەو لە ڕووی مێژوویشەوە هەمیشە هەوری بەربەریەت دێتو سەردەمی شارستانیەت دەکاتە ئەنگوستەچاو، شارستانیەتیش لە سەردەمی لە سەردەمی نەزانیو بەربەریەتدا دەبوژێتەوەو گەشە دەکات.

بە ڕێکەوت لە نێو ئەم کۆمەڵە دژیەکەدا شتێك هەیە کە توشی شۆکمان دەکاتو ئاگادارمان دەکاتەوە کە گرفتەکە ڕەگەزێك دەشارێتەوە کە گرنگ و سەرەکیە لە چارەسەر کردنیداو بە پێی پێویست تیشکی نەخراوەتە سەر.

هەموو لوغزەکە ئا لەمەدایە: لە پشت بینراوەکانەوە نەبینراوەکان هەن. من هەوڵ دەدەم بیان خەمە ژێر ڕووناکیەوە، هەرچەندە پێدەچێت ئەوەی دەیڵێم دوبارە کردنەوەی بەڵگەکانی پێشوو بێت چونکە گرفتەکە هەمان گرفتە.

مرۆڤ ئەگەر لە ڕێگەی هێزەوە نەوەستێنرێت مەیلێکی سروشتی هەیە بۆ سەوداکردن-کە کاری بۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ تێرکردنی هاوشێوە- جا چ ئەم سەودا کردنە لەگەڵ بەرهەمهێنێکی بیانیی بە توانادا بێت یان لەگەڵ بەرهەمهێنێکی میکانیکی بە توانادا بێت.

ئەو بەرهەڵستیە تیۆریەی لە دژی ئەم مەیلە بەرز دەکرێتەوە لە هەردوو بارەکەدا یەك شتە. لە هەردوو بارەکەدا گازاندەکە وادەخەملێنێت کە گوایە ئەم مەیلە دەبێتە

هۆی کەم کردنەوەی هەلی کار کردن، لە کاتێکدا کە دەرئەنجامی ڕاستەقینەی ئەم مەیلە کەم کردنەوەی هەلی کار نیە بەڵکو ئازاد کردنی توانای کار کردنی مرۆڤە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پیشەگەلێکی دی.

هەر بۆیە لە پیادە کردندا لە هەردوو بارەکەدا هەمان ڕێگر (هێز) لە بەردەمیدا دادەنرێت. یاسادانەر ڕێگە لە پێشبڕکێی بیانی دەگرێتو پێشبڕکێی میکانیکی قەدەغە دەکات. گەر وانەبێت، چ ڕێگەیەکی تر هەیە بۆ کپ کردنو چەپاندنی مەیلێکی سروشتیی مرۆڤ بێجگە لە سەندنەوەی ئازادی لێی؟

ڕاستە لە زۆرێك لە وڵاتاندا یاسا دانەر هێرش دەکاتە سەر یەکێك لەم دوو جۆرە لە پێشبڕکێو تەنها بە نارەزایی دەربڕین لە دژی جۆری دوەم دەوەستێت. ئەمەش تەنها ئەوە دەسەلمێنێت کە لەم وڵاتانەدا یاسا دانەر ناجێگیرە.

ئەمەش جێگەی سەر سوڕمان نیە چونکە لە ڕێبازێکی هەڵەدا هەمیشە ناجێگیریی ئامادەیی هەیە. خۆ ئەگەر وا نەبوایە ئەوا سەرجەم مرۆڤایەتی لەناو دەچوو. هەرگیز نەمانبینیوەو نابینین بنەمایەکی هەڵە سەد دەر سەد جێبەجێ بکرێت. من لە جێگەیەکی دیکەدا گوتومە: بێهودەیی بریتیە لە سنوری ناجێگیری، دەبێت ئەوەش بڵێم کە بریتیە لە بەڵگەی ناجێگیریشە.

با لەسەر ئارگیومێنتەکەمان بەردەوام بین، زۆر درێژە ناکێشێت.

جەیمس گود فیلۆ دوو فرەنکی هەبوو کاری بە دوو کرێکار سپاردو دەستکەوتی پێبەخشین.

بەڵام ئێستا وا دابنێ کە بە بەکارهێنانی گوریسو قورسایی ڕێگەیەك دادەهێنێت کە کاتو تێچوونی کارەکەی کەم دەکاتەوە بۆ نیوە.

کەواتە هەمان تێر کردن بە دەست دەهێنێت، فرەنکێك پاشەکەوت دەکاتو کرێکارێك دەبوێرێت.



کرێکارێك دەبوێرێت: ئەمە ئەوەیە کە دەبینرێت.

خەڵی کە تەنها ئەمە دەبینن دەڵێن:"بروانە شارستانیەت چ نەگبەتیەك دەهێنێت! بڕوانە سەربەستی چ دەردێکی کوشندەیە توشی یەکسانی دەبێت! هەر کە عەقڵی مرۆڤ سەرکەوتنێکی بە دەست هێنا ڕاستەوخۆو بۆ هەمیشە کرێکارێکی تری فڕێ دایە هەڵدێریی هەژاریەوە. گەر واشدابنێین جەیمس گود فیلۆ لە دوای ئەو داهێنانەش کار دەکات بە هەردوو کرێکارەکە، ئەوا هەریەکە دە (سوس) زیاتریان پێ نادات چونکە لەم بارەدا پیشبڕکێی یەکتر دەکەنو خزمەتگوزاریەکانیان بە نرخێکی کەمتر پێشکەش دەکەن. هەر بەم شێوەیەش دەوڵەمەندان دەوڵەمەندترو هەژارانیش هەژار تر دەبن. دەبێت سەرلەنوێ کۆمەڵگا بنیات بنێینەوە."

دەرئەنجامێکی جوان و هاوشانی ئەو بنەمایەیە کە لەسەری بنیات نراوە!

خۆشبەختانە بنەماکەو دەرئەنجامەکەی هەردوکیان هەڵەن، چونکە لە پشت ئەو نیوەیەی دیاردەکەوە کە بینراوە نیوەکەی تر هەیە کە نەبینراوە.

ئەو فرەنکەی جەیمس گود فیلۆ پاشەکەوتی کرد لەگەڵ کاریگەریە حەتمیەکانی ئەم پاشەکەوت کردنە نابینرێت.

لەبەرئەوەی جەیمس گود فیلۆ (بەهۆی داهێنانەکەیەوە) چیدی لە یەك فرەنك زیاتر لە کاری دەستیدا خەرج ناکات بۆ بەدیهێنانی تێر کردنێك، فرەنکێکی بۆ دەمێنێتەوە.

کەواتە ئەگەر لە جێگەیەك کرێکارێکی بەتاڵ هەبێت کە کاری خۆی بخاتە بازاڕەوە ئەوا لە لایەکی دیکەش سەرمایەدارێك دەبێت کە فرەنکە بێکارەکەی پێشکەش بکات. ئەم دوو ڕەگەزە بەیەك دەگەنو تێکەڵ دەبن.

وەكو ڕۆژیش ڕوونە كە لە نێوان دەستەبەر كردنی كارو داواكاری لەسەر كاردا، لە نێوان دەستەبەر كردنی كرێو داواكاری لەسەر كرێدا، پەیوەندیەك هەیە بە هیچ كلۆجێك ناگۆڕێت.

داهێنانەكەو ئەو كرێكارەی فرەنكی یەكەمی پێدراوە، ئێستا ئەو كارە ئەنجام دەدەن كە پێشتر بە دوو كرێكار ئەنجام دەدرا.

دووهەم كرێكار كە فرەنكی دووهەمی پێدەدرێت، كارێكی تر ئەنجام دەدات.

كەواتە چی لە جیهاندا گۆڕا؟ تێركردنێكی زیاتر لە پێشوو ڕووی دا. بە دەربڕینێكی تر، داهێنانەكە سەركەوتنێكی خێرایە، قازانجێكی بەپڕتاوە بۆ مرۆڤایەتی.

لە شێوازی بەلگە هێنانەوەكەی منەوە دەمانتوانی بگەینە ئەم دەرئەنجامە:

"ئەوە سەرمایەدارەكەیە كە دەبێتە خاوەنی سەرجەم قازانج و دەستكەوتەكانی داهێنانی ئامێر، چینی كرێكار هەرچەندە بە شێوەیەكی كاتی بە دەست ئامێرەوە دەناڵێنێت وەلێ هەرگیز سودیان لێ نابینێت چونكە بە پێی گوتەكانی خۆت ئەم ئامێرانە بەشێك لە پیشەسازی نەتەوە سەرلەنوێ دابەشدەكەنەوە بەبێ ئەوەی لێی كەم بكەنەوە، ڕاستە بەلاّم بەبێ ئەوەی زیادیشی بكەن."

ناكرێت لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا وەلاّمی هەموو بەرهەڵستیەكان بدرێتەوە، بەڵكو تەنها بابەتی ئەم وتارە بەگژدا چونەوەی بێ لایەن نەبونێكی نەفامانەیە كە زۆر مەترسیدار و لە هەمان كاتدا بەربلاّوە. دەمویست ئەوە بسەلمێنم كە هەر ئامێرێكی نوێ لەگەڵ ئەوەدا كە ژمارەیەكی تایبەت لە كرێكار ئامادە دەكات بۆ ئەنجام دانی پیشەگەلێكی تایبەت، لە هەمان كاتدا ئەو پارەیەش دەستەبەر دەكات كە پێویستە بدرێتە ئەم كرێكارانە و ئەم پارەیە پێكەوە شتێك بەرهەم دێنن كە مەحاڵ



بوو پێش داهێنانەكە بەرهەم بهێنرێت. لێرەوە دەگەینە ئەوەی كە دوا دەرئەنجامی داهێنان بریتی یە لە زیادەیەك لە تێركردنەكاندا بە هەمان بری كار.

كێ ئەم زیادەیە لە تێر كردندا بۆ خۆی دەدورێتەوە؟

بەڵێ سەرەتا سەرمایەدار، داهێنەر، یەكەم كەسێك كە ئامێرەكە بە سەركەوتویی بەكار دەهێنێت، ئەمەش لە پاداشتی بلیمەتیو بوێریەكەیدا. لەم بارەدا وەكو بینیمان پاشەكەوتێك لە تێچوونی بەرهەم هێناندا دەخاتە لاوە كە بە خەرج كردنی ژمارەیەك كرێكار دەخاتە كار، هێندەی ئەوەی ئامێرەكە بێكاری كردوون.

بەلاّم هەر خێرا پێشبڕكێ وای لێدەكات نرخی فرۆشتنی دابەزێنێت بە هەمان ڕێژەی پاشەكەوتەكە.

ئیتر چیدی داهێنەر ئەوكەسە نابێت كە قازانجەكانی داهێنانەكە بۆخۆی دەچنێتەوە بەڵكو ئەو قازانجە بۆ كڕیاری بەرهەمەكە، بەكاربەر و خەڵكی دەبێت بە گشتیو لەنێو ئەوانیشدا كرێكارەكان-بە كورتی قازانجەكە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی دەبێت.

هەروەها ئەوەی نابینرێت ئەوەیە كە پاشەكەوتەكە، كە بەمشێوەیە دەستەبەر دەبێت بۆ سەرجەم بەكاربەران، پارەیەكی هەڵگیراو پێك دەهێنێت كە دەكرێت كرێی لێ ڕابكێشرێت، بەمەش جێگەی ئەو سەرچاوەیە دەگرێتەوە كە ئامێرەكە وشكی كرد.

بەم شێوەیەش (بە هێنانەوەی نمونەی ناوبراو) جەیمس گود فیلۆ بەرهەمێك بەدەست دێنێت بە خەرجكردنی دوو فرەنك بۆ كرێ.

سوپاس بۆ داهێنانەكەی، ئێستا كاری دەست بۆ ئەو تەنها یەك فرەنكی تێدەچێت.

هەتاوەكو ئەم بەرهەمەكەی بە هەمان نرخ بفرۆشێت، هەمیشە كرێكارێك كەمتر كاری دەست دەكەوێت بۆ بەرهەمهێنانی ئەم بەرهەمە تایبەتە: ئەمە ئەوەیە كە

دەبینرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا کرێکارێك زیاتر دەخرێتە کار بەو فرەنکەی جەیمس گود فیلۆ پاشەکەوتی دەکات: ئەمەش ئەوەیە کە نابینرێت.

کاتێك بە پێی ڕیزبەندیی سروشتیی ڕووداوەکان، جەیمس گود فیلۆ ناچار دەبێت بە بڕی یەك فرەنك نرخی بەرهەمەکەی دابەزێنێت، چیدی پاشەکەوت ناکات، کەواتە چیدی فرەنکێك ناداتە خستنەکاری نەتەوەیی لە بەرهەمێکی نوێدا، بەڵام ئەو کەسەی ئەو فرەنکەی دەست دەکەوێت (واتە مرۆڤایەتی) جێگەی جەیمس گود فیلۆ دەگرێتەوە. هەرکەسێك بەرهەمەکە بکڕێت فرەنکێك کەمتر دەدات، فرەنکێك پاشەکەوت دەکات و بێگومان ئەم پاشەکەوتەش دەچێتە پاڵ ئەو پارە هەڵگیراوەی کرێی لێدەدرێت: ئەمەش دیسان ئەوەیە کە نابینرێت.

چارەسەرێکی تر بۆ ئەم کێشەیە دێتە پێشەوە کە چارەسەرێکە پشت بە چەند ڕاستیەك دەبەستێت.

هەندێك دەڵێن:"ئامێر تێکچونەکانی بەرهەمێك کەم دەکاتەوە و نرخی بەرهەمەکە دادەبەزێنێت. ئەم نرخ دابەزاندنە دەبێتە هۆی زیادەیەك لە بەکاربردندا کە هەردەم دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەم هێنان دواجار بەکارهێنانی هەمان ژمارەی کرێکار کە پێش داهێنانەکە کاریان دەکرد و بگرە زیاتریش." بۆ پشتگیری کردنی ئەم بەڵگەیەش چاپەمەنی و ڕستن و چنین و ڕۆژنامەگەری و هتد بە نمونە دەهێننەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەڵگە هێنانەوەیە زانستی نیە.

دەبوو لێرەوە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەگەر بەکاربردنی بەرهەمی ناوبراو بە جێگیری یان نیمچە جێگیری بمێنێتەوە ئەوا ئامێرەکە زیان بەخش دەبێت لە ڕووی کەمکردنەوەی هەلی کارەوە. ئەمەش ڕاست نیە.



وا دابنێ لە وڵاتێکی تایبەتدا هەموو پیاوان شەپقە لەسەر دەکەن. خۆ ئەگەر بە بەکارهێنانی ئامێر نرخی شەپقە داببەزێنرێت بۆ نیوەی نرخی دیاریکراو ئەوا مەرج نیە دوو هێندەی جاران شەپقە بکڕدرێت.

ئایا لەم بارەدا دەگوترێت گوایە بەشێك لە هێزی کاری نەتەوەیی بێکار کراوە؟ بەڵێ، بە لۆژیکی نەزان. وە نەخێر، بە لۆژیکی من، چونکە تەنانەت لەو وڵاتەشدا هیچ کەس تاکە شەپقەیەکی زیادە ناکڕدرێت و سەرجەم ئەو پارەیەی هەڵدەگیرێت بۆ دانی کرێ بە دەست لێ نەدراوی دەمێنێتەوە و هەر شتێك ڕوو نەکاتە پیشەسازیی شەپقە پاشەکەوت دەکرێت و لە قازانجی بەکاربەران دەچێتە سەر ئەو پارەیەی تەرخان کراوە بۆ کرێ دان بە هەموو ئەو هێزی کارەی کە ئامێر کردونیە ناپێویست و هەروەها بۆ بوژاندنەوەی گەشەسەندنێکی نوێ لە سەرجەم پیشەسازیەکاندا.

لە ڕاستیدا شتەکان ئاوا ڕوو دەدەن. من ڕۆژنامەم بینیوە بە هەشتا فرەنك بووەو ئێستا بە (٤٨) فرەنك دەیفرۆشن و ئەمەش گەڕاندنەوەی (٣٢) فرەنکە بۆ بەشداربوان. ئەوەش شتێك نیە کە گومانی تێدا نەبێت یان بە لایەنی کەمەوە شتێکی حەتمی نیە کە ئەو (٣٢) فرەنکە هەر ڕوو دەکاتە ڕۆژنامەگەری، بەڵکو ئەوەی گومانی تێدا نیەو حەتمیە ئەوەیە کە ئەگەر ئەم ئاڕاستەیە نەگرێت ئەوا ئاڕاستەیەکی تر دەگرێت. فرەنکێك بەکاردێت بۆ کڕینی ڕۆژنامەی زیاتر، فرەنکێکی تر بۆ خواردنی زیاتر، سێیەم فرەنك بۆ جل و بەرگی باشتر، چوارەم بۆ کەل و پەلی باشتر.

بەم شێوەیە هەموو پیشەسازیەکان وابەستەی یەکترن و تۆڕێکی مەزن پێك دەهێنن کە تێیدا سەرجەم هێڵەکان لە ڕێگەی کەناڵی نهێنیەوە بە یەکتر دەگەن. ئەوەی لە لایەك پاشەکەوت دەکرێت قازانجی هەموو لایەکی تێدا دەبێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە زۆر بە ڕوونی لەوە تێ بگەیت کە هەرگیزاو هەرگیز دەستگرتنەوە و ئابوری کردن لەسەر حسابی کارو کرێ ڕوو نادات.

## ٩. قەرد

لە هەموو سەردەمێکداو بە تایبەتی لە چەند ساڵی ڕابوردوودا خەڵکی خەون بە بەجیهانیکردنی سامانەوە دەبینن ئەویش لە ڕێگەی بەجیهانی کردنی قەردەوە.

دڵنیام زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێم لە شۆڕشی شوباتەوە تا ئێستا دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەکانی پاریس زیاد لە دە هەزار نامیلکەی بڵاو کردۆتەوە و تێیاندا بە باڵای ئەم چارەسەرەی کێشەسۆسیالیستیەدا هەڵدەدات.

بەداخەوە ئەم چارەسەرە وەکو بنەماکەی تەنها هەڵخەڵەتاندنێکی چاوە و بنەماکەشی بە هەمان شێوە سەرابیکە کەوا دەردەکەوێت چارەسەرێکی ئەفسوناوی هەموو گرفتێك بێت.

ئەم خەڵکە هەر کە دەست پێ دەکەن دراوی قورسیان لەگەڵ بەرهەم لێ تێك دەچێت، دواتر دراوی قورسیان لەگەڵ دراوی کاغەز لێ تێك دەچێت و لە ئەنجامی ئەم دوو تێکەڵ کردنەوە بانگەشەی دارشتن و دۆزینەوەی ڕاستیەك دەکەن.

لەم مەسەلەیەدا تەواو پێویستە پارە لە بیر بکرێت: دراوی کانزایی، دراوی کاغەزو هۆیەکانی تری گواستنەوەو دەستاودەستکردنی بەرهەم، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین تەنها بەرهەمەکان خۆیان ببینین کە بابەتی سەرەکی قەرزەکە پێك دەهێنن.

چونکە کاتێك جوتیارێك پەنجا فرەنك قەرز دەکات بۆ کڕینی گاسنێك، لە ڕاستیدا پەنجا فرەنکی پێ نادرێت بەڵکو گاسنەکەی دەدرێتێ.

وە کاتێك بازرگانێك بیست هەزار فرەنك قەرز دەکات بۆ کڕینی خانویەك، دواجار ئەو بیست هەزار فرەنك قەرزدار نیە، بەڵکو خانویەك قەرزدارە.

پارە تەنها ڕووکەشی قەرزەکە پێك دەهێنێت بۆ ئاسانکاری لە بەستنی ئەو ڕێککەوتنەدا کە لە نێوان چەند لایەنێکدا ڕێك دەخرێت.



ئەگەر پیتەر ئارەزوو مەند نەبێت گاسنەکەی بە قەرز بدات بەڵام دەشێت جەیمس خوازیار بێت پارەکەی بە قەرز بدات. لێرەدا ویلیەم چی دەکات؟ پارە لە جەیمس قەرز دەکات و بەو پارەیە گاسنەکە لە پیتەر دەکڕێت.

بەڵام لە ڕاستیدا کەس پارە قەرز ناکات تەنها لە پێناوی پارەدا. ئێمە پارە قەرز دەکەین هەتا لە ڕێگەیەوە بەرهەممان دەست بکەوێت.

ئێستا ئاشکرایە کە لە هیچ وڵاتێکدا ئەگەری ئەوە نییە کە بەرهەمێکی زیاتر لەوەی کە هەیە لە دەستێکەوە بگوازرێتەوە بۆ دەستێکی تر.

بڕی دراوی قورس و پسوڵەی گەڕاو هەرچەند بێت، قەرزکەران بە شێوەیەکی گشتی ناتوانن گاسن و خانوو و ئامێر و ئاسانکاری و کەرەستەی خاوی زیاتر لەوەی قەرزدەران دەتوانن دەستەبەری بکەن وەربگرن.

چونکە دەبێت زۆر باش بزانین کە هەموو قەرزکەرێك پێشبینی قەرز دەرێك دەکات و هەموو قەرزکردنێك پێویستی بە قەرزدانێك هەیە.

ئەمە تەواو ڕاستە بەڵام دام و دەزگاکانی قەرز چ کاریگەرییەکی باشیان هەیە؟ دەکرێت ئەوە بۆ قەرزکەر و قەرزدەر ئاسان بکەن کە زوتر یەکدی بدۆزنەوە و بگەنە ڕێککەوتن. بەڵام ناتوانن دەستبەجێ بڕی شمەکی قەرزکراو یان بەقەرزدراو زیاد بکەن.

هەرچەدە ڕێکخراوەکانی قەرد دەشێت ئەم کارە ئەنجام بدەن بۆ کۆتایی هێنان بە چاکسازە سۆسیالیستیەکان، چونکە ئەم بەڕێزانە دەخوازن گاسن و خانوو و ئامێرو پێدایستی و کەرەستەی خاو بۆ سەرجەم ئەوانەی پێویستیان پێیەتی دەستەبەر بکەن و بە لەمەش کەمتر ڕازی نابن.

بە بڕاوی خۆیان ئەمە چۆن ئەنجام دەدەن؟

بەوەی متمانەی دەوڵەت دەبەخشنە ئەو قەردانە.

با قوڵتر بچینە ناو بابەتەکەوە چونکە لێرەدا شتێك هەیە کە دەبینرێت و شتێك هەیە کە نابینرێت.

وا دابنێ کە لە جیهاندا تەنها یەك گاسن هەیە و دوو جوتیاریش ئەم گاسنەیان دەوێت.

پیتەر خاوەنی ئەو تەنها گاسنەیە کە لە فەرەنسادا هەیە، جۆن و جەیمس دەیانەوێت بە قەرز وەریبگرین. جۆن ڕاستگۆیی و موڵك و ناوبانگی خۆی دەکاتە گرەنتی.

بڕاوی پێدەکرێت و متمانەی هەیە. لە لایەکی ترەوە جەیمس نە جێگەی متمانەیە و نەجێگەی گومانە. لەم بارەدا زۆر ئاسایی پیتەر گاسنەکەی دەدات بە جۆن.

بەلاّم ئێستا و لەژێر ئیلهامی سۆسیالیزمدا دەوڵەت خۆی هەڵدەقورتێنێت و بە پیتەر دەڵێت:"گاسنەکەت بدە بە جەمیس. ئێمە گرەنتی دەکەین و ئەمەش لە گرەنتیەکەی جۆن گرنگترە چونکە جۆن تەنها خۆی بەرپرسە لە خۆی بەلاّم ئێمە (هەرچەندە ڕاستە کە هیچمان نییە) ئەگەر پێویست بکات سەرجەم باجدەران دەڕوتێنینەوە و بە پارەی ئەوان سەرمایە و قازانجی قەرزەکەت دەدەینەوە."

بەم شێوەیە پیتەر گاسنەکەی دەداتە جەیمس . ئەمە ئەوەیە کە دەبینرێت.

سۆسیالیستیەکانیش پیرۆزبایی لە خۆیان دەکەن و دەڵێن:"بڕوانە چۆن پلانەکەمان سەری گرت. سوپاس بۆ خۆ هەڵقورتاندنی دەوڵەت، ئێستا جەیمس ی داماو گاسنێکی هەیە و چیدی بە دەست بێلکاری ناکات. ئێستا کەوتۆتە سەر ڕێگەی سامان کۆکردنەوە و ئەمەش بێجگە لەوەی قازانجێکە بۆ خودی خۆی قازانجێکە بۆ هەموو نەتەوەش."



نا، نەخێر بەڕێزینە، قازانج نییە بۆ نەتەوە چونکە ئا ئەمە ئەوەیە کە نابینرێت.

ئەوە نابینرێت کە گاسنەکە دەدرێتە جەیمس چونکە نەدراوەتە جۆن.

ئەوە نابینرێت کە ئەگەر ئێستا جەیمس گاسن بەکاردێنێت لە جیاتی بێلکاری ئەوا جۆن ناچار دەکرێت بێلکاری بکات.

دواجار ئەوەی کە کەسێك دەخوازێت بە قەردێکی زیادە ناوی ببات جگە لە سەر لە نوێ دابەشکردنەوەی قەردەکە هیچی تر نییە.

لەوەش زیاتر، ئەوەش نابینرێت کە ئەم سەر لە نوێ دابەشکردنەوەیە دوو نادادپەروەری گەورە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

یەکەمیان جۆن دەگرێتەوە کە دوای ئەوەی بەهۆی ڕاستگۆیی و دەستپاکی و توانای خۆیەوە متمانەی پێبەخشرا.

ئێستا دەبینێت بێبەش دەکرێت ، نادادپەروەریی دووەمیان باجدەران دەگرێتەوە کە ناچار دەکرێن پارەی قەرزێك بدەنەوە کە پەیوەندی بەوانەوە نییە.

ئایا دەڵێن گوایە حکومەت هەمان ئەو هەلانەی جەیمس دەدات بە جۆنیش؟ بەلاّم ئەگەر یەك گاسن بوونی هەبێت ناکرێت دووان بدرێت. ئارگیۆمێنتەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەم رستەیە: (سوپاس بۆ دەستێوەردانی حکومەت کە زیاد لەوەی دەدرێت قەرز دەکرێت. ) چونکە لێرەدا گاسنەکە سەرجەم سەرمایەی بەردەست دەنوێنێت.

ڕاستە کە کردارەکەم لە سادەترین چوارچێوەدا خستۆتە ڕوو، بەلاّم بەهەمان پێودان ئاڵۆزترین دام و دەزگای قەردی حکومی تاقیبکەرەوە، دواجار بڕوا دەهێنیت کە لەیەك ئەنجام زیاتریان نییە: سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی قەرد نەك زیادکردنی. لە وڵاتێکی دیاریکراو و لە سەردەمێکی دیاریکراودا تەنها بڕێکی تایبەت لە سەرمایەی بەردەست هەیە و هەمووی دەخرێتە شوێنێکەوە. بێگومان حکومەت دەتوانێت بە

گرەنتی کردنی کۆمەڵە قەرزکەرێکی موفلیس ژمارەی قەرزکەران و ڕێژەی قازانجیش زیاد بکات (ئەمەش هەمووی لەسەر حسابی باجدەران) بەلاّم ناتوانێت ژمارەی قەرزدەران و بەهای کۆتایی قەردەکان زیاد بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا بەپرسیارێتی دەرئەنجامێکم مەخەرەپاڵ کە لە خوا دەپاڕێمەوە بمپارێزێت لێ ی. من دەڵێم نابێت یاسا بە شێوەیەکی دەستکرد هانی قەرزکردن بدات بەلاّم ناڵێم بە شێوەیەکی دەستکرد ڕێگەی لێبگرێت. ئەگەر لە نێو سیستەمە گریمانەییەکەماندا یان لە جێگەیەکی دیکەدا بلاّوبوونەوە ئەوا با یاسا ئەو ڕێگرانە نەهێڵێت. هیچ شتێك لەمە باشتر و دادپەروەرانەتر نییە. بەلاّم ئەمە (هاوشان لەگەڵ ئازادیدا) دەبێت هەموو ئەوە بێت کە چاکسازە سۆسیالیستیەکان (ی شایەنی ئەم ناوە) داوای جێبەجێکردنی دەکەن لە ڕێگەی یاساوە.

## ١٠. جەزائیر

چوار وتاربێژ لە نێو ئەنجومەن دا لە هەوڵی ئەوەدان گوێیان لێبگیرێت. سەرەتا هەموو پێکەوە دەدوێن، دواتر یەك لە دوای یەك. چییان گوت؟ بێگومان شتی زۆر جوانیان گوت دەربارەی هێز و جوانی ی بێوێنەی فەرەنسا، دەربارەی پێویست بوونی چاندن لە پێناوی دوورینەوەدا، دەربارەی داهاتووی پرشنگداری داگیرگە فراوانەکەمان و سوودی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی دانیشتوانە زیادەکەمان، هتد. . . هتد. شاکارانی ڕەوانبێژی هەمیشە بەم دەرئەنجامە دەڕازێنرانەوە:

دەنگبدەن بە تەرخانکردنی پەنجا ملیۆن فرەنك بۆ دروستکردنی بەندەر و ڕێگا لە جەزائیر تا بتوانین نیشتەجێکانمان بگوازینەوە بۆ ئەوێ، خانوویان بۆ دروستبکەین‌و کێڵگەکانیان بۆ پاك بکەینەوە. ئەگەر ئەمە بکەن ئەوا بارێکی قورس



لەسەر شانی کرێکاری فەرەنسی لادەبەن‌و دۆزینەوەی کار لە ئەفریقیادا هاندەدەن‌و بازرگانی لە مارسیلیادا فراوان دەکەن. ئەمە هەمووی قازانجە."

بەڵی ئەوە ڕاستە ئەگەر لەو ساتەوە لەو پەنجا ملیۆن فرەنکە بڕوانین کە دەوڵەت خەرجی دەکات، ئەگەر تەنها لەوە بڕوانین کە ئەو پارەیە ڕوو لە کوێ دەکات نەك لە کوێوە هاتووە، ئەگەر تەنها لەو کاریگەرییە ئیجابیانە بڕوانین کە دروستی دەکات لە دوای ئەوەی لە گیرفانی باجدەران دەردەچێت، نەك ئەو زیانەی کە هێناویەتی یان دورتر بڕۆین و بڵێین ئەو سوودەی کە ڕێگەی لێگیراوە بەوەی هەر لە سەرەتاوە ئاراستەی ئەو پارەیە گۆڕدراوە تا بچێتە نێو قاسەی حکومەتەوە. بەڵێ لەم گۆشە نیگا بەرتەسکەوە هەموو شتێك قازانجە. ئەو خانووەی لە(باربەری) دروستکراوە ئەوەیە کە دەبینرێت ، ئەو بەندەرەی لە باربەری ڕاکشاوە ، ئەوەیە کە دەبینرێت . ئەو کارەی لەباربەری خوڵقێنراوە، ئەوەیە کە دەبینرێت . کەمکردنەوەیەکی تایبەت لە هێزی کاردا لە فەرەنسا، ئەوەیە کە دەبینرێت. چالاکی ی بازرگانی ی مەزن لە مارسیلیا دیسان ئەوەیە کە دەبینرێت.

بەلاّم شتێکی تر هەیە کە نابینرێت. ئەویش ئەوەیە کە ئەو پەنجا ملیۆن فرەنکەی لە لایەن حکومەتەوە خەرجکرا چیدی بەو شێوەیە خەرج ناکرێت کە دەکرا باجدەران بیکەن . پێویستە هەموو ئەو زیانەی کە ڕوو دەدات لە ئەنجامی ڕێگەگرتن لە خەرجیی تایبەتی ، لەو قازانجەی بۆ خەرجی گشتی دەگەڕێنرێتەوە دەربکەین — بەلایەنی کەمەوە ئەگەر نەمانەوێت بگەینە ئەو ڕادەیەی بڵێین لەبەر ئەوەی جەیمس گود فیلۆ نەیدەزانی چی لەو پێنج فرەنکە بکات، باج هات و لێ ی وەرگرت. ئەمە گریمانەیەکی بێمانایە چونکە ئەگەر خۆی توشی دەردەسەریی پەیداکردنی ئەو پێنج فرەنکە کردبێت ئەوا دەبێت خوازیار بوبێت کە خۆی بەکاری بهێنێت. ئەو دەیویست بۆ تەلبەندکردنی باخچەکەی بەکاری بهێنێت کە چیدی ناتوانێت ئەمە بکات، ئەمە

ئەوەیە کە نابینرێت. دەیویست کێڵگەکەی چاکبکات کە چیدی ناتوانێت بیکات، ئەمە ئەوەیە کە نابینرێت ، دەیویست ئامێرەکانی زیاد بکات ، کە چیدی ناتوانێت بیکات ، ئەمە ئەوەیە کە نابینرێت . دەکرا خواردنی باشتر بخوات ، بەرگی باشتر بپۆشێت، خوێندنی باشتر بۆ کوڕەکانی مسۆگەر بکات ، مەهری کچەکەی زیادتر بکات . . . بەڵام چیدی ناتوانێت ئەمانە بکات ، ئەمە ئەوەیە کە نابینرێت . دەکرا پەیوەندی بکردایە بە کۆمەڵەیەکی یارمەتی ی هاوبەشەوە ، کە چیدی ناتوانێت بکات، ئەمە ئەوەیە کە نابینرێت . ئەمە لە لایەك کە سەرجەم ئەو تێرکردنانەی کە لێی سەندراونەتەوە، لە لایەکی ترەوە دەیتوانی کاری چاڵ هەڵکەن و دارتاش و ئاسنگەر و بەرگدروو و مامۆستای گوندەکەی هانبدات کە چیدی ناتوانێت بیکات ، ئەمەش دیسان ئەوەیە کە نابینرێت.

هاووڵاتیانمان زۆر گەشبینن بە بەدیهێنانی داهاتویەکی خۆشگوزەران بۆ جەزائیر. باشە، بەڵام دەبێت ئەو لە پەل و پۆ کەوتنەش بە هەند وەربگرن کە لە هەمان کاتدا لە فەرەنسا دەدات . خەڵکی دەڵێن بڕوانە بازرگانی لە مارسیلیا چ بوژانەوەیەکی بە خۆوە بینینوە، بەڵام ئەگەر ئەمە بەرهەمی باج کۆکردنەوە بێت ئەوا من لەلایەکی دیکەوە دەیخەمە ڕوو کە لە بەرامبەردا لە ناوچەکانی تری وڵاتدا بازرگانی چ زیانێکی لێکەوتووە. ئەوان دەڵێن:"کاتێك نیشتەجێیەك دەگوازرێتەوە بۆ (باربەری)، ئەمە دەبێتە حەوانەوەیەك بۆ ئەو دانیشتوانەی لە وڵاتدا دەمێننەوە." منیش لە وەڵامدا دەڵێم:"ئەوە چۆن ڕوودەدات ئەگەر لە گواستنەوەی ئەو نیشتەجێیەدا بۆ جەزائیر، دوو یان سێ ئەوەندەی ئەو سەرمایەیەش بگوازینەوە کە دەکرا لە فەرەنسادا بیژێنێت؟"

تەنها کۆتاییەك کە دەیخوازم ئەوەیە کە خوێنەر تێبگات کە لە هەموو خەرجیەکی گشتیدا لە پشت ئەو باشیانەوە کە لە ڕوون, نەگریسیەك خۆی



حەشارداوە کە پەی پێبردنی زۆر ئەستەمە. لێرەدا هەموو توانای خۆم بەکاردەهێنم تا خوێنەر لەگەڵ ئەوەدا ڕابهێنم کە هەردوو دیوی دراوەکە ببینێت و هەردووکیان بە هەند وەربگرێت.

کاتێك خەرجیەکی گشتی پێشنیار دەکرێت ، دەبێت تایبەتمەندێتی و بەهادارییەکانی خۆی بکرێت بە پێودان بۆ هەڵسەنگاندنی دوور لەو بانگەشەیەی کە گوایە کەریگەریی باشی دەبێت لەسەر زیادکرنی ژمارەی کار ، چونکە هەر چاکسازییەك بەم ئاراستەیە وەهم ئامێزە. ئەوەی خەرجی ی گشتی لەم بوارەدا بەدیی دەهێنێت خەرجی تایبەتیش دەتوانێت بەهەمان شێوە بەدەستی بهێنێت. کەواتە مەسەلەی دۆزینەوە و دەستەبەرکردنی هەلی کار لە دەرەوەی بابەتەکەیە.

هەرچەندە هەڵسەندگاندنی بەهای ڕاستەقینەی خەرجیە گشتییەکانی تایبەت بە جەزائیر ناکەوێتە چوارچێوەی ئەم وتارەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم تێبینییەکی گشتی لەسەر بابەتەکە نەخەمە ڕوو. ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز ناتوانین پێشبینی ی قازانجی ئابوری ی خەرجییەك بکەین کە پشت بە کۆکردنەوەی باج ببەستێت. بۆچی؟ لەبەر ئەم هۆیە:

پێش هەموو شتێك، لێرەدا هەمیشە داد دەناڵێنێت چونکە جەیمس گود فیلۆ کە ئارەقی ڕشتووە بۆ پەیداکردنی ئەو سەد سوسە تا بتوانێت بیدات بە تێرکردنێك ، باج دێتو کەمترین شتێك کە بیلێین ئەوەیە کە بێزاری دەکات بەوەی ئەو تێرکردنەی لێ زەوت دەکات و دەیداتە کەسێکی تر. ئێستا بێگومان سەپێنەرانی ئەم باجە بە ویستی خۆیان بەڵگەی باش دەهێننەوە. بینیمان دەوڵەت چۆن بەڵگەی پڕ و پوچ دەهێنێتەوە و دەڵێت:"بەم سەد سوسە کار بۆ چەند پیاوێك دەدۆزمەوە."

جەیمس گود فیڵەو (هەر کە هەندێك چاوی دەکرێتەوە و ڕووناکی دەبینێت) بێ وەڵام نامێنێتەوە و دەڵێت :"خودایە: دەمتوانی خۆم ئەو سەد سوسە بخەمە کارەوە."

هەر کە ئەم بەڵگەهێنانەوەیە لەلایەن حکومەتەوە دەخرێتە ڕوو، ئەوانی تریش تەواو ڕاشکاوانە ڕای خۆیان دەخەنە ڕوو وە گفتوگۆی نێوان دارایی گشتی و جەیمس گودفیلەوی هەژار تەواو سادە دەبێتەوە. ئەگەر دەوڵەت پێ ی بڵێت:"ئەو سەد سوسەت لێ وەردەگرم تا بیدەمە ئەو پۆلیسەی کە دەتحەوێنێتەوە لەوەی خۆت چاودێری ئاسایشی خۆت بکەیت، تا ئەو شەقامانەت بۆ قیرتاو بکەم کە ڕۆژانە پێیدا دێیت و دەڕۆیت، تا بیدەمە ئەو دادوەرەی کە پاراستنی سامان و ئازادیت جێگەی گرنگیپێدانێتی، تا بیدەمە خواردن بۆ ئەو سەربازەی بەرگری لە سنوورەکانمان دەکات."

جەیمس گود فیلەو پارەکە دەدات بە بێ ئەوەی یەك وشە لە زاری بێتە دەرەوە، گەر وا نەبێت من تەواو بەهەڵەدا چووم.

بەڵام ئەگەر دەوڵەت پێی بڵێت:"سەد سوست لێوەردەگرم تا دواتر یەك سوست وەکو بیمەی دڵنیایی پێبدەم لە بارێکدا کە کێڵگەکەت بە باشی کێڵابێت ، تا کوڕەکەت فێری شتگەلێك بکەم کە تۆ ناتەوێت بیزانێت ، تا وەزیرێکی حکومەت جۆری سەد و یەکەمین لە خواردن بخاتە سەر سفرەی ئێوارەی . ئەو سەد سوسە وەردەگرم تا لە جەزائیر کوخێك دروست بکەم، ئەمە بێجگە لەسەد سوسی تر بۆ پشتگیریکردنی نیشتەجێیەك لەوێ و سەد سوسی تر بۆ پشتگیریکردنی ئەو سەربازەی کە ئەو نیشتەجێیە دەپارێزێت و سەد سوسی تر بۆ ئەو جەنەراڵەی چاودێری سەربازەکە دەکات . . . هتد . . . هتد. . ."

پێم وا بێت جەیمس لەم بارەدا هاواردەکات و دەڵێت:"ئەم سیستەمە یاساییەی ئێوە تەواو لە یاسای جەنگەڵ دەچێت!" ئێستا لەبەر ئەوەی دەوڵەت پێشبینی ئەو بەرهەڵستیە دەکات، چی دەکات؟ هەموو شتەکان تێکەڵ دەکات. ئارگیومێنتێکی تەواو پڕ و پوچ دەخاتە ڕوو کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر مەسەلەکە نییە. دێت باسی



کاریگەری ئەو سەد سوسە دەکات لەسەر زیادکردنی هەلی کار، باسی ئەو چێشتکەر و فرۆشیارە دەکات کە پێداویستیەکانی وەزیر دەستەبەر دەکەن. نیشتەجێیەك و سەربازێك و جەنەڕاڵێکمان پیشان دەدات کە دەبینرێت . بەڵام لەبەر ئەوەی جەیمس گود فیلەو فێر نەبووە ئەوەی کە نابینرێت بۆ وێنەکە زیاد بکات، بۆیە فریو دەدرێت. بۆیە ناچارم بە دەنگی بەرز و دووبارەکردنەوەی دوور و درێژ فێری بکەم.

بە پشت بەستن بەو ڕاستیەی کە خەرجی ی گشتی دەبێتە هۆی سەر لەنوێ دابەشکردنەوەی کار نەك زیادکردنی، لێرەوە دووەم بەرهەڵستی ی ترسناك ڕووبەڕووی ئەم خەرجییە دەبێتەوە. سەر لە نوێ دابەشکردنەوەی کار واتە جێگۆڕکێ پێکردنی کرێکاران و جاڕسکردنی ئەو یاسا سروشتیانەی کە دابەشبوونی دانیشتوان لەسەر ڕووی زەوی بەڕێوە دەبەن. ئەگەر پەنجا ملیۆن فرەنك لە باجدەران نەسەندرێت، ئەوا لەبەر ئەوەی ئەم باجدەرانە لە سەرانسەری وولاتدا بلاو بوونەتەوە، ئەو پارەیە هانی خستنە سەر کار دەدات لە چل هەزار شارەوانی ی فەرەنسادا. ئەمە وەکو پەیماننامەیەك دەبێت کە هەر مرۆڤێك لە خاکەکەی خۆیدا دەهێڵێتەوە. ئەم پارەیە دابەش دەبێت بەسەر زۆرترین ژمارەی کرێکار و زۆرترین پیشەسازیدا. ئێستا ئەگەر دەوڵەت ئەو پەنجا ملیۆن فرەنکە لە هاوڵاتیان وەربگرێت و کۆی بکاتەوە و لە شوێنێکی تایبەتدا خەرجی بکات، بەمە ڕێژەیەکی زۆر باش لەکار لە شوێنەکانی ترەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەم جێگەیە. ژمارەیەکی هاو شێوەش لە کرێکاری نامۆ و خەرجکردنی ئەو پارەیە لەو شوێنەدا دانیشتوانێکی ناجێگیر و نا پەیوەست و دەتوانم بڵێم مەترسیدار دەخولقێنێت! بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ئەوەیە کە ڕوو دەدات (لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ بابەتەکەی خۆم): ئەم چالاکیە گەرم و گوڕە کە دەڕژێتە نێو ڕووبەرێکی بەرتەسکەوە، دەبێتە جێگەی سەرنجی هەمووان و ئەوەیە کە دەبینرێت.

خەڵكی چەپڵە لێدەدەن و سەریان سوڕ دەمێنێت لە جوانی و ئاسانی ی ئەم کارە و داوای دووبارەکردنەوە و درێژەپێدانی دەکەن. ئەوەی کە نابینرێت ئەوەیە کە لە ناوچەکانی تری فەرەنسادا ڕێگە لە خولڨاندنی ژمارەیەکی هاوشێوە لە کار دەگیرێت (کە دەشێت ئەم کارانە لەوانەی پێشو سودمەندتر بن)

## ١١. ئابوریکردن و دەستبلاْوی

ئەوە تەنها لە بواری خەرجی گشتیدا نییە کە بینراوەکان نەبینراوەکان دەشارنەوە ، هەروەك چۆن لە خۆرگیران دا مانگ ڕووی خۆر دادەپۆشێت. بە هێشتنەوەی نیوەی ئابوری سیاسی لە تاریکیدا، ئەم دیاردەیەی بینرا و نەبینراوەکان پێودانێکی ئەخلاقی ی هەڵە بەرهەم دەهێنێت. ئەمە وا دەکات گەلان بەرژەوەندییە ئەخلاقی و بەرژەوەندییە مادییەکانیان بە دوو شتی دژ یەك ببینن . چ شتێك لەمە تراژیدیتر و ورەڕوخێنترە؟ بڕوانە:

هیچ باوکێك‌و خاوەن خێزانێك نابینیت ئەوە بە ئەرکی خۆی نەزانێت کە هەردەم منداڵەکانی فێری ڕێکخستن‌و بەڕێوەبردنی باش‌و ئابوریکردن‌و میانڕەوی لە خەرجکردندا نەکات.

هیچ ئاینێك نییە کە هێرش نەکاتە سەر دەستبلاْوی و زێدەڕۆیی لە خەرجکردن دا. ئەمانە هەموو شتی باشن بەلاْم لە لایەکی ترەوە چ شتێك هەیە هێندەی ئەم پەندانە باو بێت: "پاشەکەوت کردن وشککردنەوەی دەماری خەڵکە"

"دەستبلاْوی‌و خۆش ڕابواردنی مەزنەکان بۆ حەوانەوەی بچوکەکانە."

"دەستبلاْوان خۆیان وێران دەکەن ، بەلاْم دەوڵەت دەوڵەمەند دەکەن."

"نانی هەژاران بە زێدە خەرجی دەوڵەمەندان دروست دەکرێت."



بێگومان لێرەدا دژیەکێکی زەق هەیە لە نێوان بیری ئەخلاقی و بیری ئابوری دا. چەند لە پیاوانی مەزن لە دوای ئەوەی ئەم ململانێیەیان بۆ دەردەکەوێت بە هێمنیەوە لێی ڕادەمێنن! ئەمە شتێکە کە هەرگیز نەمتوانیوە لێ ی تێبگەم ، چونکە وای دەبینم کە تاڵترین و بە ئازرا ترین ئەزمونێك کە مرۆڤ پێیدا تێپەڕێت بینینی دوو مەیلی دژ یەکە لە ناخیدا. هەر یەکێك لەو دوو مەیلە بگاتە ڕادەی توندوتیژی, ئەوا مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێر دەبات! ئەگەر ڕەزیل بێت ئەوا دەکەویتە نێو هەژارییەکی ترسناکەوە و ئەگەر دەستبلاْو بێت توشی ئیفلاسی ڕەوشت دەبێت! خۆشبەختانە ئەم پەندانە وێنەی دەستبلاْوی و کەم خەرجی بە هەڵە دەخەنە ڕوو، چونکە تەنها دەرئەنجامە هەنوکەییەکانیان بەهەند وەردەگرن کە دەبینرێن نەك کاریگەرییە دوورەکانیان کە نابینرێن. ئێستا با ئەم وێنە ناتەواوە ڕاست بکەینەوە.

لەدوای ئەوەی مۆندۆر و ئاریستێ ی برای دەبنە میراتگر و سامانی باوکیان پێکەوە دابەش دەکەن ، ساڵانە هەریەکەیان پەنجا هەزار فرەنك داهاتی دەبێت . مۆندۆر بە مۆدێرنترین شێوە پارە دەبەخشێتەوە . کەسێکی تەواو دەستبلاْوە . ساڵانە چەند جارێك کەل و پەلی ناوماڵی دەگۆڕێت ، هەموو مانگێك گالیسکەکەی دەگۆڕێت و خەڵکی لەو شێوازە بێوێنانە دەدوێن کە دەیگرێتە بەر بۆ ئەوەی چی زووترە خۆی لە پارەکەی دەرباز بکات ، بە کورتی کاراکتەرە هاى لایڤەرەکانی بەلزاك و ئەلێکساندەر دۆماس لە بەردەمیدا ڕەنگ زەرد دەردەکەون.

چ کۆرسێکی ستایش هەمیشە دەوری دەدات:"باسی مۆندۆرمان بۆ بکە! بژی مۆندۆر! بە ڕاستی خێرخوازی چینی کرێکارە و فریشتەی خەڵکییە! ڕاستە لە خۆشڕابواردن دا نقوم بووە و کە تێدەپەڕێت پیادە بە قوڕ سواغ دەدات و هەیبەتی خۆی و مرۆڤایەتیش کەمێك بە دەستیەوە دەناڵێنن بەلاْم چی تێدایە؟ ئەگەر بەهۆی کارەکانیەوە نەبووبێتە کەسێکی بەسود ئەوا لە ڕێگەی سامانەکەیەوە بووە.

پارە دەخاتە سوڕی ئابورییەوە . حەوشەی ماڵەکەی لەو فرۆشیارانە بەتاڵ نابێت کە بە ڕەزامەندییەوە ئەوێ بەجێدەهێڵن. ئەوە نییە خەڵکی دەڵێن خوردە خڕە تا بتوانێت بخولێتەوە؟"

ئاریستێ پیلانێکی تەواو جیاوازی گرتۆتە بەر لە ژیاندا. ئەگەر کەسێکی خود گەرا نەبێت ئەوا لانی کەم تا گگەرایە، چونکە کەسێکی عەقلآنیە لە خەرجکردندا و تەنها بە شوێن چێژی میانڕەو و گونجاودا دەگەڕێت و بیر لە داهاتووی منداڵەکانی دەکاتەوە. بەکورتی: پاشەکەوت دەکات.

ئێستا بزانە خەڵکی سەبارەت بەو چی دەڵێن.

"چ دەوڵەمەندێکی ڕەزیل و پارە پەرستە؟ هەرچەندە شتێکی سەرنجڕاکێش و کاریگەر لە سادەیی ژیانیدا هەست پێدەکرێت. لەوەش زیاتر کەسێکی مرۆڤ دۆست و خێرخواز و بەخشندەیە. بەڵام باش دەژمێرێت. هەرچی ی دەست دەکەوێت خەرجی ناکات. ماڵەکەی نەهەمیشە چراخانە و نە لە خەڵکیدا جمەی دێت. تۆ بڵێ ی ئەم پیاوە چی قازانجێکی هەبێت بۆ دروستکەرانی فەرش و گالیسکەچی و بازرگانانی ئەسپ و حەڵواچیان؟ ئەم حوکمانە کە کارەساتئامێزن لە ڕووی ئاکار و ڕەوشتەوە پشت بەو ڕاستیە دەبەستن کە تەنها یەك شت سەرنج ڕادەکێشێت: خەرجکردنی برا دەستبلآوەکە، وە شتێکی تر کە لە چاو هەڵدێت: هەمان خەرجکردن (یان خرجکردنێکی زیاتریش) لە لایەن برا ئابوریکەرەکەوە.

بەڵام شتەکان هێندە بێوێنە لە لایەن داهێنەری ئاسمانی ڕێکخستنی کۆمەڵا یەتییەوە ڕێکخراوە (لێرەدا وەکوو هەموو جێگەکانی تریش) کە ئابوریی ڕامیاری و ئاکار دوور لە پێکدادان بەڕادەیەك پێکەوە گونجاون کە ژیریی ئاریستێ نەك تەنها بالآترە بەڵکو قازانج بەخشتریشە لە کاڵفامی مۆندۆر.



کە دەڵێم قازانج بەخشترە، مەبەستم ئەوە نیە کە تەنها قازانج بەخشە بۆ ئاریستێ یان تەنانەت بۆ کۆمەڵگا بە گشتی بەڵکو قازانج بەخشترە بۆ سەرجەم کرێکارانی ئەمرۆ و پیشەسازیی سەردەم.

بۆ سەلماندنی ئەمەش دەبێت کاریگەری و دەرئەنجامە شاراوەکانی کار و کردەی مرۆڤ کە چاوی ئاسایی نایانبینێت بخەمە بەردەم چاوی عەقڵ.

بەڵێ، کاریگەریی دەستبلآوی مۆندۆر تەواو لەبەرچاوە: هەموو کەسێك دەتوانێت گالیسکە دانسقە و فراوانەکانی و گالیسکە سەرکراوەکانی ببینێت، هەروەها تابلۆ دانسقەکانی ماڵەکەی و فەرشە گرانبەهاکانی و شەوق و شکۆی کۆشکەکەی شتگەلێکن لە چاو ناشاردرێنەوە. هەموو کەسێك دەزانێت کە ئەسپە ڕەسەنەکانی دەخاتە نێو پێشبڕکێکانەوە. ئەو خوانە بێوێنانەی لە کۆشکەکەی پاریسیدا سازیدەدات دەبێتە جێگەی سەرنجی خەڵکی و دواتر دەڵێن:"کوڕێکی باش هەیە کە دوور لە هەموو پاشەکەوتێك، خەریکە زۆربە سامانەکەی خەرج دەکات." ئەمە ئەوەیە کە دەبینرێت.

وەلێ لە گۆشە نیگای بەرژەوەندیی کرێکارانەوە هەروا ئاسان نییە بزانیت داهاتەکەی ئاریستێ چی ی بەسەر دێت.

هەرچەندە ئەگەر بە دوایدا بڕۆین و شوێن پێ ی هەڵگرین دواجار دڵنیا دەبین کە سەرجەمی ئەو داهاتە دەچێتە خزمەتی دروستکردنی هەلی کارەوە بۆ کرێکاران هەروەك چۆن داهاتەکەی مۆندۆریش بەرەو هەمان جێگە دەڕوات. لەگەڵ بوونی یەك جیاوازی: خەرجکردنی بێ عەقلآنەی مۆندۆر بەردەوام بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات و دەبێت بەیەك کۆتایی بگات بەڵام خەرجکردنی ژیرانەی ئاریستێ ساڵ بە ساڵ لە زیاد بووندا دەبێت.

ئەگەر بارودۆخەکە ئاوا بێت کەواتە بەرژەوەندیی گشتی لەگەڵ ڕەوشتدا تەبایە.

ئاریستێ ساڵانە بیست هەزار فرەنك بۆ خۆی و خێزانەکەی خەرج دەکات. ئەگەر ئەم پارەیە نەتوانێت ئاسودەی بکات ئەوا شایەنی ئەوە نییە بە ژیر ناو ببرێت. لە لایەکی ترەوە هاوسۆزی هەژارانە و هەست دەکات لە ڕووی ئەخلاقییەوە پەیوەستە بە یارمەتی دانیان و لە هەوڵی ئەوەدایە تا ڕادەیەك باری شانیان سوك بکات بۆیە بڕی دە هەزار فرەنك تەرخان دەکات بۆ کاری خێرخوازی.

هاوڕێگەلێکی لە نێو بازرگانان و سنعەتکار و جوتیاراندا هەیە کە جار جار توشی گرفتی ئابوری دەبن، بۆیە ئەویش دوای ئەوەی لە گرفتەکانیان دەکۆڵێتەوە هەوڵدەدات ژیرانە و کاریگەرانە بە هانایانەوە بچێت و بۆ ئەمەش ساڵانە دە هەزار فرەنك دەخاتە لاوە.

دواجار ئەوەشی لە بیر ناچێت کە کچی هەیە و دەبێت زەماوەندیان بۆ ساز بکرێت وە کوڕی هەیە کە دەبێت دڵنیابێت لە دوارۆژیان، بۆیە ساڵانە خۆی پابەند دەکات بە ئەرکی پاشەکەوت کردن و خستنەکاری دەهەزار فرەنکەوە. کەواتە بەم شێوەیە داهاتەکەی بەکار دەهێنێت:

١. خەرجی تایبەتی ٢٠ هەزار فرەنك

٢. کاری خێرخوازی ١٠ هەزار فرەنك

٣. یارمەتی بۆ هاوڕێیان ١٠ هەزار فرەنك

٤. پاشەکەوت ١٠ هەزار فرەنك

ئەگەر بە هەر یەکێك لەم بڕگانەدا بچینەوە، دەبینین کە سەرجەمی ئەم پارەیە ڕوو دەکات هاندانی پیشەسازی نەتەوەیی.

١. خەرجی تایبەتی: ئەم خەرجیە کە داهاتەکەی بۆ پیشەوەران و دوکانداران دەبێت هەمان کاریگەری خەرجیەکانی مۆندۆری هەیە و خۆی بۆ خۆی دەبێت بەڵگە. با زیاتر لەمە نەدوێین.



٢. کاری خێرخوازی: ئەو دە هەزار فرەنکەی بۆ ئەمە تەرخان دەکرێت بە هەمان شێوە هانی پیشەسازی دەدات. ئەم پارەیە دەچێتە گیرفانی نانەوا و قەساب و بەرگدرو و فرۆشیاری کەل و پەل، تەنها ئەوەندە هەیە کە ئەم نان و گۆشت و جل و بەرگە ڕاستەوخۆ پێداویستیەکانی ئاریستێ پڕ ناکەنەوە بەڵکو دەچنە خزمەتی ئەو کەسانەوە کە بونەتە جێگری. ئێستا ئەم جێگۆڕکێ سادەیەی بەکاربەر هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پیشەسازی بە شێوەیەکی گشتی نابێت. چ ئاریستێ خۆی سەد سوس خەرج بکات یان داوا لە هەژارێك بکات ئەو پارەیە خەرج بکات هیچ جیاوازییەکی نییە.

٣. یارمەتی بۆ هاوڕێیان: ئەو هاوڕێیەی ئاریستێ دە هەزار فرەنکی دەداتێ (چ قەرز بێت یان یارمەتی بێت)، نایەت ئەو پارەیە لە ژێر زەویدا بشارێتەوە ، ئەگەر نا ئەمە پێچەوانەی گریمانەکەی ئێمە دەبێت، بەڵکو بەکاری دەهێنێت بۆ کڕینی کەل و پەل یان بۆ دانەوەی قەرزەکانی. لە باری یەکەمدا پیشەسازی هاندەدات. ئایا کەس دەوێرێت بڵێت کاتێك مۆندۆر گالیسکەیەك دەکڕێت بە دە هەزار فرەنك ئەمە دەستکەوتێکی باشتری دەبێت لەوەی ئاریستێ یان هاوڕێکانی بایی دە هەزار فرەنك کەل و پەل بکڕن؟

خۆ ئەگەر ئەم بڕە پارەیە لە قەرزدا بدرێتەوە ، لەم بارەدا تەنها جیاوازی ئەوەیە کە کەسی سێ یەم دەردەکەوێت کە قەرزدەرە و دواجار پارەکە دەچێتە لای و بێگومان ئەویش دەیخاتە خزمەتی کارەکەیەوە یان لە کارگەکەیدا خەرجی دەکات یان بەکاری دەهێنێت بۆ سوود وەرگرتن لە سەرچاوە سروشتیەکان. ئەو تەنها دەبێتە گرێدەرێکی تر لە نێوان ئاریستێ و کرێکاران دا. ناوەکان دەگۆڕێن بەڵام خەرجی و هاندانی پیشەسازی دەمێنێتەوە.

٤. پاشەکەوت: ئێستا ئەو دە هەزار فرەنکە دەمێنێتەوە کە پاشەکەوت دەکرێن. ئا لێرەوەیە کە لە گۆشە نیگای هاندانی هونەر و پیشەسازی و خستنەکاری کرێکارانەوە مۆندۆر لە ئاریستێ بالأتر دەردەکەوێت، هەرچەندە لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئاریستێ هەنگاوێ زیاتر دەچێتە پێشەوە. بینینی دەرکەوتنی ئەم دژیەکانە لە نێوان یاسا مەزنەکانی سروشت دا بە بێ ئازاری جەستەیی ڕاستەقینە بە سەرمدا تێناپەڕێت. ئەگەر مرۆڤایەتی ناچار بکرێت لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت ، یەکەمیان کە بەرژەوەندییەکانی ئازار دەدات وە دووەمیان کە ویژدانی ئازار دەدات ، ئەوا دەبوو بەسەر داهاتوی دا بگرین. بەلأم خۆشبەختانە ئەوها نییە. کە دەبینین ئاریستێ لە هەمان کاتدا بالأیی ئابوری و بالأیی ئەخلاقی بەدەست دەهێنێت ، پێویستمان بەوە هەیە کە لەم بنەما دڵنەواییکەرە تێبگەین کە ڕوواڵەتە ناکۆکئامێزەکەی هیچ لە ڕاستێتی ی کەم ناکاتەوە: پاشەکەوت کردن واتە خەرجکردن.

ئاریستێ مەبەستی چییە لە پاشەکەوتکردنی دە هەزار فرەنك؟ بێگومان مەبەستی ئەوە نییە کە دوو هەزار دراوی (سەد سوسی) لە چاڵێکدا لە باخچەیەکدا بشارێتەوە. ئەو بەمە دەیەوێت سەرمایە و داهاتی زیاد بکات. لە ئەنجامدا ئەو پارەیەی کە بۆ تێرکردنی تایبەتی بەکاری ناهێنێت، پارچەیەك زەوی، خانوویەك ، سەنەدی حکومی ، یان پڕۆژەی پیشەسازیی پێدەکڕێت، یان لە ڕێگەی دەلاڵێك یان خاوەن بانکێکەوە دەیخاتە کارەوە. ئێستا ئەگەر چاودێریی ئەو پارەیە بکەیت کە بەکار دێت لە هەریەکێك لەو گریمانانەی کە باسمان کردن، دەگەیتە ئەو بڕوایەی کە لە ڕێگەی فرۆشیاران یان قەرزکەرانەوە هانی پیشەسازی دەدات (تەواو وەك ئەوەی ئاریستێ بێت و هاوشێوەی براکەی لە کڕینی کەل و پەل ی ناومالڵ و خشڵ و ئەسپ دا خەرجی بکات. چونکە کاتێك ئاریستێ بە دەهەزار فرەنك چەند پارچە زەوییەك یان چەند



سەنەدێك دەکرێت ، لە بەر ئەوە ئەمە دەکات کە دەزانێت پێویستی بە خەرجکردنی ئەم بڕە پارە نییە. سەرەتا وا دەردەکەوێت ئەمە وەکوو خالێك بەسەرییەوە بگیرێت، بەلأم لە ڕاستیدا ئەو کەسەی ئەو پارچە زەوییە دەفرۆشێت دواتر بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو پارەیەی وەریدەگرێت خەرجی دەکات. بۆیە خەرجکردن لە هەر دوو بارەکەدا ڕوو دەدات چ لەلایەن (ئاریستێ) وە بێت یان لەلایەن ئەوانەوە کە جێگەی دەگرنەوە.

کەواتە لە گۆشەنیگای چینی کرێکار و هاندانی پیشەسازییەوە تەنها یەك جیاوازی لە نێوان ڕەفتاری ئاریستێ و مۆندۆر دا هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە خەرجکردنەکەی مۆندۆر ڕاستەوخۆ لە لایەن خۆیەوە یان لە لایەن دەوروبەرەکەیەوە جێبەجێ دەکرێت: دەبینرێت. ئەوەی ئاریستێ لەبەر ئەوەی لە لایەن کەسانێکی ترەوە و لە دور جێبەجێدەکرێت ، نابینرێت. وەلێ تەواو ڕاستە وەك ئەوەی دەبینرێت. ئەوەش کە ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت ئەوەیە کە لە هەردوو بارەکەدا پارەکە دەسوڕێت و ئەوەی لە قاسەکانی برا ئابوریکەرەکەدا دەمێنێتەوە لەوە زیاتر نییە کە لە قاسەی برا دەستبلأوەکەدا دەمێنێتەوە.

کەواتە هەڵەیە گەر بڵێین ئابوریکردن لە خەرجکردن دا زیانی ڕاستەقینە بە پیشەسازی دەگەیەنێت، بە پێچەوانەوە، لەم ڕووەوە بە هەمان شێوەی دەستبلأوی بەسوودە.

بەلأم ئەم ئابوریکردنە چەند مەزن دەردەکەوێت ئەگەر لە جیاتی ئەوەی بیرکردنەوەمان لە چوارچێوەی کاتی ئێستادا قەتیس بکەین ، باوەش بۆ ماوەیەکی دورودرێژی داهاتوو بگرینەوە!

دەساڵ تێدەپەڕێت. ئێستا مۆندۆر و سامان و جەماوەرە مەزنەکەی چیان بەسەر هاتووە. هیچیان نەماون. مۆندۆر وێران بووە. دوور لە ڕشتنی پەنجا هەزار فرەنکی

سالآنە بۆ نێو ئابووری دوور نەبوو ببێتە بەخێوکراوی حکومەت. هەرچۆن بێت ئێستا وەك جاران سەرچاوەی ئاسوودەیی دوکانداران نییە. ئێستا بە بزوێنەری هونەر و پیشەسازی دانانرێت. ئێستا هیچ سوودێکی نەبۆ کرێکاران هەیە نەبۆ دەستوپێوەندەکەی کە لە تەنگانەدا بە جێیهێشتوون.

لەپاش هەمان دەساڵ ، ئاریستێ بەردەوام سەرجەم داهاتەکەی دەخاتە سوڕی ئابوورییەوە و تەنانەت هاوبەشی ی زیادکردنی ساڵ بە ساڵی داهات دەکات. سەرمایەی نەتەوەیی ، واتە ئەو پارەیەی کە کرێ ی لێدەدرێت ، زیاد دەکات و لەبەر ئەوەی ڕێژەی داواکاری لەسەر کرێکار پشت بە ڕێژەی ئەو پارەیە دەبەستێت, کەواتە ئاریستێ هاوبەشی دەکات لە زیادکردنی بەردەوامی کرێ بۆ چینی کرێکار و لە پاش مردنیشی منداڵگەلێك بە جێدەهێڵێت کە لەم کاری پێشکەوتن و شارستانی بوونەدا جێگەی دەگرنەوە. لە ڕووی ئاکارەوە باڵایی ئابوریکردن بەسەر دەستبلاّویدا ڕاستیەکە کە جێگەی مشتومڕ نییە. ئەوەش جێگەی خۆشحاڵی و دڵنەواییە کە لە گۆشە نیگای ئابورییەوە هەموو کەسێك کە لەبەردەم ئەنجامی هەنوکەیی شتەکاندا ناوەستێت و لێکۆلینەوەکانی دەخاتە خزمەتی ئەنجام و کاریگەرییە درێژخایەنەکانەوە، دەکرێت ببێتە خاوەنی هەمان باڵایی.

## ١٢. مافی خستنەکار و مافی قازانج

"براینە، خۆتان بەوە بنرخێنن کە کارم بدەنێ بە نرخی خۆتان." ئەمە مافی خستنەکارەو سۆسیالیزمی سەرەتایی یان پلە یەکە.

"براینە خۆتان بەوە بنرخێنن کە کارم بدەنێ بەو نرخەی کە من دەمەوێت." ئەمەش مافی قازانجەو سۆسیالیزمی گەشەسەندوو یان پلە دووە.



هەردووکیان لەسەر ئەو چاکخوازییانە دەژین کە دەرئەنجامە بینراەکانیانن‌و بەو چاکخوازیانە دەمرن کە دەرئەنجامە نەبینراوەکانیانن.

ئەوەی دەبینرێت ئەو کار و قازانجەیە کە بەو نرخاندنە هاتۆتە ئاراوە کە بەسەر کۆمەڵگادا سەپێنراوە. ئەوەی نابینرێت ئەو کار و قازانجەیە کە بە هەمان بڕی پارە دەهاتە ئاراوە ئەگەر لە دەستی باجدەران خۆیان دا بمایایەتەوە.

لە ساڵی ١٨٤٨ دا و بۆ کاتێکی کەم مافی خستنەکار بە دوو ڕوو خۆی پیشان دا. ئەمەش بەس بوو تا لە بەردەم ڕای گشتیدا ڕیسوا ببێت.

یەکێك لەم ڕووداوانە ناسرابوو بە: وەرشەی کاری نیشتیمانی. ئەوی تریان: چل و پێنج سۆنتیم . ڕۆژانە چەندین ملیۆن لە (ڕو دو ڕیڤۆلی) یەوە ڕوویان دەکردە بنکەکانی وەرشەی کاری نیشتیمانی. ئەمە دیوە جوانەکەی دراوەکە بوو. بەلاّم دیوەکەی تری ئەمەی تێدا بوو: بۆ ئەوەی چەند ملیۆن فرەنکێك لە قاسەیەك بێنە دەرەوە، دەبێت پێشتر بکرێنە قاسەکەوە. هەر بۆیە ڕێکخەرانی مافی خستنەکار ڕووی دەمیان دەکردە باجدەران.

جوتیار گوتی:"دەبێت من چلوپێنج سۆنتیم بدەم کە ئەمەش لە جلوبەرگ بێبەشم دەکات، ناتوانم کێڵگەکەشم بکێڵم، ناشتوانم خانوەکەم چاك بکەمەوە."

دەستە کرێ گرتەکانیش گوتیان:"لەبەرئەوەی سەرۆك کارەکەمان ناتوانێت بەرگی تازە بپۆشێت، بەرگ دروان کەمتر کار دەکەن، لەبەرئەوەی ناتوانێت کێڵگەکەی بکێڵێت، کرێکارانی کێڵگە کەمتر کار دەکەن. کە ئەو نەتوانێت خانوەکەی چاك بکاتەوە، دارتاش و بەنناکان کەمتر کار دەکەن."

کەواتە سەلمێنرا کە ناکرێت دوو جار قازانج لە هەمان مامەڵە بکرێت و ئەو کارەی حکومەت کرێی دەدات لەسەر حسابی ئەو کارە خولّقێنراوە کە دەکرا باجدەران

خۆیان بیخولْقێنن و کرێی بدەن، ئەمەش کۆتایی مافی خستنە کار بوو کە دواجار دەرکەوت بێجگە لە وەهم و نادادپەروەریەك هیچی تر نیە.

لەگەڵ ئەوەشدا مافی قازانج کردن کە تەنها پیێ لێ هەڵبڕینێکی مافی خستنە کارە هێشتا ماوە و لە گەشە سەندندایە. ئایا ئەو ڕۆڵەی پارێزگاریکەر دەیداتە کۆمەڵگا شتێکی تێدا نیە کە جێگەی شەرمەزاری بێت؟

ئەو بە کۆمەڵگا دەڵێت:

"دەبێت کارم بدەنێو کارێکی باشیش. من خۆم بێئەقڵانە پیشەسازییەکم هەڵبژاردوە کە لە سەدا دەی دەبێتە زیان. خۆ ئەگەر باجێکی بیست فرەنکی بدەن بە تەنگەی هاوڕێیانی هاوولاٌتیمداو منیش لەو باجە ببورن، ئەوا زیانەکەم دەبێتە قازانج. قازانج مافەو ئێوەش بەو مافە قەرزاری منن."

ئەو کۆمەڵگایەی گوێ لەم درۆزنە دەگرێتو بۆ ڕازی کردنی باج بەسەر خۆیدا دەسەپێنێت، کۆمەڵگایەك کە تێناگات لەوەی سڕینەوەی زیان لە پیشەسازییەکدا هەر زیانە چونکە دواجار دەدرێت بە کۆڵی پیشەسازییەکی تردا – دەڵێم ئەوها کۆمەڵگایەك شایەنی ئەوەیە کە بار بکرێت."

لێرەوە لە سەرجەم ئەو بابەتانەوە کە لێی دوام دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر هیچ لە ئابوریی سیاسی نەزانیت، ئەوا بە دەرئەنجامە هەنوکەییەکانی دیاردەیەك چاوبەست دەکرێیت بەلاٌم ئەگەر لە ئابوریی سیاسیدا شارەزا بیت ئەوا سەرجەمی دەرئەنجامەکان بە هەند وەردەگریت، واتە هەنوکەیی و دوورەکانیش.

دەمتوانی لێرەدا بابەتگەلێکی تریش بخەمە نێو دووتوێی ئەم وتارەوە بەلاٌم دواجار لەبەرئەوەی بەلگە هێنانەوەکان هەمیشە هاوشێوە دەبن و ئەمەش جاڕسکەرە بریارم دا لەو کارە بگەڕێمەوە و بە چەسپاندنی ئەوەی (چاتیو بڕایند) سەبارەت بە مێژوو دەیلێت بەسەر ئابوری سیاسیدا کۆتایی بە وتارەکەم بهێنم:



لە مێژوودا هەمیشە دوو ئەنجام هەیە: یەکێکیان هەنوکەییە و لە ساتە وەختی ڕوودانی ڕووداوەکەدا هەستی پێدەکرێت، ئەوی د یکەیان لە سەرەتادا تێبینی ناکرێت. ئەم دووانە زۆربەی جار پێچەوانەی یەکترن. یەکەمیان لە ژیریی کورت خایەنمانەوە سەرچاوە دەگرێت بەلاٌم دوەمیان لە ژیریی درێژخایەنەوە دێت. ئەو ڕووداوانەی کە سەرچاوەکەیان لە دەرەوەی مرۆڤە دوابەدوای ئەو کارانە د ێن کە مرۆڤ پێیان هەڵدەستێت. لە پشت مرۆڤەوە خودا هەیە.

چۆن دەخوازیت نکوڵی لە ژیریی بالاٌ بکە و بڕوا بە کارەکانی مەهێنە، چۆن دەخوازیت مشت و مڕ لەسەر ووشە بکە و وەك خەڵکی ناوی بنێ"هێزی سروشت" یان"ئەقڵ" بەلاٌم دواجار لە کۆتایی هەر کارێکی ئەنجام دراو بڕوانە کە لە دەستپێکدا لەسەر بنەمای ڕەوشت و دادپەروەری بنیات نەنرابێت، دەبینیت هەمیشە ئەم کارە پێچەوانەی ئەوەی بەرهەم هێناوە کە لە سەرەتادا خوازراوە.

## پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| سەرنجو دەسپێك | چرای ئازادی | ٣ |
| وتەیەك دەربارەی باستیا | فرێدریك هایك | ٥ |
| یاسا | فریدریك باستیا | ١١ |
| ئەوەی دەبینرێتو ئەوەی نابینرێت | فریدریك باستیا | ٩٣ |